# پڕۆژەی (100) ناملیکەی فەلسەفی
## 2015 - 2016

## دەزگای ئایدیا بۆ فکرو لێکۆڵینەوە

سەرپەرشتیاری پرۆژە
ئەنوەر حسێن (بازگر)

ستافی پرۆژە:
د.لوقمان ڕەئوف - ئەرسەلان حەسەن
باوان عومەر - زریان محەمەد

2016

پڕۆژەی (100) نامیلکەی فەلسەفی

# ئاشنابوون بە سیمۆن دیبۆڤوار

وەرگێڕانی
کۆمەڵێک نوسەر

2016

خاوەن ئیمتیاز: دەزگای ئایدیا
لێپرسراوی دەزگا: ئەنور حسێن

وەرگێڕانی: کۆمەڵێک نوسەر
تایپ: کەیوان عومەر - کاوان عەبدولرەحمان - نیاز کەمال - نیاز جەمال
دیزاین: ئاکام شەمسەدینی
چاپ: چاپخانەی دلێر
تیراژ: 1000 دانە
ساڵی چاپ: 2016
نرخ: 1500 دینار
شوێنی چاپ: سلێمانی - کوردستان
نۆبەتی چاپ: چاپی یەکەم
لەبڵاوکراوەکانی: **دەزگای ئایدیا** بۆ فکر و لێکۆڵینەوە

www.ideafoundation.co
info@ideafoundation.co
idea@ideafoundation.co
www.facebook.com/dezgai.idea
053 330 0391 - 0770 195 5044

لە بڵاوکراوەکانی دەزگای ئایدیا
زنجیرە (98)

# گفتوگۆی ئەلیس شوارتزر لەگەڵ سیمۆن دیبۆڤوار و ژان پۆل سارتەر

له فارسییەوه: ئەرسەلان حەسەن

## سەد ساڵی سیمۆن دیبۆڤوار و نهێنیەکانی ژیانی لەگەڵ ژان پۆل سارتەر

ئــەوەی دەیخوێنینەوە گفتوگۆیەکە، کە (Alice Schwarz) رۆژنامەنوسی ناسراوی ئەڵمانی، لەبارەی وردەکاری ژیانی سارتەر و دیبۆڤوار لەگەڵیدا کردوون. جگەلەمەش لەم گفتوگۆیەدا کۆمەڵێک پرسیار خرانەڕوو، کە بەردەوام زۆربەی رۆشنبیرانی ئاشنا یان پەیوەست بە روانگەکانی ئەو ژن و مێردە ئایدیالخوازە کردویانە.

ئەلیس شوارتزر بە روانگەی فێمێنیستی ناسراوە و لە دایکبوی (1942)ەو لە ساڵی 1972 تائێستا لە بڵاوکراوەی (EMMA)دا پەرە بە روانگە فێمێنیستیەکانی دەدات. ئەگەر سیمۆن دیبۆڤوار نەمردبا، نەک ئەو بەتەنیا، بەڵکو هەموو فێمێنیستەکان ئاهەنگی سەد ساڵەیان دەگێڕا، بەڵام ساڵی 1982 مرد و کۆتایی بە 6 ساڵ دابڕانی لەگەڵ سارتەر هێنا.

ئەم دوو ئەدیب، فەیلەسوف، کۆمەڵناس، ئەگزیستانسیالیستی فێمێنیستییە، ساڵی 1929 یەکترییان ناسی و هەر زوو بەیەکەوە کەوتنە داوی خۆشەویستییەوە. ماوەی 51 ساڵ، واتە تاساڵی 1980 کە سارتەر مرد، ئاشقانە بەیەکەوە ژیان، بەڵام هاوسەرگیریان نەکرد، نە بەمانای کۆمەڵایەتی بەڵێنی ئەخلاقییان هەبوو، نەمنداڵیشیان بوو.

پاش دووساڵ دیبۆڤوار کتێبە بە ناوبانگەکەی «رەگەزی دوەم»ی بڵاوکردەوە، کە بە مانفێستی فێمێنیستەکان ئەژمار دەکرێت و هەراوهۆرییایەکی

له جیهاندا نایەوە، تا ئێستاش بەردەوامە. دەوترێت کە ئاشنایی سیمۆن دیبۆڤوار لەگەڵ «نیلسۆن ئالگرن»ی نوسەری ئەمریکی، گرنگترین پزیسکی نوسینی «رەگەزی دووەم» بووە. دیبۆڤوار بۆخۆی دەڵێت: بۆ یەکەمجار ئۆرگازمی تەواوی بە مانای راستەقینە لەگەڵ نیلسۆن ئالگرن، ئەزموون کردووە و ئەم ئەزموونە لای پزیسکێک بوو تا هەموو ئەو نایەکسانیانە بسەلمێنێت، کە لە پاشخانی زەینیدا خەو بردبونیەوە. هەرچۆنێک بێت سارتەر ساڵی 1980، کە سێ ساڵ لە سیمۆن دیبۆڤوار گەورەتر بوو، مرد و پاش 6 ساڵیش سیمۆن مرد، کە بە تەنیشت سارتەرەوە لە گۆڕستانی پاریس بە خاکییان سپارد.

ئەلیس شوارتز: سەرەتا دوو قسەی تۆ دەهێنمەوە، سیمۆن. ئێوە نوسیوتانە: «ژیانم گەورەترین بەرهەممە» و « دیدارم لەگەڵ سارتەر بەرجەستەترین یادەوەری ژیانمە». هەنوکە تەمەنت چل ساڵە، کە هاوسەرگیریت کردووە، بەڵام هاوکات هەوڵتداوە بە گومانەوە سەیری ماناو مەفهومی هاوسەرگیری بکەیت و بەوشیوەیە نەژیت، کە ئەوانی دیکە دەژین و گوێ بە شتەکانی وەک خاوەندارێتی، ئێرەیی، وەفاداری و تاک هاوسەری(Monogamy) نەدەیت. زۆربەی خەڵک رەخنە لە شێوازی ژیانت دەگرن، بەڵام زۆری دیکە هەوڵدەدەن لاساییت بکەنەوە. بتەوێت یان نەتەوێت، هەرچۆنێک بێت بوویتە ئایدیالێک، سەرمەشق بۆ زۆربەی ژن و مێردەکان، بە تایبەت بۆ ژنان، ئەوان پەیڕەوی لە تیۆرەکان، کارەکان و ژیانی ئێوە دەکەن. لەم روانگەیەوە حەزدەکەم چەند پرسیارێکت لەبارەی پەیوەندی تایبەتیتان پێکەوە لێبکەم. پێش هەمووان حەزدەکەم لە تۆ، ژان پۆل سارتەر و تۆ، سیمۆن، بپرسم: ئایا ئەو راستییە لەو راستییە گرنگتر نییە، کە ئێوە قەت بەیەکەوە لە ماڵێکدا نەژیاون و هاوسەرگیریتان نەکردووە؟

سیمۆن دیبۆڤوار: بێگومان، چونکە ئەوەی ناوی دەنێن پەیوەندی

ئازاد، هەمان هەلومەرجی هەبێت، کە هاوسەرگیرییە. ئەگەر ژن و مێردێک ژیانێکی هاوبەشیان هەبێت و بەردەوام پێکەوە نانبخۆن – دیسانەوە ژنێک رۆڵی خۆی وەک ژن دەبینێت. دۆخێکی لەوچەشنە لە هاوسەرگیری جیاواز نییە، بەڵام ئێمە بە پێچەوانەوە شێوازێکی ژیانی زۆر لاستیکیمان هەیە و هەندێکجار وامان لێدەکات، لە بنمیچێکدا بژین، بێ ئەوەی تەواوو پێکەوە بین. بۆ نموونە کاتێک کە زۆر گەنج بووین لە ئوتێلدا دەژیاین، لە ریستۆرانت نانماندەخوارد، هەندێجار بەیەکەوە، جاری واهەیە لەگەڵ هاوڕێیان، کاتی پشوشمان بەیەکەوە بەسەر دەبرد، بەڵام دیارە هەمودەمێک نا، بۆ نمونە من حەزدەکەم بە پێ بڕۆم، بەڵام سارتەر نا، بۆ؟ خۆم بە تەنیا دەڕۆیشتم و ئەو لەگەڵ هاوڕێکانی بوو. ئەمجۆرە ئازادییە کە ئێمە لە ژیاندا بۆخۆمان پاراستبوو، هۆکارێکی زۆر کاریگەر بووە، کە ئەولایەنەی ئیفلیجکەری هاوسەرگیری نەتوانێت لە نێوانماندا رووبدات. پێموایە ئەوە بۆخۆی هۆکارێکی زۆر لە و راستییە گرنگتر بووە، کە پێکەوە هاوسەرگیری بکەین.

ئەلیس شوارتزر: بە پێی نوسینەکانت لە کتێبی یادەوەریتان لە خۆم دەپرسم، کە ئایا ئێوە دەتانویست هاوسەرێک رەتبکەنەوە، یان زیاتر ئارەزوت لە وەبوو مافی ئەولەویەتی رەها بدەیتە خۆتان، کە هەر کەسێکی سێیەم لەم پەیوەندیەدا رۆڵی مام ناوەندی هەبێت؟

سیمۆن دیبۆڤوار: بۆچی، بەهەمانشێوە !

ژان پۆل سارتەر: بۆچی، بەڵام قسە هەڵدەگرێت. ئەمە هەر ئەو شتەیە، کە تووشی وتنی قسەگەلی دژ بەیەک و ناسازگارت دەکات لەبارەی ژنان، چونکە ئەوان دەیانەوێت رۆڵی سەرەکییان هەبێت.

سیمۆن دیبۆڤوار: مانای ئەوەیە کە کەسە سێیەمەکان لە ژیانی من و سارتەر، لەسەرەتاوە دەزانن، کە لەم بارەیەوە پەیوەندی لەوچەشنە هەیە و

هەموو ئەوکەسانە دەکەونە بەر گوشار، کە لەگەڵ ئەوان لە پەیوەندی دابن. زۆرجار ئەم بابەتە بۆ ئەوان هێندە سازگار نەبووە. لە راستیدا پەیوەندیمان ئائەندازەیەک بۆ ئەم کەسی سێیەمە دەسەپێنرێت. بەمەش دەکرێت رەخنە لەم پەیوەندییە بگریت؛ چونکە هەر ئەو پەیوەندییە، هەندێجار پێویستی دەکرد، کە مرۆڤ لەبەرامبەر ئەوانی دی نەتوانێت هێندە ورد و درووستبێت.

ئەلیس شوارتزر: بەمەش پەیوەندینان فشار لە ئەوانی دی دەکات؟

سیمۆن دیبۆڤوار: بەڵێ، بە وردی.

ئەلیس شوارتزر: ئەوە بڕیارە – ئەگەر بڕیارێکی لەوچەشنە دراوە – کە خاوەنی منداڵ نەبن؟ یان رەنگە بۆ هەردووکتان کارێکی بەڵگەنەویست بووە؟

سیمۆن دیبۆڤوار: بۆمن تـەواو بەڵگە نەویست بوو. دیـارە نەک بەوهۆیەی کە حەزم لە منداڵ نییە... کاتێک کە زۆر گەنج بووم و بڕیارمدا لەگەڵ «ژاک»ی ئامۆزام ژیانێکی ئاسایی هاوسەرگیری دەست پێ بکەم، ئاساییە کە بیرم لە منداڵیش کردبۆوە، بەڵام پەیوەندیم لەگەڵ سارتەر بە شێوەیەک بوو – لە سەر ململانێی رووناکبیرانە بوو، نەک گرێبەست، خێزانی، یان شتێکی دیکە – کە من هەرگیز حەزم نەکردووە منداڵم هەبێت. هێندە پێمخۆش نەبووە، کۆپیەکم لە سارتەر هەبێت؛ ئەوم بە تەنیا بەس بوو! – پێمخۆش نەبوو، کە کۆپیەکی خۆشم هەبێت – من بۆخۆم بەس بووم. نازانم ئایا وەڵامی پرسیارەکەی تۆ دراوەتەوە یان نا؟

ژان پۆل سارتەر: کاتێک کە گەنج بووم، لە راستیدا بیریشم نەکردبۆوە ببمە خاوەنی منداڵ.

ئەلیس شوارتزر: زۆرجار دەوترێت مرۆڤ لە داهاتوودا، کاتێک کە زۆر درەنگ بووە، لە بڕیاردانێکی وا پەشیمان دەبێتەوە. دیارە ئەم بابەتە زیاتر لە بارەی ژنانەوە دەوترێت. ئایا سائێکی لەوچەشنە لە ژیانی تۆدا هەیە، سیمۆن؟

سیمۆن دیبۆڤوار: هەرگیز! قەت داخم بۆ ئەوە نەخواردووە، کە نەبومە خاوەنی منداڵ، چونکە نەک تەنها لە پەیوەندیم بە سارتەر، بەڵکو تەنانەت چانسێکی زۆرم لەگەڵ هاوڕێکانی تردا هەبووە. تەواو بە پێچەوانەوە، کاتێک پەیوەندی ژنانی دیکە بە منداڵەکانیانەوە و لە هەمووان زیاتر بە کچان دەبینم، دەزانم کە لە راستیدا شتێکی جوان نییە و خۆشحاڵم بەوەی کە توانیومە خۆم لەوە رزگار بکەم.

ئەلیس شوارتزر: سەرسامم بە وەی کە ئێوە پێکەوە «بە یەکەوە» دەدوێنم. ئێوە هەردووکتان – پێنج ساڵ دوای مانگی ئازاری 1968 – کەم وزۆر سەر بە جوڵانەوەی شۆڕشن و ئەوشێوەیەی کە لەم شۆڕشەدا باوە، لەو هەموەدا یەکتری «تۆ» دەدوێنن. بۆچی یەکتری «ئێوە» نادوێنن و بایەخی ئەوە بۆ ئێوە چییە، ژان پۆل سارتەر؟

ژان پۆل سارتەر: باشە، ئەوە من نەبووم دەستم بەمە کردووە، سیمۆن دیبۆڤوارە کە پێمدەڵێت «ئێوە»، منیش رەخنەم نەگرتووە و ئەمڕۆ تەواو خوم پێوەگرتووە. من لەمەودوا ناتوانم پێیبڵێم «تۆ» – سەرئەنجام لەم کارەدا سەرکەوتووە.

سیمۆن دیبۆڤوار: بەڵێ، هەمیشە بۆمن کێشە بووە، کە بە ئەوانی دی بڵێم «تۆ»، نازانم بۆچی. لەگەڵ ئەوەشدا بە باوک و دایکم دەڵێم «ئێوە» و رەنگبێت ئەوە بۆخۆی توانای وتنی «تۆ»م بە ئەوانی دی بداتێ. باشترین هاوڕێم «زازا»، بە هەموو هاوڕێیانی دەوت «تۆ»، بەڵام بە من «ئێوە»، چونکە پێمدەوت: «ئێوە». ئەمڕۆ بە باشترین هاوڕێم «سیلڤی» دەڵێم «ئێوە»، ئاڕادەیەک بە هەمووان دەڵێم «ئێوە»، جگە لە یەک دووکەس، کە «تۆ» وتنیان بە سەردا سەپاندوم. من بە «سارتەر» دەڵێم ئێوە. دیارە ئاشکرایە کە ئێمە دوای 1968، پاش ئەو هەموو ساڵە، کە خومان پێوە گرتبوو، بە وتنی «تۆ» بە یەکدی، نەمانتوانی رۆڵی شۆڕشگێڕێک ببینین...

ئەلیس شوارتزر: ڕێچکەی ژیانتان چۆنە؟ بۆ نموونە، ئایا ئێوە بەردەوام راستی بە یەکتری دەڵێن؟

ژان پۆل سارتەر: هەستدەکەم بەردەوام راستیم وتووە، بەڵام خۆی لەخۆیدا ئەم کارەم کردووە. پێویستی نەکردووە لەم بارەیەوە پرسیارم لێ بکەی. دیارە مرۆڤ بەردەوام یەکسەر وانالێت، لەوانەیە هەشت، یان چواردە رۆژ درەنگتر بیلێت، بەڵام سەرئەنجام مرۆڤ هەمووشتێک دەلێت، لانیکەم من دەیلێم! و ئێوە...

سیمۆن دیبۆڤوار: منیش بەهەمانشێوە، بەڵام پێموایە ناکرێت رێسایەک لەم بابەتە دابناشی. ئەم مەسەلەیە بە کردەوە بۆمان ئاشکرابوو، ئێمە رووناکبیرین و تەواو بە وردی دەزانین – بە هەمانشێوە کە سارتەر وتوویەتی – جیاوازی ناکات مرۆڤ ئەمڕۆ یان هەشت رۆژی تر راستی بڵێت، یان لە دەربڕیندا سەرقافڵە بێت و لەمجۆرانە .... بەڵام ناکرێت هەموو هاوسەرەکان رابسپێریت هەمیشە بە توندوتیژی راستی بۆ یەکتری دەربڕن.

تەنانەت هەندێکجار راستی وتن، دەبێتە چەکێکی توند – زۆرجار پیاوان سودی لێوەردەگرن. ئەوان نەک تەنیا هاوسەرەکانیان تەفرە دەدەن، تەنانەت چێژ لەوبابەتە وەردەگرن، کە پێیاندەڵێن، زیاتر بۆئەوەی بەهۆی پەیوەندی ئاشکرایان لەگەڵ ئەوانی دیکە شانازی بە خۆیانەوە بکەن. نیازم نییە بە هایەکی تایبەت بۆ وشەی «حەقیقەت» دابناشم، گەر مرۆڤ بتوانێت هەمووشتێک بەخۆی بڵێت، کامەرانییە، بەڵام ئەومەسەلەیە بە تەنیا بەهای نییە.

ئەلیس شوارتز: دەمەوێت پرسیارێکی رواڵەتیت لێبکەم، بەڵام پێموایە گرنگە و لەبارەی ئەو لایەنەی کرداری ژیانتە. زۆرجار لە نێوان هاوسەرەکان، پارە رۆڵێکی گەورە دەبینێت. مەسەلەی مادی رۆڵی پڕ بایەخییان هەیە. ئایا پارە لە نێوان ئێوەدا رۆڵی هەیە؟

ژان پۆل سارتەر: لە نێوان ئێمەدا نەخێر. مەبەستت ئەوەیە، کە پارە بۆهەریەکەمان زۆرگرنگە، بۆ هەردووکمان، زۆرجار بۆ هەردووکمان پێکەوە، چونکە مرۆڤ دەبێت بژی، بەڵام قەت بۆ ئێمە مەسەلەیەک نەبووە و هیچ جارێک کاری لە پەیوەندیمان نەکردووە. ئێمە پارەمان هەیە، یان هەریەکێکمان کە پارەمان هەیە بەشیدەکەین . یان پارەمان بەشدەکرد، یان لە یەکدی جیابووین.

سیمۆن دیبۆڤوار: کاتێک کە گەنج بووین، سارتەر میراتێکی زۆر کەمی لە نەنکی بۆ بە جێمابوو، ویژدانم نارەحەت نەبوو، کە خەرجی بکەم و هەردووکمان بتوانین سەفەر بکەین. ئێمە قەت یاسایەکی تایبەتی و قسەیەکمان بۆ ئەوکارە نییە. هەندێکجار ناچاربووم راستەوخۆ بە پارەی سارتەر بژیم و ئەوسەردەمە دوو سێ ساڵ دوای شەڕ بوو، چونکە دەمویست بنوسم – پێموایە کتێبی «رەگەزی ئەوی دی» بوو. ئەگەر ئەو سەردەمە کارێکیشم بۆخۆم دەدۆزیـەوە – چونکە لە خوێندن دووركەوتبومەوە – نەمدەتوانی بیکەم و ئەوسەردەمە سارتەر زۆر دەوڵەمەند بوو. ئەم مەسەلەیە نارەحەتم ناکات. پێش چەند ساڵێک، باری ژیانی خراپ بوو، ئەمجارە من فریای کەوتم. لەم بارەیەوە مەسەلەیەکمان نییە. پارەماڵی یەکێکی تریشە، تەنانەت گەر حساب و کتابی داراییشمان لێکجیابێت و پێویستی بە پاشەکەوت نەبێت.بە پارەکەم ئارەزوم لە هەرچی بێت دەیکەم و ئەویش بە هەمانشێوە، بەڵام بە مانایەک هەردوو پارەکە یەکە.

ئەلیس شـوارتـزر: حـەزدەکـەم جارێکی دیکە بە کورتی باسی پێکەوەژیان بکەم. ئێوە بڕیارتانداوە، کە لە شوێنێکی هاوبەش پێکەوە نەژین. ئایا ئەمجۆرە ژیانە، تەنیا تایبەت بەوکەسانە نییە، کە لە ئیمتیازاتی مادییان هەیە؟

ژان پۆل سارتەر: پێموایە بۆچی.

سیمۆن دیبۆڤوار: دیارە زۆر دەوڵەمەند نەبووین و هەریەکەمان موچەی مامۆستایەتیمان وەردەگرت، دەیتوانی خەرجی شوێنێکی ژیان، ئوتێل دابینبکات، بەڵام گەر مرۆڤ داهاتی باش نەبێت، زۆرکێشەیە بتوانێت قەرەبووی ئەو هەموو خەرجییە بکاتەوە. بیرۆکەی ژیانی بەجیا لەوەوە هات، کە ئێمە هەردووکمان نەماندەویست خۆمان گیرۆدەی ماڵێک بکەین. ئێمە لە هۆتێل دەژیاین. لە راستیدا نەمدەتوانی خەیاڵی بوونی خانویەکیشم هەبێت. لە و سەردەمەدا ئێمە نەک تەنها ئارەزومان نەدەکرد پێکەوە بژین، بەڵکو لە راستیدا نەماندەویست لە شوێنێک نیشتەجێ بین.

ئەلیس شوارتزر: بەڵام سەردەمێک بوو، کە ئێوە لە هۆتێلێکدا بەیەکەوە دەژیان؟

سیمۆن دیبۆڤوار: ئۆی، بەڵێ.

ژان پۆل سارتەر: ئۆی، بەڵێ.

سیمۆن دیبۆڤوار: بەڵێ زۆر زیاد و تارادەیەک هەمیشە لە هەمان هۆتێل، هەندێکجار لە نهۆمی جیاو جاری وایە لە ژوورێکی وانێنی راڕەوی هەمان ئوتێل، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا سەربەخۆیی تەواومان هەبوو.

ئەلیس شوارتزر: کاتێک مرۆڤ پەیوەندیەکی وا نزیکی لەگەڵ کەسێک هەبێت، لە بەرامبەردا کاریگەرییان بەسەر یەکەوە دەبێت. ئایا دەکرێت ژان پۆل سارتەر، یان سیمۆن، پێمبڵێن چ کاریگەریەکتان لەسەریەک هەبووە؟

ژان پۆل سارتەر: دەڵێم ئێمە کاریگەری تەواومان لەسەریەک هەبووە.

سیمۆن دیبۆڤوار: بە پێچەوانەوە، پێموایە ناوی کاریگەر نابێت، بەڵکو دەبێت پێیبوترێت (Osmoses).

ژان پۆل سارتەر: چۆنت پێخۆشە. لەبارەی هەندێک لە پرسیارەکان بۆ نموونە، نەک تەنها لەبارەی پرسیاری ئەدەبی، بەڵکو تەنانەت لە بارەی مەسەلەی ژیانیش، کە بڕیارێک پێکەوە دەدەین، مەرجی سەرەکییە و هەریەک کار لەوی دیکە دەکات.

سیمۆن دیبۆڤوار: بەڵێ، راست ئەوە ناودەنێم «ئۆسمۆز». پێکەوە بڕیارەکان دەدەین و فکرەکانیش تاڕادەیەک پێکەوە پەرە و گەشەدەکەن. بەم شێوەیە جاری وایە سارتەر دەمخاتە ژێرکاریگەری خۆیەوە. بۆ نموونە زیاتر لە هەمووشتێک لە فەلسەفەی کۆڵیوەتەوە و فکرە فەلسەفییەکانیم قبوڵکردووە. ئەم کاریگەرییە هی ئەوە. شتەکانی دیکە پەیوەندی بەخۆمەوە هەیە. وەک نموونە شێوازی تایبەتی ئەم جۆرە ژیانە و شێوەی سەفەرکردنمان لەم بارەیەوە، پێداگری من کاریگەر بووە. بۆ نموونە کاتێک کە پارەمان نەبوو، سەفەر کێشەی بۆ دەخوڵقاندین، لە ژێر هەلومەرجێکی لەم چەشنەدا، سارتەر بە خۆشییەوە سەفەری دەکرد، بەڵام ئەوە لە خۆبووردووییە کە لێیم چاوەڕێ دەکرد - لە فەزای کراوەدا خەوتن، پیاسەکردن و... - نایباتەسەر.

ئەلیس شوارتزر: زۆرتر چۆن کاردانەوەتان لە بەرامبەر بابەتێکی لەم چەشنە نیشانداوە؟ روبەڕووی دەبنەوە؟

ژان پۆل سارتەر: نا، من کارێکم ئەنجامدەدا، کە دەبوایە ئەنجامبدەم.

سیمۆن دیبۆڤوار: ئۆی، ئەو ڕێبازی تایبەتی بۆ بەرگری لەخۆی هەیە. ئەو شوشە بچوکەکەی حەبەکانی لەگەڵ خۆی دەبرد، یان بەرگەیناگرێت...، بەڵام بە گشتی کارێکی دەکرد، کە دەبێت بیکات. شتێکی تریش هەبوو، کە نەدەبوایە ئەوە بەدەسەڵاتی هەڵە وەریبگرێت. مەبەستم ئەوەیە، نەریتی ئێمە بوو، کە هەرچیەکمان دەنوسی، نیشانی یەکتریمان دەدا. هەرچیم نوسیووە سارتەر رەخنەی لێگرتووە و تاڕادەیەک هەرچیەکی نوسیبێت، بە چاوی رەخنەوە لێمڕوانیووە. هەندێکجار یەک بیروڕامان نەبووە. لەبارەی هەندێک

کتێبەوە پێیوتوم: پێموایە لەم بارەیەوە سەرکەوتوو نابێت. واباشە وازی لێ بێنێت... بەڵام من بەردەوام بووم. هەندێجار پێمدەوت لەوباوەڕەدام کە باشترە لە ئەدەب بکۆڵییەوە، تا فەلسەفە - ئەمە سەردەمێک بوو، کە من زۆر گەنج بووم، بەڵام ئەو لەکارەکەی بەردەوام دەبوو. سوپاس بۆخوا! لەگەڵ ئەو یەکگرتوییە، هەریەکەمان سەربەخۆین.

ئەلیس شوارتزر: ئایا ئەمڕۆ، پاش ئەو ئەزموونە دوورودرێـژە لەوباوەڕەدان، کە توانیوتانە تائەندازەیەک - ناڵێم تەواو - خۆت لەچنگی پەیوەندی ئاسایی نێوان کۆمەڵانی خەڵک و ژن و بینینی رۆڵی هاوتا لەگەڵیدا رزگار بکەن؟

سیمۆن دیبۆڤوار: پێموایە ئەم شێوە ژیانە، پێویستی بەوە نییە زۆرجار رۆڵی مێینە ببینم، کە هەڵمان بژاردووە. بیردێنمەوە، کە تەنیا جارێک ئەو رۆڵەم بینیووە، کاتی شەڕ بوو، دەبوایە کەسێک بە دوای بژێوی ژیان و بلیتی گەشت و هندا دەڕۆیشت و کەسێک چێشتلێنەری دەکرد. دیارە بەڵگە نەویستە، کە من ئەوکارەم دەکرد، نەک سارتەر، چونکە ئەو بەهۆی پیاو بوونی لەم بارەیەوە قەت نەیدەتوانی هیچ بکات، بەڵام زۆرجار سەروکارم لەگەڵ زۆر پیاواندا هەیە، بە تایبەت لەگەڵ هاوڕێیەکی زۆربـاش، لەم بارەیەوە ئەو ئەوکارانەی دەکرد، چونکە بە شێوەیەکی تر پەروەردە ببوو. کەم و زۆر بۆخۆی زۆربەی کارە داراییەکانی دەکرد. بۆخۆی ماڵداری دەکرد و زۆرجار لۆبیام لەگەڵ ورد دەکرد و شتم دەکڕی و لە مجۆرانە. پێموانیە ئەم دۆخە پەیوەندی بە پەیوەندی نێوان من و سارتەرەوە هەبێت - بۆچی کە ئەو بەهەمانشێوە بوو - بەڵکو زیاتر بەهۆی بێتوانایی سارتەر بوو، بەڵام ئەم بابەتە، بەهۆی پەروەردەی پیاوانەوە بوو، کە لە هەموو کارێکی ماڵەوە دووری دەخستەوە. پێموایە تەنیا دەیزانی هێلکەوڕۆن بکات.

ژان پۆل سارتەر: بەڵێ، لە مجۆرانە.

ئەلیس شوارتزر: ئەو ژنانەی حەزدەکەن لانیکەم ژن بە رزگار بوو ببینن، رستە گەلێکییان لە کتێبەکەی ئێوەدا دۆزیوەتەوە، کە بۆتە هۆی سەرلێشێوانیان... بۆ نموونە لەو شوێنەی کە ئێوە باسی پەیوەندیتان لەگەڵ «ئۆلگا» دەکەن، دەنوسی: «من دڵتەنگ بووم» یان «تورە بووم» یان شتگەلی لە مجۆرە «بەڵام سارتەر زۆری خۆشدەویێت، بۆیە هەوڵمدا لە روانگەی ئەوەوە سەیری مەسەلەکان بکەم، چونکە سازشم لەگەڵ سارتەر لە هەر هەلومەرجێکدا زۆر گرنگ بوو.» یادگاریەکی تریش لەبارەی ئێوە، ژان پۆل سارتەر، کاتێک کە لە شەڕ دەگەڕایەوە، دەتوت سیمۆن، ئێستا کاتی سیاسەت بازییە. تۆ نوسیت:»کەوایە سیاسەت بازییمان کردووە.»

سیمۆن دیبۆڤوار: پێموانیە شتی وام وتبێت، چونکە ژنێکم. زۆربەی هاوڕێکانم کە زۆر دڵگران و پەشۆکاو بوون و نەیاندەزانی دەبێت چ بکەن، ڕێک هەمان کاردانەوەیان هەبوو، کە من هەمبوو، ڕێگەیاندا رازییان بکەن . ئەوە ڕێک ئیمتیازێکی ئەوە و ئەو هەمیشە ئاگای لە تواناکانە – کە هەندێکجار نەشیاو دەبن، بەڵام ئەو هەمیشە توانایەک دابیندەکات. سەرباری نەک تەنیا من، بەڵکو ئاڕادەیەک هەموو هاوڕێ گەنجەکانمان، یان هاوڕێیانی هاوتەمەن و ساڵی ئێمە شوێنکەوتەی ئەو بوون. هێزی زاڵبوون و لە سەرتربوونی ئەو وەک کەسێک بوو، کە لە گرتووخانە گیرابێت. بەمەش پەیوەندی ئەو، هێندەی پەیوەندی نێوان ژن و مێرد نەبوو. بۆ رستەی یەکەم، من هەمیشە بە نیازم لەهەموو بوارەکاندا لەگەڵ سارتەر بگونجێم. بەڵێ گرنگترین مەسەلە، ئەمە بۆ من بەردەوام پابەندیەک بوو. نازانم ئایا بۆ ئێوە....

ژان پۆل سارتەر: بۆ منیش بە دڵنیاییەوە وابوو.

سیمۆن دیبۆڤوار: پێموانیە، کە ئێوە هێندە لە ئێمە دوورکەوتبنەوە.

ئەلیس شوارزر: ئایا ئێوەش هەمان رستە دووبارە دەکەنەوە؟

ژان پۆل سارتەر: بەڵێ، بە دڵنیاییەوە.

ئەلیس شوارتزر: پێش دوو ساڵ، سیمۆن کەم و زۆر پەیوەندیت بە بزوتنەوەی ژنانەوە هەیە، پاشان قسەی لە بارەوە دەکەین. ئێستا دەمەوێت هەلەکە بە دەرفەت بزانم و لە ئێوە و ژان پۆل سارتەر، بپرسم: بۆچوونتان لەبارەی سەربەخۆیی و ئازادیخوازی ژنانەوە چییە؟

ژان پۆل سارتەر: مەبەستتان لە «سەربەخۆ»چییە؟

ئەلیس شوارتزر: خەباتی ڕێکخراوەکان، یان گرووپەکانی ژنان، بێ پیاو؟

ژان پۆل سارتەر: ئەوەی پەیوەندی بە نێوان ژن و مێردەوە هەیە، لەگەڵ بۆچوونی سیمۆن دیبۆڤوار هاوڕاین، بەڵام ئەوەی پەیوەندی بە ڕێکخراوەکانی ژنانەوە هەیە بێ پیاو، زۆرجار لە خۆم دەپرسم کە ئایا شتێکی وەها پێویستە؟ لەم ساتەدا ناتوانم بڕیاری لە بارەوە بدەم، چونکە دەزانم خەباتێکی لەوچەشنە بۆ ژنان پێویستە، بەڵام لە خۆم دەپرسم، ئایا ئەم میتۆدەی خەباتە درووستە، ئایا شێوەیەکی دیکە لە خەبات کە پیاوانیش تێیدا بەشداربن، نییە؟

سیمۆن دیبۆڤوار: بەڵام هەرگیز پیاوان وەک ژنان بیرناکەنەوە.

ژان پۆل سارتەر: تۆ هەمیشە ئەم بابەتەت پێوتووم.

سیمۆن دیبۆڤوار: بەڵێ، بە وردی.

ژان پۆل سارتەر: دەبێت دانی پێدابنێیت، کە لەم بارەیەوە متمانەت پێم نییە.

سیمۆن دیبۆڤوار: تەنانەت تۆ کە لە روانگەی تیۆری و ئایدۆلۆژیەوە، پێشڕەوی رزگاری ژنانی؛ سەرەڕای قبوڵی ناکەیت کە ژنان – منیش لەگەڵیاندا – ناویدەنێین ئەزموونی ژنان. چەند مەسەلەیەک هەیە، کە تۆ نێیناگەیت. بۆ نمونە ئەوەی «ئەلیس» بەم دوایە لەم بارەیەوە، کە چیدیکە بە هۆی

زۆر بۆهێنان، ناتوانێت لە شەقامەکانی رۆما پیاسەبکات، وتراوە بەشێک لە ئەزموونی ئێوە وەک پیاوێک نییە. کاتێک ئەم بابەتەم بۆ باسکردیت وتت: «ئەوقسانە پەیوەندیەکی وایان بەمنەوە نییە، کە بۆمی باسدەکەی، چونکە لە بەرامبەر ژناندا قەت دۆخی پەلاماردانم نییە.»

ئەلیس شوارتزر: بەڵام وەڵامەکەت کۆنەپەرستانەیە. ئایا دەشێت بڵێیت: «بوونی چین، هێندەش خراپ نییە، چونکە من، ژان پۆل سارتەر، قەت زوڵمم لە کرێکارێک نەکردووە؟»، ئێوە هەرگیز زات ناکەن بۆچوونێکی لە وچەشنە دەرببڕن؟

ژان پۆل سارتەر: بەڵام نموونەکەی ئێوە رێک لەگەڵ مەسەلەکە نایەتەوە.

سیمۆن دیبۆڤوار: لەگەڵ ئەوەشدا هێندە لە مەسەلەکە دوورنییە. تەنانەت بۆ نیاز باشترین پیاویش کێشەیە، بە تایبەت لەبەرەی سارتەر، چونکە مرۆڤی گەنجتریش دەناسم، 35 ساڵ لە بەرامبەر هێرشی پەلاماردەرانە، بە شێوەیەکی هەستیار کاردانەوە نیشاندەدەن - کە زوڵم و ستەم بۆ ژنانی هاوتەمەنی خۆیان رەوابێت، بەڵام بیردەکەمەوە بابەتێکی تریش هەیە: کاتێک کە گەنج بووم، نەکەوتوومەتە بەر پەلامارێکی لەوچەشنە. بە رواڵەت پیاوان تا ئەندازەیەک گۆڕاون. پێموایە مەسەلەی«رزگاری» ژنان بۆتەهۆی ئەوەی کە پیاوان زیاتر لە رابردوو دۆخی دووژمنکارانەیان بۆ ژنان هەیە و لە چاو سەردەمی ئێمە، دەستدرێژیکەرتر، تەنگ پێهەڵچنتر، پلارتێگرتر و بێزارکەرتر بوون.

ئەلیس شوارتزر: ژان پۆل سارتەر، تۆ وتوتە کە لەبارەی مەسەلەی ژنانەوە لە روانگەی تیۆرییەوە هاوڕای سیمۆن دیبۆڤواری. بەمەش ئێوە قبوڵتانە، کە سیستەمی کۆمەڵایەتی و پیاوان، رێگە بەجۆرێک چەوسانەوەی تایبەتی ژنان دەدەن. گەر هەڵە نەکەم، تیۆری سیاسی و کاری ئێوە، ماف

دەداتە چەوسێنەران، مەبەست ئەوەیە ئێوە قەت هەق بە خۆتان نادەن، کە ئەرک بۆ کرێکارێک دیاریبکەیت، بەوەی چ رەفتارێکی هەبێت، یان دەبێت چۆن خۆی رێکبخات، کەوایە چۆن دەشێت مەسەلەی ژنان تا ئەم ئەندازەیە بۆ تۆ ئاشکرا نییە؟

ژان پۆل سارتەر: پێویستە سەرەتا بڵێم، کە سیمۆن دیبۆڤوار لەم بارەیەوە زێدەڕۆیی دەکات، لە راستیدا ئەو ئەزموونەم نییە، کە بزانم مانای بە سووک سەیرکردنی ژن چییە، چونکە من پیاوم، بەڵام هەرجارێک کە ژنانی دەوروپشتم بۆم باسدەکەن، کە لەماوەی رۆژی بوونە قوربانی بە چەشنێک راوەدوونراوون، تەسلیم دەبم. لەم بارەیەوە ئەزموونێکم دەستەبەر کردووە، کە بۆم دەشێت، نەتوانم بە وردی ئەزموونی ئێوەم هەبێت، بەڵام من ئەزموونی مرۆڤێکم هەیە، کە مرۆڤەکانی دیکەی خۆشدەوێت و باوەڕیوایە بەشێوازێکی ناشایستە رەفتارییان لەگەڵ دەکرێت. لەم بارەیەوە بەسە. لە راستیدا ئێوە چیتان دەوێت؟

ئەلیس شوارتز: پێش پێنج ساڵ لە ئەمەریکا و وڵاتانی تری خۆرئاوا، ژنانێک هەن کە لە جوڵانەوەی شۆڕشگێڕی بە شدارن و ئەنجامگیرییەک لە ئەزموونەکانیان دەکەن، بە دەربڕینێکی دیکە، ژنانێک هەن کە لە ئامادەیی پیاوان، تەنانەت نیازپاکترینیان (چونکە ئەوچەشنە پیاوانە هەن) ئازایەتییان لە دەستدەدەن: ستراکتۆری زۆرجوانی سەروەری هەیە، کە وادەکات ژنان لە بەردەم پیاوان نەتوانن خۆیان لە دەستییان رزگار بکەن، بۆیە جارێکی دیکە دووبارەی دەکەمەوە، سەرسام بەوەی کە تۆ وەڵامێکی روونت بۆ داواکاری و مافەکانی ژنان نییە، بۆ هێنانەکایەوەی گرووپێکی سیاسی. ئەمە تەنیا سەردەمێکی پەڕینەوەیە لە قۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکی دیکە، نەک ئامانجی کۆتایی؟

ژان پۆل سارتەر: لەو باوەڕەدام کە ژنان بە کردەوە راوەدو دەنرێن و پیاوان زۆر هەوڵدەدەن، بە هەمانشێوە کە سیمۆن دیبۆڤوار باسیکردووە، وەک رەگەزێکینر رەفتار لەگەڵ ژنان بکەن. پشتڕاستی دەکەمەوە، کە دەبێت ئەوچەشنە گرووپانە هەبێت. من تەنیا وتومە بە باوەڕی من، ئەو گرووپانە مافی بابەت ئەدا ناکەن، کە هەمیشە بە تەنهایی لە دەوری یەک کۆدەبنەوە. دەبوایە کۆمەڵێک دانیشتن بکرێت، کە پیاوانیش بتوانن بەشداری تێدا بکەن، ئەوە مەسەلەیەکی تایبەتییە پەیوەندی بە وەوە نییە، کە وترا. مەبەستم ئەوەیە کە ژنان بە کردەوە - چۆنی پێتان خۆشبێت - چەوساوانی لە جۆری تایبەتیین. ئەم مەسەلەیە پەیوەندی بە کرێکارانەوە نییە و چەوساندنەوەی ئەمانیش هاوشێوەی چەوساندنەوەی پیاوان نییە. کرێکار بەشێوەیەکی تایبەتی دەچەوسێنرێنەوە و ژن بە رێگەیەکی دیکە، تەنانەت گەر ئەوان کرێکاریش نەبن! نە شێوەی ئەم چەوساندنەوەیە، هاوشێوەی ئەوی ترەو نە سنورو کەوشەنەکەی. بەم شێوەیەیە کە من باوەڕم بە پەیوەندی نێوان ژن و پیاو، یان پیاو و ژن - چۆنی حەزدەکەی - بە کردەوە پەیوەندیەکی چەوسانەوەیە، بەڵام نازانم چیم پێدەکرێت کە جگە لەوە مەسەلەکە بەم شێوازە ئاشکرابکەم.

سیمۆن دیبۆڤوار: من ناچارم بۆی زیاد بکەم، کە لە “Liberation” بانگەوازێکی باشی لای هاوڕێکانی کردووە بۆ نموونە قەناعەتییان پێبکات، کە لە رۆژنامەکانیاندا کار بدەنە ژنان و بۆ مەسەلەکانیان دڵسۆزبن، وەک نموونە ئەم رۆژنامانە لە بارەی لە باربردنی کۆرپەلە بابەتی بە سودییان چاپکردوە، تەنانەت ئەو هەوڵیداوە، کە ئەوان لە دەمارگیری دووربخاتەوە. دژی دەمارگیری هاوڕێ گەنجەکانی خەباتی کردووە، چونکە زۆربەیان کەم و زۆر تەواو رادیکاڵ بوونیان، مرۆڤی دەمارگیرن.

ئەلیس شوارتزر: زۆربەی خەڵک وەک یارو یاوەری سارتەر دەتناسن،

بەڵام هەرگیز سارتەر وەک یارو یاوەری سیمۆن ناوی نەبراوە. ئایا ئەم جیاوازییە کاری لە پەیوەندیتان نەکردووە؟ ئایا ئەم مەسەلەیە دڵتەنگی نەکردوون، تووڕەی نەکردوون، گران لە سەرت ناکەوێت؟

سیمۆن دیبۆڤوار: ئەم مەسەلەیە بە هیچ جۆرێک کاری لە پەیوەندی من و سارتەر نەکردووە. ئەوە کەمتەرخەمی سارتەر نییە. سەرباری ئەمانە رێی کاریشی لێنەگرتووم، چونکە تا ئەندازەیەک بەوە توانیوومە سەرنجی ئەوانی دیکە بۆخۆم رابکێشم و پەیوەندی کەسی بە ژنان، یان خوێنەرانەوە ببەستم، کە نوسیوومە. ئاشکرایە کە هەندێجار لە رەخنەیەکدا دەمخوێندەوە، ئەگەر من روبەڕووی سارتەر نەبمەوە، هەرگیز تەنانەت وشەیەکیشم نەدەنووسی؛ یان سارتەر رەوتی ئەدەبی منی دیاریکردووە؛ بەوشێوەیەی کە هەندێک وتوویانە - سارتەر هەموو کتێبەکانی منی نوسیووە، دیارە ناڕەحەت دەبووم.

ئەلیس شوارتزر: تۆ، ژان پۆل سارتەر، لە بەرامبەر ئەم تۆمەتانە، چ کاردانەوەیەکت هەیە؟

ژان پۆل سارتەر: گاڵتەجاڕانە دێتە پێش چاوم. هەرگیز دژی ئەم جۆرە بابەتانە نەبووم، چونکە ئەوەی وتراوە، لە دەنگۆیەک زیاتر نەبووە و لەم بارەیەوە وتارێکی شێلگیرانەیان نەنوسیووە. وەک خۆم جیاوازی ناکات - نەک لەبەرئەوەی وەک من پیاوم و ئاگام لە پیاوبوونی خۆمە، بەڵکو بەم هۆیەی وەک ئەوەی دەوترێت، دەنگۆ بوو، هیچ بایەخێکی نییە. قەت ئەم دەنگۆیە، وەک نیگەرانیەک سێبەری بەسەردا نەکردووین.

ئەلیس شوارتزر: بەدحاڵیبونێکی زۆر لە بارەی چەمکی فێمێنستی هەیە. پێناسەتان بۆ فێمێنیست چییە؟

سیمۆن دیبۆڤوار: لە بیرمە لە کۆتایی کتێبی «رەگـەزی دووەم» باسمکردووە، کە من ئەنتی فێمێنیستم، چونکە وام بیردەکردەوە بە گەشەکردنی کۆمەڵگە لە رەوتی سۆسیالیزم، کێشەی ژنان بۆخۆی چارەسەر

دەبێت. فێمێنستەکان ژنان، یان پیاوانێکن کە بە بێ چاوەڕوانی گۆڕانکاری حەتمی لە تەواوی کۆمەڵگەدا، خەبات بۆ مافەکانی ژنان دەکەن. بەم تێگەیشتنە من هەنوکە فێمێنسنم، چونکە قبوڵمە کە خەبات لە پانتایی سیاسی خێرا بە گەیشتن بە ئامانج کۆتایی نایەت. بەمەش دەبێت ئێمە پێش گەیشتن بە سۆسیالیزمی ئایدیالی خۆمان، بە ئاقاری گەیشتن بە پێگەیەکی دیار و بابەتی خەبات بۆ ژنان بکەین.

سەرباری ئەوە، لەوباوەڕەدام کە لە وڵاتانی سۆسیالیستی، ژنان و پیاوان لە مافەکانیاندا یەکسان نین. مەسەلەیەکی تر کە بە بۆچوونی من بۆ زۆرێک لە ژنان، بەیەکێ لە هۆکارەکانی پێکهاتنی بزوتنەوەکە ئەژماردەکرێت، بوونی جیاوازی قوڵی نێوان ژنان و پیاوانە لە گرووپەکان و رێکخراوە چەپەکان و لە بنچینەدا شۆڕشە. بەردەوام نزمترین، تاقەت پڕووکێنەرترین و بێ بایەخترین دراوەتە ژنان، لە کاتێکدا پیاوان هەمیشە نەیانتوانیووە وتارێکی لەوچەشنەیان هەبێت، وتار بنووسن. چالاکی سەرنجڕاکێش ئەنجامبدەن و مەترسیدارترین بەرپرسیەت بگرنە ئەستۆ. تەنانەت لە چوارچێوەی ئەو گرووپە چەپانەش، کە بۆ بەرگری لە مافەکان و ئازادی ژنان و لاوان درووست بوون، ژن وەک بوونەوەرێکی بێ بەها دەمێنێتەوە. بەمەش پێویستە کە ژنان بۆخۆیان چارەنووسی خۆیان بگرنە دەست و دیارییکەن.

ئەلیس شوارتزر: لە قۆناغی ئێستادا بگرەو بەردەکان بۆچوونتان لەبارەی وەلانانی پیاوان لە چالاکی دەستەجەمعی ژنان چییە، واتە پەیامگیر کە لە نێوان زۆرینەی چالاکوانانی ئەم بوارە، هەروەها لە فەرەنسا گەشەی کردووە؟

سیمۆن دیبۆڤوار: بەڵێ، من تا ئاستێکی زۆر لەگەڵ دروووخستنەوەی پیاوانم لە چالاکی ژنان. لێرەدا مەسەلەی سەرەکی قۆناغێکە کە تێیداین. بەڵگەی زۆر بۆ ئەو ئیدیعایە هەیە: لە زۆر بواردا دەبێت چاوەڕێی ئەوەبین،

که پیاوانیش له چوارچێوەی ئەو گروپانەدا، نەتوانن خۆ له کاردانەوە و کردەکانی پیاوانەیان بەدوور بگرن. ئەوان دەیانەوێت قسه بکەن و بڕیار بدەن. مەسەلەیەکی زۆر گرنگ ئەوەیە، که ژنان لەم گرووپانەدا روبەڕووی هاوسەر، یان هاوڕێیانی خۆیان، یان کەسانێک دەبنەوە، که پەیوەستییەکی زۆریان پێیانەوە هەیە، چونکه له بنچینەدا ناچاردەبن، خۆیان له پەیوەستییان رزگار بکەن...

ئەلیس شوارتزر: تۆ چ توانایەکی بابەتی بۆ رزگاری ژنان دەبینی؟ تواناکان زۆرتر کەسیین، یان دەستەجەمعی؟

سیمۆن دیبۆڤوار: دەبێت وەک هەنگاوی یەکەم، ژنان له دەرەوەیماڵەوە کاربکەن. له هەنگاوی دووەمدا، پێویسته له کاتی گونجان خۆ له هاوسەرگیری بەدوور بگرن، چونکه ئەم کاره مەترسی هەیه لەسەریان، بەڵام بوونی ئەوکارە، که بۆ سەربەخۆییان گرنگ ئەژماردەکرێت. من ئەوە دەکەمە راسپاردە بۆ هەموو ئەو ژنانەی، که له وبارەوە دەپرسن. ئەوە مەرجی پێویسته که رێیان پێدەدات له کاتی پێویست له هاوسەرەکانیان جیاببنەوە. به هەبوونی کار دەتوانن خەرجی خۆیان و منداڵەکانیان دابینبکەن و بەبێ وابەستەیی ژیانیان بەڕێوەببەن... باش دەزانم که ئیش له کۆمەڵگەی ئەمڕۆدا، نەک رزگاربوون نییە، بەڵکو مرۆڤ به خۆی نامۆ دەکات، بەڵام له کۆتاییدا دەبێت ژنان یەکێ له نێوان ئەم دووجۆرە - خود - نامۆبوون هەڵبژێرێن. ماڵداری یان کار له دەرەوەی ماڵ! لەگەڵ ئەوەشدا کاری داهات هەبوو، یەکەم مەرجی سەربەخۆیی ژنه...

**بۆ فارسی: هوشنگ طاهری**

**سەرچاوە: ماهنامەی سخن**

# سیمۆن دیبۆڤوار

**لە فارسییەوە: ئەرسەلان حەسەن**

سیمۆن دیبۆڤوار لە 9ی حوزەیرانی 1908، بە ناوی سیمۆن ئارنستین لوسی ماری بێرتراند دیبۆڤوار، لە خێزانێکی مام ناوەندی بۆرژوا لە پاریس لەدایکبووە. کاتێک سیمۆن تەمەنی دوو ساڵ و نیو بوو، خوشکەکەی هۆڵن (پاپێ)، هاتەدنیاوە. باوکی ئەوی بە شاکارە ئەدەبییەکان ئاشناکرد و زۆر هۆگری شانۆ بوو، هەر ئەویش لە منداڵییەوە سیمۆنی هاندا بۆ کتێب خوێندنەوە.

سیمۆن تا 17 ساڵی، چووە قوتابخانەی تایبەتی کچانەی کاسۆلیک. لە 17 ساڵی بۆ ماوەی دوو ساڵ، واتە تا چونی بۆ سۆربۆن، لە دامەزراوە باوەڕپێکراوەکان، تاقیکردنەوەی بیرکاری، ئەدەب و زمان، ئەدەبی فەرەنساو لاتینی، بڕوانامەی باڵای وەرگرت. ساڵی 1927، لە سۆربۆن فەلسەفەی خوێندو بڕوانامەی باڵای مێژووی فەلسەفەی گشتی، یۆنانی و لۆژیک و ساڵی 1928، بڕوانامەی باڵای زانستی ئاکار و سۆسیۆلۆژی و دەروونناسانەی وەرگرت. دوا نامەی خوێندنی لە بارەی (لایبنیتز) نوسی و لە تاقیکردنەوەی ئەگرگاسیۆنی فەلەسەفە دا، دووەم بوو، بەمەش پاوڵ نیزان و جان هیپۆلیتی تێپەڕاند. ژان پۆل سارتەر لەو تاقیکردنەوەیەدا یەکەم بوو، کە بۆ دووەم جاربوو بەشداریدەکرد.

هەموو ئەمانە لە پۆلەکانی ئامادە بۆ تاقیکردنەوەی ئەگرگاسیۆن لە خوێندنگەی باڵای ئەکۆل نۆرماڵ «بە ناوبانگترین زانکۆی فەرەنسا، کە ئەوکاتە ژنان بۆیان نەبوو لەوێ بخوێنن»، بەشداریانکردووە و هەموویان

خوێندکاری فەرمی خوێندنی باڵا بوون. سیمۆن دیبۆڤوار خوێندکاری فەرمی خوێندنگەی باڵا نەبوو، بەڵام بەشداری پۆلەکانی کرد و لە 21 ساڵی سەرەڕای سەرکەوتنی لە ئەگرگاسیۆنی فەلسەفەی خوێندنگەی باڵا، توانی ناونیشانی گەنجترین مامۆستای فەلسەفە، تا ئەو مێژووەش بەدەستبێنێت.

هەر لەو خوێندنگەیە بوو سارتەر و هاوڕێیانی نزیکی رینیە ماهیو و پۆڵ نیزانی ناسی، کە بوونە هاوڕێی دێرینە، هاوڕێیەتی و پەیوەندی سیمۆن بە سارتەرەوە، وەک پەیوەندی دەگمەن لە مێژوودا تۆمارکراوە. ساڵی 1931 تا 1943، لە دواناوەندی فەلسەفەی دەوتەوە.

ساڵی 1941 کە پاریس داگیرکرا، دەوڵەتی نازی، سیمۆن دیبۆڤواری لە کارەکەی لابرد و ساڵی 1943 بە هۆی ناڕەزایی باوک و دایکی و ئۆلگا کوسا کیویز(خوێندکارێکی ناجدی دواناوەندی و لەکاتی ناسینی سائەر، قوتابی فەلسەفەی سیمۆن دیبۆڤوار بوو. لە کتێبی بەرەو ئازادی سارتەر، کارەکتەری ئیڤیچ هێمایەکە بۆ ئۆلگا. و. ف) لە کارەکەی داهاتووشی دەرکرا.

ئۆلگا ماوەیەک پەیوەندی لەگەڵ سارتەر هەبوو، کتێبی (ئەو هات کە بمێنێتەوە)ی سیمۆن دیبۆڤوار لەبارەی هەمان مەسەلەیە، کە لە گروپی (ئەگزیستانسیالیزمی کلاسیک) ریزبەندیدەکرێت و مەسەلەی بژاردەی دنیای پووچ شرۆڤەدەکات و پێشکەش بە ئۆلگا کۆسا کیویز کراوە.

ساڵی 1941 تا 1943، ساڵەکانی داگیرکردنی پاریس، سیمۆن دیبۆڤوار رۆمانی(خوێنی ئەوانی دیکەی) نوسی، کە گوایە بە رۆمانی ئەزمونگەرا دادەنرێت و وەک یەکێک لە گرنگترین رۆمانەکانی ئەگزیستانسیالیزمی بەرگری فەرەنسا ناسراوە.

ساڵی 1945 لەگەڵ سارتەر، مرلۆپۆنتی، ریمۆن ئارون و رۆشنبیرەکانی تر، گۆڤاری دەستی چەپی بە ناوی «سەردەمی نوێ»ی بڵاوکردەوە، کە سەر بە هیچ باڵێک نەبوو، تێیدا سیمۆن دیبۆڤواریش وتاری دەنوسی و

هەڵەچنیشی دەکرد. ئەو گۆڤارە و مەسەلەی بەڵێنی سیاسی رۆشنبیران، مەیدانی سەرەکی رۆمانی (ماندارنەکان)ی (1945)ە، کە بۆ سیمۆن دیبۆڤوار، بەرزترین خەڵاتی ئەدەبی فەرەنسای، گنکۆری بە دیاریهێنا.

سیمۆن دیبۆڤوار لە ساڵی 1949، دەرئەنجامی لێکۆڵینەوە و توێژینەوەی خۆی لە دوو بەرگدا، بە ناوی (رەگەزی دووەم) بڵاوکردەوە، کە پووختەکەی ساڵی 1948، لە «سەردەمی نوێ»دا بڵاوکراوەتەوە. هەرچەند پێش بڵاوکردنەوەی ئەو کتێبە، خۆی بە فێمێنیست نەدەزانی، پاشان تاکۆتایی تەمەنی، بە کەسایەتییەکی بەناوبانگی فێمێنیستەکان مایەوە. سیمۆن دیبۆڤوار لەم کتێبەدا لێکیدەداتەوە، کە ژنەکان، بە ژن لە دایک نابن، بەڵکو لەلایەن پیاوان و دنیای پیاوانە، کە بە خەرمانەیەک درۆی ئاڵۆز دەیانپێچنەوە، ژنان «دروست» دەبن و لەو پلەبەندییەشدا، پیاوان لە خەرمانەیەکی ئاڵۆزدا، بۆ ئەوی دیکە دەگۆڕێن.

کتێبی (رەگـەزی دووەم) کە هێشتا سـەرچـاوەی توێژینەوەیە، فێمێنستەکان و رۆشنبیران پێشوازی لێدەکەن و باڵەکانی چەپ و راست، پەلاماری بێویژدانانەی دەدەن.

سیمۆن دیبۆڤوار، وردە وردە تا ساڵی 1976، یادەوەرییەکانی لە پێنج بەرگدا بڵاوکردەوە. لە راستیدا کتێبەکە چوار بەشە و بەشی سێیەم (بەزۆری) لە دوو بەش (دوای شەڕ) و (سەردەمی سەخت) پێکهاتووە و لە دوو بەرگی جیادا بڵاوکراوەتەوە.

سەرباری کتێب، وتار، نامیلکە و کۆمەڵە کورتە چیرۆکەکان، کتێبێکی لە دوو بەرگدا لەبارەی بە ساڵداچوونی نوسیووە، کە رەفتاری کۆمەڵگەی لەبارەی ساڵمەندانی تێدا ئیدانەدەکات.

سیمۆن دیبۆڤوار لەو کۆمەڵە فەیلەسوفانەیە، کە لە سەردەمی ژیانی خۆیان بە ناوبانگ بوون. ناوبانگیەکەی بەهۆی بەرهەمەکانی و پەیوەندی

لەگەڵ سارتەرەوەیە. سیمۆن دیبۆڤوار دەڵێت «زۆربەی بیروباوەڕەکانی هی خۆیەتی و لە بنچینەوە لە بیروباوەڕی سارتەر جیاوازن و بێویژدانییە، کە تەنیا بە پەیڕەوی قوتابخانەی فەلسەفی سارتەری بزانن»

سارتەر کتێبی (بوون و نەبوون)ی لە ژێر کاریگەری سیمۆن دیبۆڤوار دا نوسیووە، لێکۆڵەران دوای مردنی هەردووکییان، زۆر هێمایان لە بەرهەمەکانی سارتەر دا دۆزیوەتەوە، کە توانای هزری سیمۆن دیبۆڤوار پیشاندەدات.

سارتەر، ساڵی 1980 مرد. ساڵی 1981، سیمۆن دیبۆڤوار بە یادی هاوڕێ و یاری ژیانی، کتێبی (ماڵئاوایی لە سارتەر)ی نوسی.

لە 14ی نیسانی 1984، سیمۆن دیبۆڤوار بەهۆی تووشبوونی بە نەخۆشی سییەکانەوە مرد و لە گۆڕستانی مۆن پرێنس، لە تەنیشت سارتەر بە خاکسپێردرا.

سیمۆن دیبۆڤوار بۆ چاوپێکەوتن، منی بە ژان ژنیە و ژان پۆل سارتەر ناساندبوو، بەڵام بۆخۆی گومانی هەبوو، کە چاوپێکەوتنی لەگەڵدا بکەم: (بۆچی دەبێت لە بارەی منەوە قسەبکەین، پێتوانییە لە سێ بەرگ کتێبی یادەوەریمدا «بەرگی چوارەم، ساڵی 1976 بڵاوکراوەتەوە - و. ف»وەک پێویست باسی خۆم نەکرد بێت؟) تێپەڕین، بە چەند نامە و چەند جار قسەکردن، توانیم قەناعەتی پێبکەم، پاشان بەومەرجەی (زۆر دوورودرێژ نەبێت.)

چاوپێکەوتنەکە لە ژوورێکی گەورە و هەتاوگر لە ستۆدیۆی میسی دیبۆڤوار، لە شەقامی شیلشەر مۆن ترێنس ئەنجامدرا، کە هەم ژووری دانیشتنە و هەم وەک ژووری خوێندنەوەیە. لێرەوە تا تەلاری سارتەر، بە پێ پێنج خولەک رێگەیە، دۆڵابی کتێبەکان لەوپەڕی سەرسامی، بە کتێبی کەڵەکەکراو، ئاخنراوە. دەڵێت: «گرنگترین کتێبەکان لای هاوڕێکانمە کە

نەیانهێناوەتەوە» سەر مێزەکە پڕە لە شتی ڕەنگاوڕەنگ، کە لە سەفەری جیاجیا کڕیویەتی، تاکە کاری گرانبەها لەژوورەکەدا چرایەک بوو، ڕەفەی بۆ درووستکردبوو. لاپەڕەکانی گرامافۆن لە ژوورەکەدا پەرتوبڵاو ببوون، کە لەو کۆمەڵە رازێنەرەوانە بوو، خاتوو دیبۆڤوار بە شایانی خۆی دەزانی.

سەرباری رووخساری کلاسیکی، سوور و سپی تەڕ و تازە و دوو چاوی شینی زولاڵی تابلێی جوان و بە شەوقیەتی، کە سیمۆن دیبۆڤوار مرۆڤ دەخاتە ژێرکاریگەری خۆیەوە. مرۆڤ پێیوایە هەموو شتێک دەزانێت و دەبینێت، کە کەمێک دەبێتە هۆی شەرمکردن. قسەکردنی بەردەوام، رەفتاری بێ پێچ و پەناو ناتوندوتیژ و کەموزۆر روو بە پێکەنین و هاوڕێیانە.

**مەدیلین گابێل - پاریس** ریڤیو **- 1965**

**وەرگێڕی ئینگلیزی: بێرنارد فرچمەن**

o لە 7 ساڵی رابردوو، یادەوەریەکانت دەنوسی. هەمووجارێک لە کتێبەکانتدا بیر لە کار و خوێندنی خۆت دەکەیتەوە. کاریگەری کتێبەکانت بەسەر منەوە ئەوەیە، کاتێک باوەڕی ئاینیتان نەما، دەستت بە نوسین کرد؟

● رێک و راست فێڵبازی، لێکۆڵینەوە لە رابردووی کەسێک ئاسان نییە، هۆگریم، بۆ نوسین پەیوەندی بەپێش ئەوانەوە هەیە. بە هەشت ساڵی چیرۆکم دەنوسی، بەڵام زۆربەی منداڵان دەنوسن. ئەوە بەڵگەی توانای نوسین نییە. رەنگە بکرێت بوترێت، چونکە باوەڕی ئاینیم نەما، پێشوازیم لە ئارەزوی نوسین کرد. سەرباری ئەوەی زۆر کتێبم دەخوێندەوە، کە بە قوڵی رایاندەچڵەکاندم، کنومت ئاشەکەی قەراخ رووباری فلۆبس، زۆرم حەز لێبوو، وەک جۆرج ئەلیۆت بم، کەسێک بم کە کتێبەکانی دەخوێننەوە، کەسێک کتێبەکانی خوێنەر دەهەژێنێت.

o ئەدەبی ئینگلیزی کاریگەری بەسەرتەوە هەبووە؟

● لە منداڵییەوە هۆگری خوێندنی زمانی ئینگلیزی بووم، کۆمەڵەی ئەدەبی منداڵان لە زمانی ئینگلیزیدا زۆر لە زمانی فەرەنسی زیاترە. عاشقی ئەلیس لە وڵاتی سەیرو سەمەرەکان، پیتەر پان و رۆزامۆند لیمن بووم.

o وەڵامێکی نەرێنی؟

● بەڵێ، عاشقی ئەو کتێبە بووم، لە کاتێکدا کە تائاستێک ئاشکرایە. کچێکی لە نەوەی من کتێبێکی لەوچەشنە دەپەرستێت. هەر کچەو خۆی لە (جوامێری)دا دەدیت. تاڕادەیەک کتێبەکە وریایانە، تەنانەت تائاستێک زیرەکانەیە، بەڵام بۆخۆم، خۆزگەم بۆ ژیانی زانکۆی بەریتانیا دەخواست. لەگەڵ خێزانەکەمدا دەژیـام، ژووری تایبەتم نەبوو. لە راستیدا هیچم نەبوو، کەوایە بەم بارودۆخە ناکرێت بڵێی بژاردەم نەبوو. ژیانی تایبەتی لەو کتێبەدا رێپێدراو بوو، کە پێموایە بەشکۆ دیار بوو. نوسەر تەواوی خەیاڵکردنەوەی کچە نەوجەوانەکانی دەزانی: کوڕیژگەی جوانی رواڵەت گوماناوی و لەمجۆرە، پاشان برونتە و ڤێرجینیا وۆڵفم خوێندەوە: ئۆرلاندۆ، خاتوو داڵڤی، شەپۆلەکانم زۆر پێخۆش نین، بەڵام لە هۆگرانی هەمیشەی کتێبەکانی لەبارەی (ئەلیزابێت بارت برانینگ)م.

o ئەی یادەوەری رۆژانەت؟

● نا، زۆرم پێخۆش نییە. زۆر ئەدەبی نوسراوە هەیە سەرنجڕاکێشە، بەڵام بەلامەوە نامۆیە. وۆڵف زۆر نیگەرانی چاپی کتێبەکانی و قسەی خەڵک بوو. من ژوورێکیانم زۆر پێخۆش بوو. لەم کتێبەدا باسی پێگەی ژنان دەکات. کورتە وتارێکە، بەڵام نیشانەکەی پێکاوە. زۆرباش شیدەکاتەوە، کە بۆچی ژنان ناتوانن بنوسن. ڤێرجینیا وۆڵف لە هەموو نوسەرانی ژن زیاتر سەرنجم رادەکێشێت. تائێستا وێنەکانیت دیتووە، رووخسارێک، بەشێوازێکی ناوازە تەنیا ... لە روویەکەوە ڤێرجینا وۆڵف بەلامەوە زیاتر هەوڵدەدات، لەوەی

کاغەز کۆبکاتەوە بۆ کتێب. کۆکردنەوەی کاغەز بەسەریەکەوە زۆر گرفتاری مەسەلەی گچکەی عیشق، ماڵداری، شۆردن و ئاژەڵەکانیەتی. مەسەلەی ڤێرجینیا وۆڵف زۆر فراوانە.

o کتێبە وەرگێڕدراوەکانیت خوێندۆتەوە؟

● نا، بە ئینگلیزی. ئینگلیزیەکەم بۆ خوێندنەوە باشترە لە قسەکردن.

o بۆچوونتان لەبارەی خوێندنی کۆلێژ و ئەکادیمی بۆ نوسەرێک چییە؟ تۆ خوێندکارێکی نایابی سۆربۆن بووی و هەموو چاوەڕوانن کاری نائاساییت لە وانە وتنەوەدا هەبێت؟

● خوێندنم زانـیاری رواڵـەتـی فەلسەفەی پێ بەخشیوم، بەڵام هۆگریمی بۆ فەلسەفە کێشکرد. مامۆستایی کەڵکێکی زۆری بۆم هەبوو، واتە کاتێکی زۆرم بۆ خوێندنەوە، نوسین و وانە خوێندنەوە تەرخانکرد. ئەوکاتە مامۆستاکان بەرنامەی زۆر قورسیان نەبوو. خوێندن پێگەمی بەهێزکردبوو، چونکە بۆ قبوڵکردن لە تاقیکردنەوە، دەبێت زۆر مەیدان ئاشکرا بکەیت، کە لە چوارچێوەی مادەی خوێندندا نییە. ئەو میتۆدە ئەکادیمیانەی خوێندم، بە تایبەت بۆ نوسینی رەگەزی دووەم، بە کەڵکم هات و لە ئێکرای توێژینەوەکەم سوودی هەبوو، واتە خێرا چاوێک بە کتێبەکاندا بگێڕی و کورتی بکەیتەوە.

o مامۆستایەکی باش بووی؟

● پێموانییە، چونکە تەنیا خوێندکارە زیرەکەکانم خۆشدەویست و هەر ئاوڕم لە ئەوانی دی نەدەدایەوە، لە کاتێکدا مامۆستای باش، دەبێت پەیوەندی لەگەڵ هەموو خوێندکاران خۆش بێت، بەڵام لەوانە وتنەوەی فەلسەفە بە کەڵک نایەت. هەمیشە چوار پێنج خوێندکار هەیە، کە بەشداری باسەکە دەکەن و ئەوانی دیکە هەرگیز بەلایەنەوە جیاوازی ناکات، منیش زۆر خۆم پێوە ماندوو نەدەکردن.

o تۆ تا 35 ساڵی، 10 ساڵ بوو دەتنوسی، بێ ئەوەی بڵاوبکەیتەوە، نائومێد نەدەبووی؟

● نا، چونکە لە سەردەمی ئێمەدا، لە تەمەنی گەنجی بڵاوکردنەوەی بابەت، نائاسایی بوو. دیارە یەک دوو کەس بوون، وەک (رادیگە) بلیمەت بوو. سارتەر بۆخۆشی تا تەمەنی 35 ساڵی کە (ئێڵنج و دیوار)ی بڵاوکردەوە، هیچی بڵاونەکردبۆوە. کاتێک ئاڕادەیەک یەکەم کتێبی شایانی بڵاوکردنەوەم نێپەڕی، کەمێک نائومێد بووم. کاتێک یەکەم گێڕانەوەی (هات کە بمێنێتەوە) تێپەڕی، هەستێکی زۆر ناخۆشم هەبوو، پاشان بیرم کردەوە، پێویست ناکات پەلەبکەم. زۆر نوسەر هەبوون، کە درەنگ دەستییان پێکرد. هەموو بەردەوام ناوی ستاندال دێنن، کە تا 45 ساڵی دەستییان بە نوسین نەکرد.

o کاتێک رۆمانەکانی سەرەتاییت دەنوسی، لە ژێر کاریگەری نوسەرە ئەمەریکییەکان بووی؟

● لە کتێبی (ئەو هات کە بمێنێتەوە)، بە تەواوی لە ژێر کاریگەری هەمنگوای بووم، چونکە ئەوە ئەو بوو، کە سادەیی دەمەتەقێ و بایەخی شتی وردیلەی ژیانی فێرکردین.

o نەخشەیەکی ورد بۆ نوسینی رۆمان دەکێشیت؟

● نا، بۆخۆت باشتر دەزانی. بە 10 ساڵ نوسینی رۆمانێک و هەر ئەوماوەیەش کارکردن لە سەر یادەوەرییەکان، ناگونجێت. بۆ نمونە کاتێک (ماندارنەکان)م نوسی، کەسایەتیەکان و کەشوهەوای بوارەکەیم دروستکرد و وردە وردە نەخشەکە پێکهات، بەڵام بە گشتی، زۆر پێشتر دەست بە نوسینی چیرۆکەکە دەکەم، کە نەخشەکە تووشی زەحمەت و گرفتار بوون بێت.

o خەڵک دەڵێن زۆر بە بەرنامەیت، تەنانەت رۆژێکیش بەبێ کارکردن ناگوزەرێنی. کاتژمێر چەند دەست بە کارەکانت دەکەی؟

● هەمیشە پەلەمە. چیت لێ بشارمەوە، حەزناکەم بەرەبەیانیان

بنوسم. سەرەتا چا دەخۆمەوە، پاشان نزیکەی کاتژمێر 9 ڕێدەکەم، تا کاتژمێر یەک کاردەکەم، پاشان هاوڕێکانم دەبینم و کاتژمێر 5 دەگەڕێمەوە سەر کارەکەم تا کاتژمێر 9. حەزم لە کارکردنی پاش نیوەڕوانیشە. کە تۆ ڕۆیشتی، ڕۆژنامەکان دەخوێنمەوە و ڕەنگە بازاڕبکەم. زۆرکات کارکردن ئاموبۆی خۆی هەیە.

o کەی سارتەر دەبینی؟

●شەوانەو هەندێکجار نیوەڕۆیان. زۆرجار دوانیوەڕۆیان لە ماڵی ئەوان کاردەکەم.

o بەلاتانەوە زەحمەت نییە لەم تەلارەوە بچی بۆ ئەو تەلارە؟

●نا، چونکە کتێبی ئەکادیمی نانوسم، هەموو کاغەزەکانم پێیە و دەکرێت لەوێش باش کار بکەی.

o یەکسەر مێشکت چڕدەکەیتەوە؟

●زیاتر پەیوەندی بەوەوە هەیە دەینوسم. ئەگەر کارەکە بەباشی بەرەوپێش چووبێت، چارەکێک یان نیوکاتژمێر، نوسینەکانی ڕۆژی پێشتر دەخوێنمەوە و چەندجارێک پێیدادەچمەوە، پاشان هەر لەوێ درێژەی دەدەمێ. بۆ دەستپێکردنەوە دەبێت نوسینەکانی پێشتر بخوێنمەوە.

o هاوڕێ نوسەرەکانیشت هەمان خوویان هەیە؟

●نا، ئەو مەسەلەیە زۆر شەخسییە. بۆ نمونە ژنییە تەواو جیاوازە. 6 مانگی تەواو دوازدە کاتژمێر لە ڕۆژێکدا دەینوسی، پاشان کە کتێبەکە تەواوبوو، شەش مانگ هیچ ناکات. بە هەمانشێوە کە وتم ڕۆژانە دەنوسم، جگە لە دوو سێ مانگ پشوو، کە دەچمە سەفەرو زۆرجار لە سەفەرەکەم هەرگیز نانوسم. بە درێژایی ساڵ زۆرکەم دەخوێنمەوە، هەربۆیە کە دەچمە سەفەر جانتایەکی گەورەی پڕ لە کتێب لەگەڵ خۆم دەبەم، ئەو کتێبانەی کاتم نییە بیان خوێنمەوە، بەڵام ئەگەر سەفەرەکەم مانگێک، یان مانگ و

نیوێک بێت، هەست بە ناڕەحەتی دەکەم، بە تایبەت ئەگەر لە مەودای نێوان دوو کتێب دابم. لە بێکاریدا بێتاقەت دەبم.

o ئایا هەمیشە نوسخەی یەکەمتان دەستنوسی خۆتانە؟ چۆن سەریان لێ دەردەکەیت؟ (نیلسۆن الجرنونی) نوسەری ئەمەریکی دەڵێت « کۆمەڵە مرۆڤێک هەیە، کە دەتوانن خەتی تۆ بخوێننەوە».

● لە تایپ نازانم، بەڵام دوو تایپیستم هەیە، کەلە خەتەکەم دەگەن. دوای دواپاکنوس، کۆپی دەکەم، زۆر وریام، بە هەستم، نوسینەکانیشم دەخوێندرێنەوە.

o لە (خوێنی ئەوانی دیکە و هەموو دەمرن)، لە کێشەی زەمەنت کۆڵیوەتەوە. لەوبارەیەوە کەوتویتە ژێر کاریگەری کەسیی ترەوە، جۆیس یان فاکنەر؟

● هیچ کامییان، خەیاڵزای زەینی کەسییە. هەمیشە بە وردی ئاگام لە زەمەنی رابردووە. هەمیشە هەستم بە پیری کردووە، تەنانەت لە 12 ساڵی گاڵتەم بە 30 ساڵی دەهات. هەمیشە هەستمدەکرد، شتێکم لە کیس دەچێت. هاوکات ئەوشتەم دەپاراست کە چنگم دەکەوت. لە قۆناغێکی تایبەتی ژیانم، فێری زۆرشت بووم، بەڵام لەگەڵ هەموو ئەوانەدا، بیرۆکەی تێپەڕینی کات و واقیعیەتی نزیک و نزیکتربوونەوەی مردن، هەمیشە زەینی داگرتووم.

بۆ من کێشەی کات بە مردنەوە بەستراوەتەوەو بەردەوام ناچارین لێی نزیکدەبینەوە. مەسەلەکە زیاتر ترسانە لە تێکچوون، تا لە واقیعیەتی بوونە ئاردی ناو دڕکی هەمووشتێک و بە کۆتا گەیشتنی عیشق. ئەویش ترسناکە. گەرچی بۆخۆم کێشەیەکی تێدا نابینم. هەمیشە هاوپێوەندییەکی نائاسایی لە ژیانمدا هەبووە. هەمیشە لە پاریس ژیاوم. ئاڕادەیەک هەر لەو کۆڵانانە. پەیوەندیم بە سارتەرەوە بەردەوامییەکی دوورو درێژی هەبووە.

هاوڕێی زۆر کۆنم هەیە، کە هێشتا سەردانم دەکەن، کەوایە بەمشێوەیە نییە و هەمیشە هەست بە بوونە ئاردی ناو دڕکی شتەکان بکەم، لەجێدا هەمیشە پێگەی خۆم دەزانم. دەزانم کە ساڵانێکی زۆرم تێپەڕاندووە و ساڵانێکی زۆریشم لە پێشە. ساڵان دەژمێرم چاوەکەم.

o لە بەشی دووەمی یادەوەریەکانتان، سارتەر وێنادەکەی لە کاتی نوسینی (ئێڵنج). گوایە سارتەر مردووە، کە بە وتەی خۆی (قرژاڵەکان) و پەرۆشیەکانی، زەینی ئەوی سەرقاڵی خۆی کردووە. بەڕای تۆ ئەوکاتە لەو شادتر بووی و ئێستا لە رۆمانەکەتاندا مردن وەک پێکهێنەرێکی زەینی پیشاندەدەیت، کە هەرگیز لە سارتەردا نەمدیتووە؟

● لە بیرتە لە وشەکانتدا وتت چی؟ هەرگیز هەستی بە نزیکی مردن نەکردووە. لە کاتێکدا هاوپۆلەکانی وەک (نیزان)ی نوسەری عەدەن، عەرەبی - مردن کێشی کردبوون. بە دەربڕینێک، سارتەر هەستی بە نەمری دەکرد. هەموو شتێکی دەدایە بەرهەمە هونەریەکەی، بەو ئومێدەی، بەرهەمەکەی بە زیندوویی بمێنێتەوە، لە کاتێکدا تۆسقاڵێک ئاوڕ لە نەمری بەرهەمەکانم نادەمەوە، چونکە {دوای مردن}، ژیانم دەسڕێتەوە. بەردەوام لەسەر هەستم، کە هەموو شتە ئاساییەکانی ژیان دەفەوتێت، چالاکی رۆژانە، بیروباوەڕ، ئەزموونی رابردوو. سارتەر پێیوابوو دەتوانێت ژیان بە داوی تەڵەیەکەوە بکات، بەڵام هەمیشە هەستدەکەم وشەکان بۆخۆیان ژیان نین، بەڵکو پێموایە گیان بەبەرداکردنەوەیە بە شتی مردوودا.

o رێک ئەوە مەسەلەکەیە. هەندێک بانگەشەدەکەن، کە تۆ ئەو توانایەت نییە، پاش و پێش بە رۆمانەکانت بکەی. بە پەنهانی ئاماژە بە کارەکتەری رۆمانەکانت کراوە، کە نوسخەگرتنەوەی دەوروپشتن؟

● چت پێ بڵێم. ئەی خەیاڵکردنەوە؟ مەسەلەی دەستڕاگەیشتن بە هەمەلایەنی لە ماوەیەکی زۆردا رەوایە، راستی لە بابەت چییەتی،

له بابەت ژیانی راستەقینەی تاک. هەر بەرهەمێک بنەمای راستەقینەیان نەبێت، سەرنجم کێشناکات، مەگەر لە سەدا سەد زێدەڕۆبن. وەک رۆمانەکان ئەلێکساندەر دوما، یان ڤیکتۆر هۆگۆ، کە بە جۆرێک حەماسەیین. بە چیرۆکی دروستکراو نالێم خەیالی، ئاڕادەیەک بە فێڵبازیان دەزانم. گەر بمەوێت داکۆکی لە خۆم بکەم، دەتوانم شەڕ و ئاشتی تۆلستۆی بە شایەت بگرم کە هەموو کارەکتەرەکانی لە ژیانی راستەقینە وەرگرتبوو.

o دەی دیسانەوە باسی کارەکتەرەکانت بکە، چۆن ناویان دەنێیت؟

● زۆر بەلامەوە گرنگ نییە. لە (ئەو هات کە بمێنێتەوە) ناوم نابوو (خاویەر)، چونکە کەسێکم بەم ناوە دەناسی. کاتێک بە دوای ناودا دەگەڕێم، سوود لە دەفتەری تەلەفۆن وەردەگرم، یان هەوڵدەدەم ناوی خوێندکارەکانی پێشترم بیربێنمەوە.

o کام کارەکتەرەت لە هەموان زیاتر خۆشدەوێت؟

● چوزانم. پێموایە زۆر پەیوەندیم بە خودی کارەکتەرەکانەوە نەبێت، زیاتر پەیوەندیم بە هۆگریانەوە هەیە، ئەگەر عاشقانە بێت، ئەگەر هاوڕێیانە. (کلۆد روی) رەخنەگر ئاماژەی بەم مەسەلەیە کردبوو.

o کارەکتەری ژن لە هەموو رۆمانەکانت دەبینم، کە بە بۆچوونی هەڵە، لە خشتەبراوە و خەریکە شێت دەبێت؟

● زۆربەی ژنەکانی سەردەمی ئێمە بەم شێوەیەن. ژنان ناچارن دەوری شتێک ببینن، کە نیین. بۆ نمونە دەوری سۆزانیەکی کۆشکی پاشا، ساختەیی کەسایەتی خۆیان. ئەو ژنانە لە لێواری تێکچووندان، زۆر هەست بە هاودەردی ئەو ژنانە دەکەم. زیاتر سەرنجم بە ئەوانەوە دەنوسێت، تا بە خانوونێکی خاوەن ماڵ و دایکێکی تەواو میانڕەو. دیارە ژنی دیکەش هەیە، کە بەلامەوە سەرنجڕاکێشترن. ئەوانەی هاوڕێ و بێلایەنن، ئەوانەی کاردەکەن و دەخولقێنن.

o هیچکام لە کارەکتەرە ژنەکانت لە خۆشەویستی نەپارێزراوە. (ئیلما) ی رۆمانتیکتان خۆشدەوێت؟

● خۆشەویستی کامەرانییەکی گەورەیە. خۆشەویستی راستەقینە زۆرکەم بابەتە و ژیانی ژن و مێردێک دەوڵەمەند دەکات، کە تامییان کردبێت.

o ژنانێک لە رۆمانەکانتدا دەبینین - خەریکم بیر لە (فرانسوا) لە (ئەو هات کە بمێنێتەوە) و (ئان) لە (ماندارنەکان) دەکەمەوە - کە بەباشی تاموبۆی خۆشەویستی دەکەن؟

● هۆیەکەی ئەوەیە سەرەڕای هەموو شتێک، ژنەکان لە خۆشەویستی زیاتر لە خۆیان وزە و توانا بە کاردەهێنن، زۆربەیان هیچی دیکەیان نییە، کە کێشییان بکات. رەنگە ژنان توانای دڵسۆزی قوڵتریان هەبێت، دیارە بناغەی خۆشەویستییە. لە وانەشە بۆ ئەوەبێت، خۆم بە ئاسانتر لە شوێنی ژنێک دادەنێم، تا پیاوێک. کەسایەتی ژنەکانم وزە و توانایان لە کارەکتەری پیاو زیاترە.

o هەرگیز کەسایەتی ژنێکی سەربەخۆت نەئەفراندووە، بۆئەوەی بەجۆرێک وێنای تێزی (رەگەزی دووەم) بکات؟

● ژن چۆنن، وەهایان پیشاندەدەم، واتە کەسانێک کە دوورکەوتونەتەوە، نەک ئەوەی دەبێت ببێت.

o دوای رۆمانە دوورودرێژەکەی (ماندارنەکان)، وازت لە چیرۆک نوسین هێناو خەریکی یادەوەریەکانت بووی. کام یەک لەم دوو فۆرمانە بە باشتر دەزانی؟

● هەردووکیانم خۆشدەوێت. هەرکامیان ئاسودەیی و نائومێدی جیاوازیان هەیە. نوسینی یادەوەری هەستێکی خۆش دەداتە بنیادەم، چونکە راستی لە پشتە، بەڵام لەو لاوە، کاتێک رۆژ بەڕۆژ بە دوای راستی بکەویت

وەک من، دەگەیێنە قووڵایی تایبەتی، بە جۆرێک ترس و مانا، کە مرۆڤ لە بەرچاوی ناگرێت. نوسەر لە رۆماندا دەتوانێت باسی ئاسۆ و سێبەرەکانی ژیانی رۆژانە بکات، بەڵام هەرچۆنێک بێت، توخمێکی ساختەی هەیە، کە هەراسانکەرە. دەبێت داهێنان بەبێ ساختەکردن ئامانجی نوسەر بێت. لە مێژبوو حەزم لێبوو باسی منداڵی و گەنجێتی خۆم بکەم. پەیوەندییەکی زۆر قووڵم بە منداڵی و گەنجێتیمەوە کردبوو، کەچی جێکەوتیان لە هیچ کام لە کتێبەکانمدا نەبوو، تەنانەت لە یەکەم کتێبم. حەزم دەکرد دڵسۆزانە گفتوگۆ بکەم، بە هەمانشێوەی کە لە کتێبەکەدا هەیە. پێویستیەکی زۆر شەخسی و سۆزداری بوو، پاشان لە (یادەوەری کچێکی رازاوە)، رازی نەبووم (بەرگی یەکەمی یادەوەرییەکان)، دەبوو کارێکی دیکەم بکردایە، بەڵام نەمتوانی بەخۆمم وت: (بۆ ئازادی بجەنگێ) چیم بە ئازادیم نەکرد، چی بە سەر هات؟ بە دواییدا نوسیم، کە لە تەمەنی 21 ساڵییەوە لەگەڵ خۆیان بردم. لە (تەمەنی کامڵ)، (بەرگی دووەمی یادەوەریەکان) تا (زۆرەملێ)، (بەرگی سێیەمی یادەوەریەکان).

o لە گردبوونەوەیەکی چەند ساڵ لەمەوپێشدا، نوسەران لە فۆرمتۆر، کارلۆ لیڤی تەمەنی کامڵیان بە (باشترین داستانی خۆشەویستی سەدە)، دیاریکرد. بۆ یەکەمجار سارتەر لەم کتێبەدا، لە تاکێکدا دەردەکەوێت. تۆ لە کتێبی سارتەرت وەرگرتووە، کە درووست تێی نەگەیشتوون؟

● بە تایبەتی کردم. سارتەر نەیدەویست لە بارەیەوە بنوسم. سەرەنجام کە دیتی بەوشێوەیە دواوم، سەرپشکی کردم.

o بە رای تۆ سەرەڕای بیست ساڵ ناوبانگی بە چاکە، کە سارتەر بە دەستیهێناوە، بۆچی هێشتا سارتەر نوسەرێکی هەست پێ نەکراوە و رەخنەگران بە توندی پەلاماری دەدەن؟

● بە هۆکاری سیاسی. سارتەر زۆر دژی چینی کۆمەڵایەتی خۆیەتی،

چینی کۆمەڵایەتی، کە سەربەئەوە و تێیدا لەدایکبووە، بەمەش بە خائینی دەزانـن، بەڵام ئەوە هەمان چینە، کە پـارەی هەیە، کتێب دەکڕێت. بارودۆخی سارتەر لێکدژە. نوسەرێکی دژی بۆرژوازییە، کە بۆرژواکان کتێبەکانی دەخوێننەوە و دەستخۆشی لێدەکەن و بە دەستکەوتی خۆیانی دەزانن. بۆرژوازی مافی قۆرخکاری کەلتوری هەیە و پێیوایە سارتەر زیادەیە. هاوکات ئەو بۆرژوازییە لە سارتەر بێزارە، چونکە سارتەر پەلاماری دەدات.

o هەمەنگوای لە چاوپێکەوتنێک لەگەڵ پاریس ریڤیودا دەڵێت: (لەبارەی ئەو نوسەرانەی زەینیەتی سیاسییان هەیە، بۆئەوەی بەرهەمەکانیان بە نەمری بمێنێتەوە، مرۆڤ دەبێت لە کاتی خوێندنەوەدا، بەشە سیاسیەکەی بە نەخوێندنەوە تێپەڕێنێت)، بێگومان لەگەڵمدا هاوڕام نیت. ئایا هێشتا باوەڕت بە (بەڵێنە)؟

● هەمەنگوای لەو نوسەرانە بوو، کە هەرگیز نەیدەویست هیچ شتێک بگرێتە ئەستۆ. دەزانم گرفتاری شەڕی ناوخۆی ئیسپانیا بوو، بەڵام هەواڵنێر بوو. هەمەنگوای هیچکات بە قووڵی بەڵێنی نەداوە، لەو باوەڕە دابوو ئەوەی لە ئەدەبدا نەمرە، پەیوەندی بە مێژوویەکی دیاریکراوەوە نەبێت، پابەند نەبێت. هاوڕانیم! لەبارەی پێگەی سیاسی زۆربەی نوسەران، کاریگەری بەسەر حەزکردن و حەزنەکردنمەوە هەیە. زۆربەی نوسەران پێشتر بە پابەندی، نەیاندەنوسی. هەرچەند دوورنییە کەسێک نامەزرۆیانە دان پێدانانەکەی پەیماننامەی کۆمەڵایەتی بخوێنێتەوە، هەمان کەس جارێکی دیکە (هلوئیزێک) ناخوێنێتەوە. (کتێبێکی جان جاک رۆسۆیە - کۆمەڵێک نامەی دوو ئەویندار، کە لە شارۆچکەیەکی دامێنی ئەلپ دەژیان. و. ف)

o پێتوایە بگرەو بەردەی ئەگزیستانسیالیزم هەمانکاتی شەڕ، تا ساڵی 1952 بوو. لە ئێستادا (رۆمانی نوێ) بۆتە مۆدە و نوسەرانی وەک (درێۆ لا رۆچێڵد) و (رۆگەر نیمیر)؟

● بێگومان فەرەنسا بۆ حکومەتی باڵی ڕاست گەڕاوەتەوە. (ڕۆمانی نوێ)، بۆخۆی دواکەوتوانە نییە، نوسەرانیشی وانین. لایەنگری ئەو ڕۆمانە سەرپشکە، کە بڵێت واز لە پەیمانە تایبەتییەکانی بۆرژوازی بێنێت. وەک وتت هەندێک نوسەر کوێرەوەرییان نییە. لە ماوەیەکی زۆردا (گلیزم) بەرەو (پتنیزم – پیرۆ مارشاڵ پتن، سەرۆکی حکومەتی دانراوی ویشی سەردەمی داگیرکاری فەرەنسا، و. ف) دوورماندەخاتەوە. تەنیا دەکرێت چاوەڕێبێت، کە هەڤاڵەکانی وەک (لاروشل) و کۆنەپەرستی دەمارگیری وەک (نیمیر)، دووبارە لە دەست بچنەوە. دووبارە بۆرژوازی واقعیەتی ماهیەتی پیشاندەدات. مەبەستم ماهیەتی کۆنەپەرستانەکەیەتی. بڕوانە کتێبی وشەکانی سارتەر چ سەرکەوتنێکی بەدەستهێناوە. دەبێت سەرنجمان لە سەر چەند خاڵێک هەبێت. ناڵێم باشترین کتێبی، ڕەنگە یەکێ لە باشترین کتێبەکانی بێت. هەرچۆنێک بێت کتێبێکی نائاساییە، جیلوەیەکی وروژێنەر لە مامۆستایی، بەرهەمێکی سەرسامکەر. هاوکات هۆی سەرکەوتنێکی لەوچەشنە ئەوەیە کە کتێبێکی (پابەندیانە) نییە. ڕەخنەگران وتوویانە، کە ئەو کتێبە و هێڵنج، باشترین بەرهەمی سارتەرن. دەبێت لە بیرمان بێت، کە هێڵنج لە بەرهەمە سەرەتاییەکانی سارتەرە و کتێبێکە کە پابەند نییە، چەپەکان و ڕاستەکان وەک یەک پێشوازیان لەو کتێبە کرد، بەڵام لە شانۆنامەکانیان نەکرد. هەمانشتم بەسەرهات، بۆ یادەوەریەکانی کچی رازاوە. بۆ ژنە بۆرژوازیەکان خۆش بوو، کە جوانی خۆیان لەوەدا دەبینن. نارەزاییەکان بە تەمەنی کامڵ دەستیپێکرد، تا زۆرەملێیی بەردەوام بوو. ئەوگۆڕانە زۆر دیاریکراو و زۆر لەناکاو بوو.

o دوابەشی زۆرەملێیی بۆشەڕی جەزائیر تەرخانکراوە، تۆ زۆرکەسی کاردانەوەت پیشانداوە؟

● هۆش و هەستم لەبارەی هەموو شتێکەوە سیاسیانە بوو، بەڵام قەت گیرۆدەی چالاکی سیاسی نەبووم. سەرانسەری بەشی کۆتایی زۆرەملێیی

پەیوەندی بە شەڕەوە هەیە. لە فەرەنسایەک کە فڕی بەسەر ئەو شەڕەوە نییە، کۆن دێنە بەرچاو.

o هەستدەکەیت خەڵکیان ناچارکردووە، تا ئەو شەڕە لە بیرخۆیان بەرنەوە؟

● بۆخۆم زۆربـەی لاپەڕەکانی ئەو بەشەم سڕیوەتەوە. بەمەش تێگەیشتبووم، کە ئەو قسانە کۆن دەبن. لە لایەکی تـرەوە، بە راستی حەزمدەکرد دەربارەی بدوێم و دۆش دادەمێنم، کە خەڵک تائەم رادەیە فەرامۆشیان کردووە. فیلمی La Belle vie – ژیانێکی جوان) دەرهێنەری گەنج (رۆبێر ئەنریکۆ)ت دیتووە؟ خەڵک حەپەسابوون، کە بۆچی شەڕی جەزائیر پیشاندەدات. کلۆد مۆریاک لە فیگارۆی ئەدەبی نوسی: (بۆچی دەبێت سەربازانی پەڕەشووت پیشانبدات، کە لە مەیدانی شەڕ دادەبەزن؟ چونکە ژیانی واقیعی نییە؟)، بەڵام هەیە. رۆژانە لە پەنجەرەی ماڵی سارتەر، دی سەن جێرمەنم دەبینی. خەڵک لە بیریان چۆتەوە. بۆخۆیان دەیانەوێت لە بیرخۆیانی بەرنەوە؟ دەیانەوێت یادەوەریەکانیان لە بیر بکەن. ئەوەیە بەڵگەی جیاوازیم لەگەڵ چاوەڕوانییەکان، بۆئەوەی لەبارەی شەڕی جەزائیر وتم پەلاماریان نەدام، بەڵام بۆ بە ساڵداچوون و مردن بۆچی. لە بارەی شەڕی جەزائیر، لە ئێستادا تەواوی فەرەنسییەکان رازین، کە هەرگیز شتی وەها روونەداوە، کەس ئازار نـەدراوە، چونکە ئەگەر ئـازاردان هەبوو، بێگومان بەرامبەرەکەی سەنگەریان دەگرت.

o لە کۆتایی بەشی زۆرەملێدا دەڵێت: (ئێستا سەرسام دەبم، کە بە باوەڕ نەکردنەوە تەماشای ئەو گەنجە دوودڵە دەکەم، کە چ کڵاوێکم لە سەر نراوە.) پێموایە ئەو دەستەواژەیە بە هەموو جۆرێک بەدحاڵی بوون دەوروژێنێت؟

● خەڵک بە تایبەت دووژمنان، هەوڵیانداوە ئەو دەستەواژەی ناکامیەم لە ژیاندا بگۆڕن. چی لە رووی هەڵەکردنەوە لەبارەی سیاسەت بێت، چ بەم هۆیەوە، کە سەرئەنجام تێگەیشتووم، دەبێت ژن منداڵی هەبێت و.... هتد. هەرکەسێک تێبینیەکانمی بەسەرنجەوە خوێندبێتەوە، تێدەگات کە رێک پێچەوانەکەیم وتووە، ئیرەیی بە کەس نابەم، تەواو لەو ژیانەی کە هەمە رازیم، تەواوی بەڵێنەکانم بردۆتەسەر، بە سەرنجدان لە هەموو ئەوانە، ئەگەر بڕیاربێت جارێکی دیکە بژیەمەوە، بەجۆرێکی دیکە ناژیم. قەت خەمی منداڵ نەبوونم نەخواردووە، چونکە ئەوەی دەمویست نوسین بوو.

کەوایە مەبەستم لە (کڵاو لەسەرنان) چییە؟ کاتێک کەسێکی وەک من، تێڕوانینێکی ئەگزیستانسیالیستی بۆ دنیا هەبێت، لێکدژی ژیانی مرۆڤ، بەلایەوە رێک وەک هەوڵێکە بۆ (بـوون)ە و لە ماوەیەکی زۆردا تەنیا هەبوون. کاتێک داوتان ناوەتەوە لەسەر هەبوون، کە بە جۆرێک پەیوەندی بە سەردەمێکەوە هەیە و مرۆڤ نەخشەیەک دەکێشێت، تەنانەت گەر بزانی توانای سەرکەوتن لە بووندا نییە، بۆ کەی دەگەڕێیتەوە، تا چاوێک بە ژیانتاندا بگێڕییەوە، دەبینیت کە تەنیا هەیت. بە دیوێکی دیکەدا، ژیان وەک جەستەیەکی رەق، وەک ژیانی خواوەندێک (کە قەناعەتمان کردووە، کاری نەکردەیە)، نەکەوتۆتە پشت سەرەوە، ژیان تەنیا ژیانی مرۆڤایەتییە. رەنگە کەسێک پەیدا ببێت و وەک (ئالن) بڵێت (ئای کە ئەو بابەتەم پێخۆشە)، (بەڵێنی هیچیان پێنەداوین.) لە روویەکەوە ئەو قسەیە راستە و لە روویەک راست نییە. لە راستیدا بەڵێنی چەندین شتییان بە کوڕ و کچی بۆرژوازی داوە، کە کەلتوری تایبەتی خۆیان هەیە. پێموایە کەسانێک کە لە گەنجێتیدا ژیانیان قورس بووە، لە ساڵانی داهاتوو ناڵێن (کڵاوم لەسەر نرا)، بەڵام کاتێک دەڵێم (کڵاوم لە سەر نرابوو)، مەبەستم کچێکی حەڤدە ساڵانە، کە لە نزیک قامیشەڵانی ئوتێلەکە خەیاڵپڵاوی بۆ داهاتووی

دەکاتْ. هەرکارێکم ویستبێتْ، کردومە، کتێب نوسین، فێربوون، بەڵام هاوکاتْ کڵاوم لە سەرنراوە، چونکە هەمووی هەرئەوەیە و لەوە زیاتر نییە. قسەیەکی مالارمێ دەهێنمەوە: (بۆنی خەم کە لە دڵدا دەمێنێتەوە.) ئەوی دیکەم لە بیر نییە. هەمیشە بنیادەمەکان شتێکی تریان دەوێتْ. خاتونێکی پزیشکی دەرونشیکاری، نامەیەکی زۆر زیرەکانەی بۆ نوسیووم و تێیدا وتوویەتی: (توێژینەوەکەی ئەم دواییەتْ پیشانیدەداتْ، کە ویستەکان بـەردەوام زۆر لە کاتی ویستنەکە زیاترن.) واتە لە راستیدا هەرچییەکم دەویستْ بە دەستمهێناوە، بەڵام کاتێک بە ویستێکم گەیشتووم، بە (زۆر لەوە زیاتر) نەگەیشتووم، کە خودی ویستەکانم دەگرێتەوە. کە گەنج بووم، ئارەزوی تێڕوانینم بۆ داهاتوو هەبوو، تەواوی کەسانی خاوەن کەلتور و بۆرژوازی گەشبین، بنیادەمی بۆ هاندەدەن و ئێستا خوێنەرانم تۆمەتبارم دەکەن، کە ئەوانەم بۆ گەیشتن بەو ئارەزووانە و ئەو تێڕوانینە بۆ داهاتوو هاننادەن: ئەوە مەبەستم بوو. خەم بۆ کارێک ناخۆم، کە کردومە، بیرێک ناخۆم کە هەمبووە.

o خەڵک لەو باوەڕەدان پەژارەیی خوا لە بەرهەمەکانتدا پەنهانە؟

● نەخێر. من و سارتەر هەمیشە وتومانە ئامەزۆربوون بۆ (بوون)، بە هیچ راستییەکەوە نابەسترێتەوە. رێک هەمانشتە کە کانتْ لە ئاستی رۆشنبیرانە وتوویەتی. گەر کەسێک باوەڕی بە رووداوەکان بێتْ، بەڵگەی باوەڕبوون بە بوونی هۆکاری باڵایی نییە. مرۆڤ ئارەزووی بۆ بوون هەیە، واناگەیەنێتْ کە دەستی بە بوون دەگـاتْ. تەنانەتْ ئەگەر ئەو بوونە، خەیاڵێکی ئاسان بێتْ. هەرچۆنێک بێتْ، بوون کاردانەوەیەکە و هاوکاتْ هەیە. متوربەکردنی بوون هەبوونە، کە نەشیاوە. هەمیشە من و سارتەر رەتمانکردۆتەوە و ئەم دژایەتییە لە فکرماندا پەنهانە. شانەگەلێک لە مرۆڤدا هەیە، تەنانەتْ لە دەستکەوتەکانی شانە هەیە، هەرئەوە. من ناڵێم ئەوەی

ویستوومە بە دەستم نەهێناوە، بەڵکو دەڵێم بەدیهێنانی ئەوەی دەمەوێت، هەرگیز ئەوە نییە، کە خەڵک بیری لێدەکەنەوە. سەرباری لایەنی گەمژانە یان لوتبەرز و لەخۆباییانەش هەیە. خەڵک پێیانوایە کە ئەگەر مرۆڤ لەئاستی کۆمەڵایەتی سەرکەوتووبێت، دەبێت بە تەواوی لە بارودۆخی تێکڕای مرۆڤ رازی بێت، بەڵام مەسەلەکە ئەوە نییە.

(کڵاوم لە سەر نراوە) شتێکی دیکەش دەگەیەنێت، واتە ژیانم وایکرد دنیا بەوشێوەیە ئاشکرابکەم، کە هەیە، واتە دنیای ئازار و ستەم، دنیای بەدخۆراکی زۆرینەی خەڵک. ئەوانە شتانێکن کە منداڵ بووم نەمبوون و کاتێک ئاشکراکردنی دنیام لەمێشکمدا وێنادەکرد، مەبەستم ئاشکراکردنی شتی جوان بوو. هەمیشە کەلتوری بۆرژوازی لەم بارەیەوە (کڵاوی لەسەر ناوم)، کەوایە هەر بۆیە نامەوێت بەشداری کڵاو لەسەر نانی ئەوانی دیکە بکەم و وتم کڵاوم لە سەر نـراوە. بەکورتی گوایە کڵاو لەسەر ئەوانی دیکە نەنراوە. لە راستیدا کێشەی کۆمەڵایەتییە. بە کورتی: من کەم کەمە بەدبەختی دنیام ئاشکرا کردووە، پاشان زیاترو زیاتر و سەرەنجام لەسەرووی هەموویانەوە، کاتێک چومە جەزائیر، بینیم بەو بەدبەختییەوە بەستراومەتەوە.

o هەندێک لە خوێنەران و رەخنەگران هەستدەکەن، ئێوە دڵخۆشکەرانە باسی بە ساڵداچوون ناکەن؟

● زۆربەی ئەو شتانەی منیان پێخۆش نەبوو، کە وتبووم، چونکە حەزدەکەن، باوەڕبکەن بەوەی تەواوی قۆناغەکانی ژیان سەرخۆشانەیە، منداڵان بێ تاوانن، هەموو نۆبوک و تازە زاواکان بەختەوەرن، تەواوی بەساڵداچووان هێمنن. لە هەموو ژیانمدا سەرکێشیم لەبەرامبەر ئەوچەشنە داوایانە کـردووە، گومانی تێدانییە، کە ئەوکاتە بۆمن بە ساڵداچوون نییە، بەڵکو دەسپێکی بە ساڵداچوونە، تەنانەت گەر کەسێک تەواوی پێداویستییەکانی کە دەیەوێت، لەبەردەستی دابێت، وەک ئەویندارى، کار،

ئەوکاتە نیشانەی گۆڕانە لە بوون، گۆڕانێک کە بە لەدەستدانی زۆربەی شتەکان خۆی پیشاندەدات. ئەگەر کەسێک بۆ لە کیس چوونی ئەو شتانە ناڕەحەت نەبێت، لەبەرئەوەیە کە حەزی لێیان نەبووە. پێموایە کەسانێک کە ئامەزرۆیانە بە ساڵداچوون یان مردنیان پێخۆشە، ئەوانەن کە حەزیان لە ژیان نییە. پێویستە ئەمڕۆ مرۆڤ لە فەرەنسا بڵێت: هەمووشتێک باشە، هەمووشتێک لەبەر دڵانە، لەوانە مردن.

o بێکت بە وردی هەستیدەکرد کڵاویان کردۆتە سەر مرۆڤ، ئایا ئەوتان لە هەموو رۆمان نوسە نوێکان پێ باشترە؟

● هەڵبەتە. تـەواو لەگەڵ کاتی خەریک و سەرقاڵ بوون کە لە (رۆمانی نوێ) دەیبینین، لە کارەکانی فاکنەردا هەیە. ئەوبوو فێریکردن چۆن یاری بە کات بکەن، پێموایە بۆخۆی لە هەمووان باشتر ئەنجامیدەدات، بەڵام لەبارەی بێکت، بەشی تاریکی ژیان بە شێوازێک پیشاندەدات کە جوانە.

بێکت قەناعەتی کردبوو، کە ژیان تاریکە و تەواو. منیش دووپاتی دەکەمەوە، کە ژیان تاریکە، بەڵام هاوکات عاشقی ژیانم، بەڵام گوایە ئەو یەقینە ماڵی بێکتی وێرانکردووە. ئەگەر ئێکڕای قسەکە هەر ئەوەیە دەتەوێ بیکەی، ئیدی پەنجا مینۆد بۆ وتن نییە. زۆر شتی دووبارەکردنەوەی پێشترم لە بەرهەمەکانی بێکت دیتووە. دوا دووبارەکردنەوەی لە چاوەڕوانی گۆدۆیە، بەڵام لاوازتر.

o زۆربەی نوسەرە هاوچەرخەکانی فەرەنسات پێخۆشە؟

● نا زۆر. زۆر دەستنوسم بۆ دەنێرن، هەمیشە خراپ، ناڕەحەتدەبم. لە ئێستادا ویولت لۆدۆک دەموروژێنێت. یەکەم کتێبی کلکاسیۆنی هیوای لە ساڵی 1946 بڵاوکردەوە، کە کامۆ پێداچونەوەی بۆ کردبوو. رەخنەگران بردیانە کەشکەڵانی فەلەک. سارتەر، ژنیە و یوهاندۆ زۆریان خۆشدەوێت. کتێبەکانی هەر نەفرۆشرا. بەم نزیکانە ئۆتۆبۆگرافی ئاپۆرە و هەنگامەی

زۆری بە ناوی بیژوو نوسیووە. سەرەتای کتێب لە (سەردەمی نوێ) کە سارتەر سەرنوسەریەتی، بڵاوکرایەوە. پێشەکیەکم بۆ نوسی، چونکە پێموایە نوسەرێکی فەرەنسی سەربە قۆناغی دوای شەڕەکە پێی نەزانراوە. لە ئێستادا سەرکەوتنێکی زۆری لە فەرەنسا بە دەستهێناوە.

o لە ناو نوسەرانی هاوچەرخ، چی پلەیەک دەدەیتە خۆت؟

● وەڵڵا بڵێم چی. بەها دانان یانی چی؟ گاڵەگاڵ، بێدەنگی، نەوەی داهاتوو، ژمارەی خوێنەران، کەمی، گرنگ نەبوون لە کاتێکی دیاریکراو؟ پێموایە خەڵک تاماوەیەک کتێبەکانم بخوێننەوە. لانیکەم خوێنەرانی کتێبەکانم کە وادەڵێن. من کەمێک بەشداری باسکردنی گرفتی ژنانم کردووە. دەزانم، چونکە نامەم بۆدێت، بەڵام لەبارەی چۆنایەتی ئەدەبی کتێبەکانم، بە چەمکی رەهای وشە، بیروباوەڕم لە هەمووی بێ بایەختر نەبوو.

# چاوخشاندێک بە بیروڕاکانی سیمۆن دی بوڤواردا

**لە فارسییەوە: سەرهەنگ عەبدولڕەحمان**

لە سەدەی بیست و یەکدا، هاوکات لەگەڵ خستنەرووی فێمێنیزمی فەرەنسیدا، لە کۆڕە زانستیەکاندا سیمۆن دی بوڤواریش بە خستنەرووی هەندێ بیروڕا لەسەر بنەمای ئێگزیستیانیالیزم، باسی دۆخی ژنان و ستەم لێکردنیان دەکاث.

هەر لە بارەی سیمۆن دی بوڤوارەوە، کۆمەڵێک روانگەی جیاواز هەیەو ئەو لەلایەن پەیڕەوکارانیەوە، وەکو کەسێک ناسراوە، کە تیۆرەکانی پێگەیەکی بەرزیان لە پێگەیاندنی نەوەی گەنج و پرۆژەو لێکۆڵینەوەکاندا هەیە، هەندێکیش بڕوایانوایە کە دی بوڤوار بە هیچ جۆرێک فێمێنیسث نییە.

رەخنەگرانیش بە شیکردنەوەی ناوەڕۆکی بیروڕاکانی دی بوڤوار، دەڵێن کە دوو تیۆرە بەناوبانگەی دی بوڤوار واتە ((نایەکسانی رەگەزی)) و ((ئەوی تر))، هەردووکیان بایەخی زانستیان نەماوەو رێگەچارەیەک بۆ کەمکردنەوەی کۆسپ و تەگەرەکانی ژنان ناخەنە بەردەسث.

خاڵی جێگە سەرنج ئەوەیە کە هەرچەندە فێمێنیزم رۆژگارێک خۆی لەڕووی زانستی و تیۆرییەوە، پێیوابوو لەژێر کاریگەری بیروڕاکانی سیمۆن دی بوڤواردایە، بەڵام ئەمڕۆ رستە بەناوبانگەکانی ئەو: (( ئێمە بەژنی لە دایک نەبووین)) بەتەواوی رەتدەکاتەوەو لەبەرامبەردا دەڵێت: ((من، ژنێکم، بۆ ئێوەش نابن؟)) و سەرەنجام فێمێنیزمی نوێ، بوونی پیاو، نەک تەنها لە چوارچێوەی سالارێک، یان بەرزتر دەبینێ، بەڵکو رەگەزی پیاوی

بێکەڵکیش دەناسێنێ.

ئەم نوسینەش لەژیانی خێزانی و لایەنە کەسیەتی و دەروونی و زانستیەکانی سیمۆن دی بوڤوار، هەروەها بیروڕاکانی  لە گەشەکردنی تیۆری فێمێنیزم دەکۆڵێتەوە.

چەمکی فێمێنیزم، پێشینەیەکی دوورو درێژی هەیەو دەگەڕێتەوە بۆ ئەو سەردەمەی، کە جیاوازی رەگەزەکاندا سەریهەڵدا، توێژەرانی زانستی مرۆیی، کۆمەڵێ توێژینەوەی زۆریان بە پشتبەستن بە کۆمەڵێک تیۆری جیاواز، لەبارەی ناسینی رۆڵ و پێگەی ژنانەوە بەئەنجام گەیاندووە.

سیمۆن دی بوڤوار یەکێک بوو لە ناودارترین ئەو کەسانەی، کە لە دەیەی حەفتاکاندا، لەڕێگەی کتێبە زانستی و رۆمان و بابەت و وتارەکانیەوە، لە سیمینارو کۆڕە فیکرییەکاندا، رۆڵ و پێگەی ژنان و پرۆسە مێژوویی، سیاسی، کۆمەڵایەتی و ئابورییەکانی ژنانی دەخستە بەر باس.

ئەو لە رێگەی ناساندنەوەی رادەی پەیوەندی نێوان ژن و مێرد، تێڕوانینی کۆمەڵگەی سەبارەت بەژنان گۆڕی، تا ئەو شوێنەی کە سیاسەت داڕێژەرانی خۆرئاوا سەرنجی زیاتریان دایە بەرنامەڕێژییە تایبەتەکانی ژنان.

سیمۆن دی بوڤوار بەهۆی لایەنگری لە رێبازی ئێگزیستانسیالیزم ((بونگەرایی)) خوازیاری ئازادی، هەڵبژاردنی ئازاد و بێ شەرت و مەرجی مرۆڤە، لەسەر ئەم بنەمایە، ئەو لە کتێبی((رەگەزی دووەم)) دا بەبناغە دانانی سروشتی مرۆڤ ، بەتوێکاری بنەماکانی رەگەزو رەگەزنامەوە خەریکبوو، کە ئەم بابەتە دەکرێت خاڵی سەرنجدان بەئاشنابوونی بیرکردنەوەی سیمۆن دی بوڤوار بێت.

ئێستا پەنجا ساڵ لەسەردەمی سیمۆن دی بوڤوار تێپەڕیوەو لە بارودۆخێکدا کە فێمێنیزم گەڕاوەتەوە بۆ بۆشایی شەپۆلەکانی خۆی و گەشەسەندن و پێشکەوتنی رەوشی ژنان، بەبەشێک لە ئامانجە سەرەکیەکانی

خۆی دەزانێ، ژمارەیەک لە فێمێنیستەکان خۆیان بە هاوئامانجی ئێزەکەی دەزانن و هەندێکیشیان دژ بەم گۆڕانکارییانە وەستاونەتەوە. ژمارەیەکی تریشیان، هەندێک لە بیروڕاکانیان وەرگرتوەو رەخنە لە بەشەکانی تری بیروڕاکانی دەگرن.

لەم وتارەدا بەڕوانینێکی ورد و زانستیانەو بێ هەر جۆرە دەمارگیرییەک لەسەر کەسایەتی زانستییانەو دەروونی و کۆمەڵایەتی و خێزانیانەی سیمۆن دی بوڤوار هەوڵمانداوە لەپێگەی ئەو لە سەدەی نوێدا بکۆڵینەوە.

1- بیۆگرافیای سیمۆن دی بوڤوار:-

سیمۆن دی بوڤوار لە(9) ی کانونی دووەمی 1908 دا لە وڵاتی فەرەنساو لەشاری پاریس لە بنەماڵەیەکی کاسۆلیک هاتۆتە دنیاوە. لە تەمەنی (17)ساڵیدا توانی لە قوتابخانەیەکی کاسۆلیک دبلۆم وەربگرێت. هاوکات لەبەشی ئەدەبیات و ماتماتیکیشدا درێژەی بەخوێندندا و لەساڵی 1926 دا پەیوەندیکرد بە بزوتنەوەی سۆسیالیستەکانەوە و لەبەشی فەلسەفەی زانکۆی سۆربۆن دا درێژەی بە خوێندندا. لە ساڵی 1929 دا بەشی فەلسەفەی تەواوکردو هەر لەو ساڵەدا لەگەڵ ژان پۆڵ سارتەردا ئاشنا بوو بەبێ پەیوەستنامەو (بەشێوەی ئازاد) ژیانی هاوبەشی لەگەڵدا دەستپێکردو (50) ساڵ ژیانی هاوبەشی لەگەڵدا بردە سەر.

دواتر سیمۆن دی بوڤوار لە شارەکانی وەکو پاریس، رۆبن، مارسیل، سەرگەرمی وانەوتنەوەی فەلسەفە بوو تا ساڵی 1943 ، کاری دووەمیشی بەڕێوەبەری بەرپرسی رۆژنامەی (تمپس مۆدێرنیز) بوو، کە گەرەنتی چالاکیە زانستیەکانی ئەوی دەکرد. یەکەمین کتێبیشی بەناوی((بانگهێشت))لەساڵی 1943 دا چاپکرا، بەڵام ماوەی چوار ساڵی خایاند، تا بووە کەسێکی ناسراو و بەناوبانگ. ئەو لە درێژەی ئەم ساڵانەدا، بۆ بەشداریکردن لە چەندین

کۆنفرانسی جۆراو جۆرو بەستنی کۆڕ سەردانی ژمارەیەک وڵاتی وەکو: ئەفەریقاو زۆربەی وڵاتانی ئەوروپایی، چین، کوبا، ئەمریکاو بەڕازیلی کرد، پاشان کتێبی ((رەگەزی دووەم)) ی بەمەبەستی بەرگریکردن لە مافی ژنانی نوسی، کە ناوبانگی لە زۆربەی وڵاتانی جیهان دەرکرد. لەساڵی 1954دا ئەم کتێبە خەڵاتی جیهانی وەرگرت، پاشان چەندین کتێب و وتاری هەمەجۆری نوسی و لە 14 ئاپرێلی 1986 دا کۆچی دواییکرد.

2- کەسێتی سیمۆن دی بوڤوار:-

شیکردنەوەی کەسێتی سیمۆن دی بوڤوار کارێکی هەروا سانا نیە، چونکە هەمووان دەخاتە سەر دووڕیانێک. تیۆرەکەی لەبەرامبەر لقەکانی تری فێمێنیزمدا لە چ ئاستێکدایە؟ زانستی ئەو لەسەر پایەی کام تیۆریانە وەستاوە؟ ئایا ئەو فێمێنیزمە یان فێمێنیزمەکان بەهۆی نەبوونی تیۆرێکەوە، مۆرکی فێمێنیزم بوونیان بەچاپکردنی کتێبەکانیەوە لکاندوە؟

بۆ ناسینی کەسێتی زانستی و دەروونـی سیمۆن دی بوڤوار و سەرنجدان لەم خاڵە، پێویستە ئەوە بزانرێت کە، ئەو دید و رەفتارانەی ئەنجام دەدرێن، سەرجەمیان لەژێر کاریگەری کلتوری ناوچەییدان.

هەر بۆیە ناتوانین بانگەشەی ئەوە بکەین، کە مرۆڤەکان دەگەڕێنەوە سەر بنەما سروشتیەکانی خۆیان، چونکە هۆکارە کلتورییەکان زاڵن بەسەر مرۆڤدا. لەراستیدا هەمیشە هەموو شتێ هاوئاهەنگ بەکلتور لە گۆڕاندایەو کلتور هەمیشە لە حاڵەتی دروستکردن و لابردن و سڕینەوەی هەندێک هۆکاردایە. سەرەنجام پەی بەوە دەبەین، کە هیچ شتێکی نەگۆڕ بوونی نییە و بنەمای گشتی وەکو قبوڵکردنی هاوسەرگیری، بە هەموو ئەو جیاوازییانەی لە فۆڕم و ناوەڕۆکدا بە پرسە کۆمەڵایەتی و ئابوری و دەروونیەکانەوە گرێدراون و کۆمەڵە گروپە کۆمەڵایەتییەکان بەرهەمدەهێنن و یاساکانی هەر کۆمەڵگایەک لەرووی رێکخستنەوەی ئەو کارانەوە دادەڕێژرێنەوە.

جێگەی سەرسامی نییە ئەگەر بڵێین هۆکارەکانی بنیاتنانی ژیارێک، کە ئێمەی تێداین، لە دەرەوەی بۆچوونە ئاینی، فەلسەفی و میتافیزیکیەکانە. دەرکپێکردن و بۆچوونی مرۆڤەکان، لەبارەی ئەو ئازادی و سەربەستییانەی بەدەستیانهێناوە، رێگەمان پێدەدات کە بڵێین لە دەست کۆسپی بیری رەهای کۆمەڵایەتی رزگارمان بووە.

هەموو کۆمەڵگایەک لەڕووی ژینگەناسییەوە دوو رەگەز بوونی هەیە، کە رێگە بە پەیوەندی و جوتبونیان دەدات و مناڵ دێنە دنیاوە و مانەوە دەستەبەر دەکات، بەڵام مرۆڤەکان زێدەخوازن و پێویستیان بە پەیوەندییەکی کۆمەڵایەتی هەیە، لە پێناو گەشەو پەرەپێدانی رەهەندەکانی تاکە کەسیدا.

سیمۆن دی بوڤوار لە قوڵایی کارەکانی خۆیدا، ئەو هۆکارانەی کە ئاماژەیان پێکرا، بەپێی تێڕوانینە تایبەتییەکانی خۆی دەخاتە روو. بەتایبەتی لە کتێبی ((رەگەزی دووەم))دا لە رەهەندە بەرهەست و دەرهەستە واقعییە کۆمەڵایەتیەکاندا، بەپشت بەستن بە سروشتی مرۆڤ، لەچوارچێوەی دوو کرداری بونگەراییدا، بەشرۆڤەکردنی بنەماکانی رەگەزو رەگەزایەتیەوە خەریک دەبوو.

سیمۆن دی بوڤوار لەسەرەتادا لەروانگەی سرشتخوازی و بەرهەمهێنانەوە، بابەتی رەگەز دێنێتە ئاراوە، راستینە مێژوویی و کۆمەڵایەتی و کەسییەکان و بیروڕاکانی دەخاتە ژێر کاریگەرییەوە و ئەم وتە بەناوبانگە دەردەبڕێت کە ((ئێمە بە ژنی نایەینە دنیاوە، بەڵکو دەبینە ژن)). ئەم وتەیە پیشاندەری داسەپاندنی کلتوری کۆمەڵگایە لەسەر ژنان و بایەخی زاڵبونی ئەو کلتورەیە، بەسەر زانست و پێشکەوتن و گەشەی مرۆڤەکان، بەڵام دەبوایە چاوەڕێ بکەین تاساڵی 1970 ئەوکاتەی کە ئەنترۆپۆلۆژییە ئەمریکیەکانی فێمێنیزم بەنیازبوون مافەکانی ژنان لە بوارە جیاوازە

کۆمەڵایەتییەکاندا لەبەرچاو بگرن، لەم هەلومەرجانەدا وشەی رەگەزییەت، بەمانای رۆڵی کۆمەلایەتی نێوان ئەمان و ئەوان (ژنان و پیاوان)، لەبەرامبەر دەستەواژەی رەگەز، کە چەمکێکی سروشتی و بایۆلۆژیکیە، خرایە روو.

ئەم مانایە بەزاراوەی نوێ، هەمان چەمکە کە سیمۆن دی بوڤوار لە وتەی ((بەژنی لەدایک نەبووین)) خستویەتە روو، سەرەنجام هۆکارە فەرهەنگییەکانی کۆمەڵگەی خۆی، لە چارەنوسی تاکە دامەزراوەکاندا زانیوە. ((ئەو کاتەی کە ژنان دەم ئێوە دەدەن)).

ئایا سیمۆن دی بوڤوار فێمێنست بـووە؟ زۆرێـک لەسەر ئەم باوەڕەن، چونکە فێمێنیزمی تیۆری ژێدەری نییەو رەهەندی زانستییەکانی چەوساندنەوەی ژن و هەڵاواردن و جیاوازیکردنی لەسەر ژنان بەشێوەی نوسراو، کەمتر هاتۆتە بەرچاو و لە کتێب و رۆمانەکاندا و بەتایبەت کتێبی ((رەگەزی دووەم)) ی سیمۆن دی بوڤوار ئەم بابەتانە بەشێوەی جیاواز نوسرابوون، فێمێنیستەکان بایەخێکی زۆریان بەوەداو هەندێکیشیان باوەڕیانوایە، سیمۆن دی بوڤوار لەم بابەتە بە ئاگا نەبووەو سەرەنجام هەندێکیش لەسەر ئەم باوەڕە بوون، کە سیمۆن دی بوڤوار فێمێنیستێکی توندوتیژەو کەم کۆڕ یان دانیشتنی زانستی و سیمیناری تایبەت بە ژنان هەبووە بەشدارنەبووبێت بەڵکو هەمیشە ئامادەییەکی چالاکی هەبووە.

دەتوانین رەهەندە زانستییەکانی سیمۆن لە کتێبی((رەگەزو بوون)) شوێندۆزی بکەین. سیمۆن دیبۆڤوار لەم کتێبەدا سودی لە هەموو ئەو سەرچاوانە وەرگرتووە کە لێکۆڵەرانی سەردەمی خۆی سودیان لێوەرگرتووە، لەوانە بیروڕاکانی ژان پۆل سارتەر، کانت، هیگڵ، زانسفێرس، کیرگەگۆرد، هۆسرێڵ. لە راستیدا سیمۆن دیبۆڤوار سود لە فەلسەفەیەکی بنەڕەتی خۆماڵی وەرگرتووەو بە پێی تیۆری گول هلین ((فەلسەفەی گفتوگۆ)) زیاتر جێگەی خۆشەویستی ئەو بووە. لە حاڵەتێکدا کە زۆرکەس پێیانوایە

که سارتەر ئایدۆلۆژیای خۆی بەسەر سیمۆن دیبۆڤواردا سەپاندووە، بەڵام شایەتە زانستییەکان دەریدەخەن، کە ئەوان پێبەپێی یەکتری لە بوارە زانستییەکاندا کاریانکردووەو خوێندنەوە فەلسەفییەکانی سیمۆن، لەگەڵ ژان پۆل سارتەردا یەکسان بووەو دوو هاوسەری زانستی بوون کە لە زۆربەی کاتەکاندا لەگەڵ یەکتریدا هاوبیربوون. هەرگیز سیمۆن دیبۆڤوار لە ئایدیاکانی ژان پۆل سارتەردا نەتواوەتەوە، بەڵکو بۆخۆی جۆرە رامان و بیرکردنەوەیەکی هەبووە.

3- دیبۆڤوار و فێمێنیزمی ئێگزیستیالیستی:

فێمێنیزمی ئێگزیستیالیستی خوازیاری ئازادی و دەسەڵاتی رەهایە بۆ مرۆڤ و لە راستیدا وێنایەکی زێدەڕۆیە لە لیبڕالیزم و هیومانیزمدا. ئەو رێبازانەی کە ئەندێشەی فێمینیزمیان لە خۆیاندا گەشە پێداوە (بۆنموونە: سکۆلاریزم:، هیومانیزم، ئێگزیستیالیزم)، تەنیا لە چوارچێوەی ((هۆشیاری)) و ((ئازادی رەها)) دەجوڵێت و بەلەبەرچاوگرتنی پێویستییە دنیاییەکان، پێویستی بە لایەنە مەعنەوییەکان نییەو بنەما ئاینی و گرنگەکان لە ژیان لەبەرچاو ناگرن. لە بەناوبانگترین لایەنگرانی رێبازی ئێگزیستیالیست، دەتوانین ئاماژە بە دیبۆڤوار بکەین و لە روانگەی ئەوەوە مەسەلەی زهنیەت و دژە ئەقڵی وەڵامێکە بۆ مەسەلەکانی رەگەزایەتی و بە جۆرێک کە لەسەرجەم نوسینەکانیدا خۆی بە سەلماندنی ئەم مەسەلەیەوە سەرقاڵدەکات. سیمۆن دیبۆڤوار لە کتێبی ((رەگەزی دووەم))دا روانگەی خۆی سەبارەت بە ژنان لە چەندین شێوازدا دیاریدەکات:

● ئەو چەمکێکی تری ئێگزیستانیالیستی سەبارەت بە پیاوان بەکاردەهێنێت و بوونی پیاو بە دروستکەری دۆزەخ و تێکدانی بازنەی تاکەکەسی و ئـازادی ژن لە کـۆت و بەندی دیلیەتی هەمیشەییدا دەهێڵێنەوە، دوو هۆکاری سەرەکی (هاوسەرگیری و دایکیایەتییە). ئەو

بە توندی سیستەمی خێزان وەکو کۆڵەکەی گرنگی ژیانی کۆمەڵایەتی و پەروەردەکردنی مرۆڤەکان رەتدەکاتەوەو هاوسەرگیری بەهۆکاری نەجوڵان و بەدبەختی ژنان دەزانێت.

● بەشێکی تری کتێبەکە جیاوازییەکانی نێوان ژن و پیاو لە رووی لایەنە کۆمەڵایەتییەکان و ژیانناسییەوە شیکردۆتەوە. ئەو بە ئاشکرا جیاوازییەکانی نێوان ژن و پیاو دەزانێت، کەچی لەگەڵ ئەوەشدا ژنانی بۆ هەڵسوکەوت و کرداری پیاوانە بانگهێشت کردووەو بڕوای بە مەعنەویکردنی ئەم کارەیە.

● سیمۆن دیبۆڤوار کاریگەری کولتوری لەسەر جیاوازییەکانی رەگەزایەتی بەرجەستەکردووەو بە ناساندنی هۆکارو دەرەنجامە جیاوازەکانی لە کۆمەڵگەدا، جیاوازییە رەگەزییەکان بە کەوتنە ژێر کاریگەری کولتوری کۆمەڵگە دەزانێت، دیارە بەم جیاوازییە هیچ تاکێک بە ژنی لە دایک نابێت، بەڵکو دواتر دەبێتە ژن.

● سیمۆن دیبۆڤوار لە چوارچێوەی پێکهاتەخوازی کۆمەڵایەتیدا جیاوازییە رەگەزییەکانی خستۆتەڕوو، باوەڕیوایە کە ((ژیار، نەتەوەیەکە)) و بونەوەرێکی ناوبژیکەری نێوان پیاو و ژنە، کە پێکهاتە دیاریکراو و ئاشکراکان، یەکێکیان بە ژن و ئەویتریان بە پیاو دەردەکەوێت..

● دیبۆڤوار، مەسەلەی زەینیەت بەمجۆرە دەخاتەڕوو کە (زەین، چوارچێوەیەکی بەتاڵە لە رەگەزو شێوازی رەگەزی)) ئەو بڕوایوایە کە ژن چەمکێکی تەواو دیاریکراو و سەلمێنراوەو لەهەمانکاتیشدا بە چەمکێکی تاکەکەسی لە قەڵەمدەدرێت کە لەگەڵ پیاوان جیاوازە. باشترین رێگای رووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ئەم جیاوازییەیە، لانیکەم گەیاندنی ئەم جیاوازییە لە زەیندا، هەربۆیە ژنان هاندەدات کە وەک پیاوان بکەن و بە ناسینی خۆیان وەک تاک، خۆیان بگەیەننە ژیانێکی ئامانجدار.

● دیبۆڤوار هەستێکی گونجاو و چالاک لە ژیانی هزری کۆمەڵایەتی دەخاتەڕوو. بە گوزارشتێکی تر ئەو ڕێکارە تیۆریانەی تایبەتن بە تاک، دەربارەی پێگەی ژنان دەخاتە بەردەست و ئەو ڕێگا چارانەی تا ئێستا پێشنیازکراون، زۆر بە دواکەوتوانە دەزانێت. ئەو ڕێکارە بەرچاوەکانی وەک بەرگری بۆ زیادبوونی ڕێژەی ژنان لە پەرلەمان، یان لە پۆستە گرنگەکاندا، یان لەبەرچاوگرتنی مافی میرات و مافی دەنگدان بۆیان، زۆر بە لاواز دەزانێ. لەبەرامبەردا گۆڕینی ڕەگەزی زەینی، بە باشترین ڕێگەی سەرکەوتنی ژنان دەزانێ.

● دیبۆڤوار لە ڕۆمانی ((هـات کە بمێنێتەوە)) سەرەتا دژە ژن بوونی کولتوری بـۆرژوازی فەرەنسا وێنا دەکات، دواتر قۆناغی بە کردەوەکردنی ئەو کارە نیشاندەدات و لە ئاکامدا ڕوونیدەکاتەوە، کە ئەگەر ژنان ئازادبن، دەتوانن هەموو شتێک بکەن، ((تەنانەت کرداری کوشتنی ئەویندارەکەشیان)) ئەو شتەی کە دیبۆڤوار بە سەدەی بیستەمی بە دیاریهێنا، تێگەیشتن و دەرک پێکردن لە ڕەگەز، وەک شێوەیەکی بنەمایی جیاوازی کۆمەڵایەتییە، باسە سەرەکییەکانی دیبۆڤوار بریتین لە :

●چالاکبوونی ژنان (پایەو بنەمای ناسینی بیرکردنەوەی دیبۆڤوار لەم خاڵەدا ڕێ تێچووە)

●پەیوەندی ژنان بۆ ناسین (مەرجێک کە هاوکات کلتوری باوکسالاری خۆرئاواش دەخاتەڕوو)

●باوەڕهێنان بە گۆڕان و گۆڕینی کۆمەڵایەتی (سیاسەت و حکومەت، کە دەبێت بە شێوەیەکی بنەڕەتی بگۆڕێن).

پێگەی دیبۆڤوار لە پەیوەست بە فێمێنیزم چەند لایەنەیە:

لەلایەک هەر مەرجێک کە لەلایەن فێمێنیزمەوە بێتە ئاراوە، لە خۆگری کارەکانی دیبۆڤوارەو لەو شوێنەوەیە کە فێمێنیزم لەسەر بەشەکانی

ترو کلتورە هزرییەکانیش کاریگەری هەیە، هەربۆیە کارەکانی سیمۆن لە هەندێک دەقی بەدەر لە دەقە فێمێنیزمییەکانیش بەرچاودەکەون.

دیبۆڤوار رۆڵێکی سەرەکی لە پەرەپێدانی فێمێنیزم نەگێڕا، بەڵکو لە راستیدا بۆخۆی لەلایەن شەپۆلی دووهەمی فێمێنیزمەکانەوە دۆزرایەوە، واتە بە نیشاندان و پێگەی پلەی دووەمی ژنان لە کۆمەڵگەدا، فێمێنیستەکان ئەویان دۆزییەوە. دەکرێت بڵێین کە دیبۆڤوار لە بواری بنەما سەرەکییەکانی خۆی لەگەڵ فێمێنیزمەکان ناکۆکی هەبوو:

- دیبۆڤوار پیاوەتی پەسەنددەکرد و خوازیاری ئەمە بوو، کە ژنان زەینی خۆیان وەکو پیاوان لێبکەن، بۆئەوەی کە سەرکەوتوو بن.
- رەگەزخوازی وەک کێشەیەکی یەکجارەکی و کۆتایی کردەوەی رەگەزی پەسەند دەکرد.

ئەگەرچی ئەو دوو دیدگایە بە توندی لەگەڵ بیرکردنەوەکانی فێمینیستەکانی سەدەی نۆزدەدا لە ناکۆکیدا بوو، لەگەڵ ئەوەشدا فێمێنیستەکان بەردەوام دیبۆڤواریان پەسەند دەکرد و ئەویان بە یەکێک لە خۆیان دەزانی. دیبۆڤوار لە کۆتاییەکانی دەیەی شەستدا پەیوەندیکرد بە رێکخراوی بزاڤی ئازادی ژنان و لە واژۆکەرانی پەیڕەوەکەیان بوو.

پێشنیارە گرنگ و بەرباسەکان لەم پەیڕەوەدا، لەباربردنی کۆرپەلە، مەنعکردنی منداڵبوون، هەروەها رێکارەکانی وەک سپاردنی منداڵان بە ناوەندە حکومییەکان، راهێنانی منداڵانی ئاقیگەو سکپڕی دەسنکردی ژنان لە رێگەی مناڵ پەروەردەکەرەوە و لابردنی کۆت و بەندەکانی ژیانی خێزانی بوو.

4- شیکارییەک لەسەر کتێبی ((رەگەزی دووەم)):

دەوترێت کە کتێبی ((رەگەزی دووەم))ی سیمۆن دیبۆڤوار، یەکێک لە پڕفرۆشترین و پڕخوێنەرترین کتێبە سەبارەت بە ژنان.

دەتوانین بایەخی ئەم بابەتە لەم بوارانەی خوارەوە هەڵهێنجین:

● کەم کەس هەیە کە خوێندنەوەی زانستی لە بارەی بزوتنەوەکانی ژنـان و فێمێنیزمەوە هەبێت، بـەڵام کتێبی ((رەگــەزی دووەم))ی نەخوێندبێتەوە.

● ئەم کتێبە بۆ زۆر کەس بەسەرچاوەیەکی دیاریکراوی مێژوویی لە قەڵەمدەدرێت.

● ژمـارەیـەک بۆ خستنەڕووی رەخنەو لێکۆڵینەوەی زانستی دەیخوێننەوە.

● هەندێک کەس بە پیرۆز لە قەڵەمیانداوەو بە ((کتێبی پیرۆزی فێمینیستەکان)) ناویانبردووە. لەوانە مونیک رۆمی لە کتێبەکەی خۆیدا (Utopieal integration, p29 ?) نازناوی پیرۆزی بە بەرهەمەکانی سیمۆن داوە.

● ئەدەبیات و پێنوس و شێوازی نوسینی سیمۆن بۆ هەندێک کەس، پێگەو بایەخێکی بەرزیان هەیە. هەروەکو چۆن لین تۆماس باوەڕیوایە، کە دەتوانین لەسەرێکەوە نوسینی گرنگی ئەدەبی و پێنوسی بەهێز لە کتێبەکانی سیمۆندا بدۆزینەوە و لە سەرێکی ترەوە بەرهەمەکانی ئەو، بەشێکی گرنگن لە بنەما بنەڕەتییەکانی فێمێنیزمی نوێدا.

● هەندێک کەس لایەنی چۆنیەتی و چەندێتی جێ متمانەی سیمۆن دیبۆڤوار بیردەخەنەوە، هەروەکو مۆنلریۆ لە کتێبی ((ژنانی سەدەی بیستەم)) کتێبی ((رەگەزی دووەم))ی سیمۆن دیبۆڤواری وەکو دانراوێکی بنەڕەتی و گرنگ خستەوەبیر، کە ناوەڕۆکەکەی پێویستە ببێتە نمونەی فێمێنیستەکانی سەردەم. لە رووی چەندێتیەوە بە ژمارە فرۆشی کتێبەکە (1004435) بەرگ بووە لە ساڵانی (1949) تا (1997)دا، واتە پڕ فرۆشی کتێب، بایەخی کتێبەکە پەسەند دەکەن. کاترین رودیژر دەنوسێت: ئەم

کتێبە لە هەفتەی یەکەمدا (22000) دانەی لێفرۆشراوە.

● هەندێک لە لێکۆڵەران روانینی فرە رەهەندی و زانستییەی سیمۆن دیبۆڤوار دەخەنەڕوو، بڕوایانوایە کە سیمۆن رەهەندە جیاوازەکانی زانستی لە زانستی مرۆییدا بەکارهێناوە، هەروەک چۆن رەهەندە فەلسەفی، دەروونی، ژینگەناسی، ئەدەبی، مێژوویی و کۆمەڵناسی پێکەوە ئاوێنەکردووەو لەم کارەدا دەتوانین بڕوانینە کتێبی ((رەگەزی دووەم)). ئەو بەم شێوازە بووە هۆکاری ئەفراندنی روانینە جیاوازەکان و خستنەڕووی هەندێ پرسیاری قووڵ لەبارەی دۆخی ژنانەوە لە بوارە زەینی و ئۆبژێکتیفی و پەرەسەندنە زانستییەکانەوە، هەڵبەتە دوابەدوای ئەوە، هەڵوێست وەرگرتنە زۆرەکانی رەخنەگرانیش پەرەیسەند.

●سەرەنجام هەندێکیش ئەم کتێبە بێ کەموکورتی نابینن و باوەڕیانوایە، کە سیمۆن کەسێکی دوو دڵ، بوغز لە سک، سادیزمی بێت، کە ئەم نیشانانە بەروونی لە بەرهەمەکانیدا بەدیدەکرێت.

●هەندێکیش پێیانوایە کە کتێبی ((رەگەزی دووەم)) ئەزمونە زانستییەکانی خۆی پێشتر خستۆتەڕوو، لەبەرئەوەی بە جارێک چاپ نەبووەو بەشە جیاوازەکانی بەشێوەی کۆمەڵە وتار لە گۆڤاری ((سەدەی نوێ)) کە خۆی سەرنوسەری بوو بڵاوکراوەتەوە، پاشان دوایین کتێبەکانی کەوتوەتە بازاڕەوە. لەوانە ئەفسانەی ژنان لە مانگی فێبریوەری، پێشەکیەک لەسەر مەسەلە رەگەزییەکانی ژنان لە مانگی مایس، هاو رەگەزایەتی لە مانگی ژەنیوەری و دایکایەتی لە مانگی تەمموزی ئەم گۆڤارانە بە خێرایی دەفرۆشران و هەروەکو چۆن کاترین رودیرژ دەیچوێنێت، کە ئەم گۆڤارانە وەکو نان دەفرۆشران.

ژوزیان ساویگما لە کۆنفرانسی پەکین پێشنیاز بۆ ئامادەبووانی خوێنەری کتێبی ((رەگەزی دووەم)) دەکات و نازناوی هەڵبژاردەی

فێمێنیستەکان پێدەداتْ. بە بڕوای ئەو ئەم کتێبە پێگەیەکی گرنگی لە دڵی مێژوو باس و خواستەکانی ژنان و فێمینزمدا بەدەستهێناوەو بەهاو هەڵسەنگاندنێکی پۆزەتیڤە لەسەر فێمینزمی فەڕەنسا و زانستی فێمینزمی.

5- رەخنەگرانی سیمۆن دیبۆڤوار:

لە بارودۆخێکدا کە فێمێنیزم لە لقە جیاوازەکانی زانستدا رەگی داکوتاوەو رۆژ لە دوای رۆژ رێژەو جۆری فێمێنیزمەکان روو لە زیادبوونە، ئیتر کتێبەکانی سیمۆن دیبۆڤوار لە پیرۆزی کەوتوون، تەنانەتْ هەندێک لە رەخنەگران لە دەیەی هەشتاکانەوە تا ئێستا بە رەتکردنەوەی بیرو بۆچونەکانیەوە خەریک بوون و تا ئەو جێگایەی کە بینەری رەخنەو گەشەی بۆچوونە نێگەتیڤەکانین، سەبارەتْ بە کەسایەتی زانستی و دەروونی سیمۆن دیبۆڤوار. بە بۆچوونی رەخنەگران، کتێبی رەگەزی دووەم بەدەستْ کەمی زانیاری فەلسەفی سیاسی و لاوازی کەسایەتی دانەرەوە دەناڵێنێتْ، ئەوان لە لێکۆڵینەوە جۆراوجۆرەکان و لە رێورەسمی رێزلێنانیدا کە (50) ساڵ لە دوای مردنی بەڕێوەچوو، ئەم خاڵانەی خوارەوەیان خستەڕوو:

● کەمی زانستی سیاسی سیمۆن دیبۆڤوار تا ئەو رادەیە بووە، کە مەسەلە سیاسییەکانی ژنان لە سەردەمی خۆیدا (جەنگی دووەمی جیهانی)) نەناسیوەو دەرکی بە پێگەی کۆمەڵگەکەی خۆی نەکردووە.

● لەبارەی پەیوەندی لەگەڵ ژان پۆل سارتەردا تا ئەو ئاستە بووە، کە ماوەیەکی زۆر نازناوی بتپەرستییان پێدابوو.

● بەرزەفڕی نازناوێکی تریەتی کە لەلایەن رەخنەگرانیەوە پێیدەوترا، لەبەرئەوەی پێیانوابوو کە ئەو بە کتێبی ((رەگەزی دووەم))ەکەی رۆڵی هەبووە لە گۆڕین و هەڵگەڕانەوەی رەگـەزی، لە کاتێکدا کە بۆخۆی هەمیشە وەک ژنێک مایەوەو لێکۆڵەرانیش هەموو رۆژێک زیاتر جەختیان لەسەر نازانستی بوونی کتێبەکانی دەکردەوە.

به بڕوای ئەندرێ میشێل هەرچەندە ناتوانین لایەنە تیۆرییەکانی سیمۆن لەبەرچاو نەگرین، بەڵام ئەم هەڵەیەی ئەو کە ئایدیالیزم و تاکگەرایی ئاوێتەی تیۆرییەکانی خۆیکرد، بووە هۆی ئەوەی کە تیۆرییەکەی بێ بایەخ بێت.

لەو رەخنانەی تری کە لەسەر تیۆرییەکانی ئەو خستویانەتەڕوو ئەمەیە، کە هەموو ژنانی جیهان بەشێوەیەکی یەکسان لە گوشارو دەسەڵاتە دیاریکراو و تایبەتەکان دەبینێت. مەبەستی ئەو، جیاوازی نێوان ((ئەوانی تر))ە کە لە تیۆری ((ئەوانی تر))دا ئەوە دەخاتەڕوو. لە راستیدا تاکەکان تەنیا لە نێوان دوو رەگەزدا جیاوازی بەدیدەکەن. بە بڕوای ئەو، هاوڕەگەزبازان لەسەرجەم کلتورەکاندا کێشەیان هەیە.

- سیمۆن دیبۆڤوار کۆمەڵێک رستەی زۆر بە وشەو ناو و نازناو دەداتە پاڵ ژنان، کە زۆربەی فێمێنیستەکان بەو هۆیەوە گومان لە فێمێنیست بوونی دەکەن و بە بڕوای هەندێکیان ئەو کەسێکە، کە رێزو شکۆی ژنانی بەم وشانە تێکشکاندووە و کەم کەس تا ئێستا بەمجۆرە لەبارەی ژنانەوە نوسیویەتی، بۆ نموونە لە کتێبی ((هۆکارەکانی کارامەیی)) سیفەتی کچی داماو، تورە، دواکەوتوو، بەدفەڕو گرژ، سەرکێش، پڕ لەکەمی و ناشرینی، سەبارەت بە پیاوان و ژنانی تر، لاوازی سێکسی، خوازیاری سێکسی، یان راوێژکاری سێکس، هاو رەگەزباز، سەدجار لەبارچوو، دایکی نهێنی، ناڕەحەت، چارەڕەش دەخاتە پاڵ ژنان.

ئەم خەسڵەتە نەرێنییە ((نێگەتیڤە)) لەلایەن سیمۆن دیبۆڤوارەوە، نیشانەی روانینی ژێر دەستانەی ئەوە بۆ ژنـان، ئەو بە پێنوسەکەی خۆی سوکایەتی بە ژنان کردووە، هەر بۆیە یەکێک لەو هۆکارانەی کە فێمینزمەکان گومان لە فێمێنیزمبوونی دیبۆڤوار دەیکەن، هەر بەهۆی ئەو جۆرە لە نوسینەکانیەوەیەتی.

● هەروەها تویل موا لە کتێبی ((تیۆری فێمێنیزمی سیمۆن دیبۆڤوار)) شیکردنەوەیەک لە پێدراوە چۆنیەتییەکانی کۆمەڵە بەرهەمەکانی سیمۆن دەخاتەڕوو، هاوکاتێ نیشاندانی جدی و زانستی نەبوونی بیروڕاکانی سیمۆن دیبۆڤوار، ئەوانە بە ملکەچ بوون، پلارتێگرتن، ئازاردەر و مایەی سوکایەتی دەزانێت و دەیسەلمێنێ کە ئەو مانا و ناوەڕۆکانەی کە لە ئەدەبیاتدا شیاوی بەکارهێنان نەبوون و ناباو بوون، لەلایەن سیمۆن دیبۆڤوارەوە بە ئاسایی زانراون.

● سیمۆن دیبۆڤوار هەندێک چەمک لە بارەی ژنانەوە رادەگەیەنێت، کە توانای بە کردەوەیی کردنی نییە. ئەو جیاکاری رەگەزی بە تاوانی کۆمەڵگە دەزانێت، بەڵام بۆخۆی تووشی هەڵەیەکی زەقتر دەبێت و دەیەوێت ژنان پیاوانە بیربکەنەوەو کاربکەن تا پێگەیەکی هاوشێوەی پیاوان لە کۆمەڵگە بەدەستبهێنن، بەڵام لە بەرامبەر ئەم پرسیارەی کە ژنان لە چ پێگەیەکداو بە چ نرخێک و لە چ رۆڵێکدا دەتوانن سەرکەوتووبن، هیچ وەڵامێکی پێ نییە و سەرەنجام رایدەگەنێت، کە ژنان هیچ گروپێکی تایبەتیان نییە، بەڵام دەستەوەسانە لەوەی کە ناویان بنێت چی.

6- رەخنە لە بیروڕاکانی سیمۆن دیبۆڤوار:

بە روانینێکی جیهانی بە گرنگترین تیۆرییەکانی سیمۆن دیبۆڤوار، دەتوانرێت گرنگی و بایەخی زانستی ئەو بناسرێتەوە. تیۆری نایەکسانی رەگەزی کە ئەو خستویەتەروو لە دیدی زۆربەی بیرمەندانەوە، لە تیۆری نایەکسانی کۆمەڵایەتی مارکسەوە وەگیراوە. ئەو نایەکسانی رەگەزی بە خاوەن پلەی یەکەم و پلەی دووەم دەزانێت، لە کاتێکدا کە مارکس دوو توێژ لەبەرامبەر یەکتریدا دەبینێت، کە لەرووی پلەوە جیاوازییان لەگەڵ یەکتریدا نییە، بەڵکو ئەوان لە ململانێیەکی چینایەتی و کۆمەڵایەتیدایەو کاتێک کە لێکپچڕاوی کۆمەڵایەتی لە نێو هەر چینێکدا دروستبوو، پێوەندی

پەرەپێدەستێنێت و بە لە خۆنامۆبوون، سەرکەوتن بە دەستدێت و بزاڤی چینایەتی بە شۆڕش تەواودەبێت و لەکۆتاییدا کۆمەڵگەیەکی بێ چین دروستدەبێت، هەڵبەتە ئەم کارە رەنگە کاتی بێت، بەڵام دێتەدی. سیمۆن دیبۆڤوار ئەم تیۆرە بە روانینێکی نوێ و تایبەتەوە دەنوسێت. ئەو لە توێژێکدا باس لە ژنان و لە توێژێکی تردا باسی پیاوان دەکات و هەمووان لە پێکهێنانی کۆمەڵگەیەکی بێ توێژ بەکاریگەر نازانێت، بەڵکو باوەڕی بە رۆڵی گرنگ و بنەڕەتی کلتوری کۆمەڵگە هەیە، لە هێنانەوەی کۆمەڵگەیەکی بێ چین و توێژدا. ئەو تێکۆشان و هەوڵەکانی چینەکانی ژێر دەسەڵات بەلایەنی گەیشتن بە لەخۆ نامۆبوون و توانای شۆڕش لەبەرچاو دەگرێت و کاتێ کە دەڵێت: ((ئێمە بە ژنی لە دایک نابین))، مانای ئەوە نییە، کە ئێمە دەمانەوێ ببینە پیاو، بەڵکو بەو مانایەیە کە کلتور بە جۆری روانینی خۆی بەم مانایە ژن و پیاو لە یەکتر جیادەکاتەوە، لە هەمانکاتدا ئەو وێنای پیاوبوون یان ژن بوون لە نێو دەبات و کۆمەڵگای بێ چین و توێژ، بە کۆمەڵگەی بێ ژن و پیاو دەزانێت.

سیمۆن لە پەیوەندی و سازان لەگەڵ مارکس، کۆمەڵگەی بێ جیاوازی لە بواری کۆمەڵایەتیدا دەخاتەڕوو، بەڵام دژایەتی نەکردنی ئەو لەگەڵ مارکس لەسەر لەخۆ نامۆبوون، هاوخەباتی نێو چینەکان و شۆڕشگێڕی تاکەکانە و کاتێ کە ئەم بابەتە دەخاتەڕوو، بەو مانایەدێت کە کۆتایی بەدبەختی و چەوساندنەوەی ژنان بە دەست خەباتگێڕانی ژنانەوە نییە، بەڵکو پەیوەستە بە گۆڕانی کلتورەوە. دۆلف ئەم بیرۆکە و وێنایەی کە: ((ژنان و پیاوان چینێکی جیاوازی سروشتین)) لە کتێبەکەی خۆیدا بەم جۆرە دەردەبڕێت: (( ژنان و پیاوان لە گروپە کۆمەڵایەتییەکانن)) و ((ئەو چینەی کە پیاوان دەخەنە سەر دەسەڵات و بە ژێر دەستی دەمێننەوە، لە ژنان پێکهاتووە.))

ئەم چەمکە لە تویژی رەگەزی لە کتێبی سیمۆن دیبۆڤواردا نییە، بە پێچەوانەوە ئەو پێداگرە، کە بلێ ژنان هیچ چین و تویژێک پێکناهێنن، تەنانەت ئەندامی هیچ کۆمەڵەیەکیش نین. بە بڕوای دۆلف کاتێ کە سۆسیالیزم گەشەی کرد (ساڵی 1946) ئەم بابەتە بووە هۆی ئازادی ژنان. لە کاتێکدا بە بڕوای زۆر لە فێمینسنەکانی ساڵی 70 ئەم بابەتەی کە ژنان لەم رووداوەدا بە هیچ سود و قازانجێک نەگەیشتن، مسۆگەرو بەڵگەنەویست بوو. سیستەمی چەوساندنەوەی نێوان کاپیتالیزم و رژێمی باوکسالاری بە جۆرێک بەرنامەڕێژی کرابوو، کە لە چوارچێوەی خێزانەکان و کلتوری کۆمەڵگەدا، سەبارەت بە سڕینەوەی رەگەزی لەناو نەچوو. بە پێی تیۆری دۆلفی، چەمکە مارکسیتیەکان، بۆخۆیان بی خەوش نین و کەموکوڕییان زۆرە، وەکو ئەوەی کە مارکسیزم کۆمەڵە بەرهەمێکی لە هەڵاواردنی رەگەزی لە خۆیدا جێکردۆتەوە، ئێستا ئەگەر بڵێین کە تیۆری سیمۆن لەگەڵ تیۆری مارکسیستییدا یەکسانن ((گونجاون))، نەشیاو دەبوو.

*شیکاری بەراوردکاری تیۆری مارکس و سیمۆن دیبۆڤوار:
-دژایەتی چینایەتی هەیە.
تیۆری مارکس لەگەڵ تیۆری سیمۆن دیبۆڤواردا گونجاو نییە.
-لێکدژی رەگەزی هەیە
-نایەکسانی، بەهۆی بوونی جیاوازی نێوان چینەکانە.
-نایەکسانی خاوەن پلەی یەکەم و دووەمە.
-دوو چین لە بەرامبەر یەکتریدان، کە جیاوازییان نییە.
-لە کۆمەڵگەدا، ژنان بە شێوەی رەگەزی دووەم (ژێردەستە)ن.
-پێویستی خەباتی چینایەتی.
-پێویستی خەباتی کلتوری، لەگەڵ کلتورە داسەپاوەکاندا.

-باڵادەستی ئابوری نایەکسان.
-بەرهەمهێنانی نایەکسانی لەلایەن کلتورەوە.
-هاوپەیوەندی نێوان چینەکان.
-لێکترازانی نێوان چینەکان.
-لێکترازانی نێوان رەگەزی ژن و مێرد.
-لەخۆ نامۆبوون.
-پێویستی لە خۆنامۆبوونی ژنان و گۆڕینی زەینی ژنانە بۆ پیاوان لە رووی وەدەستهێنانی سەرکەوتنەوە.
-وشیاری چینایەتی.
-ژنان هیچ چین و توێژێک نین.
-گۆڕانی بنەمایی و شۆڕش.
-گۆڕانی هاوسەنگی و گۆڕانی کلتوری.

تیۆری دووەمی سیمۆن دیبۆڤوار، تیۆری ((ئەوی تر))ە کە کۆمەڵناسە تازەکان هەوڵدەدەن لە روانگەی مەسەلەی کۆمەڵایەتییەوە ئەم بابەتە بخەنە بەرباس، هەرچەند پرسیارەکە بەباشی ناخرێتەڕوو، زیاتر لە چوارچێوەی زنجیرەی پلەو پایە، رێزگرتن، پیرۆزی و سروشتگەرایی خراوەتەڕوو. سیمۆن دیبۆڤوار بێگومان بۆخۆی تێگەیشتنێکی زۆری بۆ ئەم چەمکە نەبووە، لەبەرئەوەی کە رەگەزی تر، بەمانای رەگەزێک بە خەسڵەتە تایبەتییەکانی خۆیەوە، راستییەکەی بمانای رەگەزێک جیاوازە و نەک رەگەزی دووەم، لاواز، نزم، ژێردەست، بێدەسەڵات و هتد .....

بە دانپیانان و دڵنیایی ئەوەی کە ژنان جیاوازن و قبوڵکردنی ئەم بابەتەی کە ژنان دەتوانن ئازادبن و بەسەر خۆیان و کلتوری پیاوانەی کۆمەڵگە زاڵ بن، پێویستە بۆ دامەزراندنی کلتورێکی جیاواز، بە دیقەت و ئەندێشەو وەسواسیەوە ئەم چەمکانە پێناسە بکرێنەوە. ((ئەوی تر)) واتە

پێشخستن و ئەولەویەت دان بە رەگەزی خود لە بوارەکانی ماف، ئایین، وەچەو ... هتد. لە دوای ئەوەی کە زهنیەتێکی ئازاد و سەربەخۆ بۆ تاک هاتەدی، دەبێت راهێنان لەسەر ((بوون)) و ((هەبوونی پەیوەندی)) بکات و نیشانیبدات کە ئەو ئەوی دیکەیە، نەک وەکو ئەوانی تر و نە کەمتر و نە زیاتر، بەڵکو ئەو بۆخۆیەتی بە تەواوی ماهیەتیەکانی بوونی پەیوەست بەخۆی.

لابری ئیریگارد بە بەراورد لە نێوان تیۆرەکانی فرۆیدو سیمۆن دیبۆڤواردا، رەخنەیەکی تر لە تیۆرەکانی سیمۆن دیبۆڤوار دەگرێت. ئەو باوەڕیوایە ئەگەر تیۆری فرۆید و پەیڕەوکارانی کلتوری پیاوسالاری بەرهەمبهێننەوە، لە راستیدا ئەوان پەیڕەوی کۆمەڵگە بوون، لەبەرئەوەی کۆمەڵگا خوازیاری بەرهەمهێنانەوەی کلتوری پیاو سالارانەیە. ئەوان بەم کارەی خۆیان ئەو کلتورە بەهێزدەکەن. فرۆید لە چوارچێوەی تیۆری (( ئەوی تر))دا پیاوسالاری دانەهێناوە، بەڵکو تەنیا سەلماندویەتی کە ئەوجۆرە شتە هەیە و رێک تووشی هەمان هەڵەبووە کە سیمۆن دیبۆڤوار ئەنجامیداوە، ئەوان توانای خستنەڕووی رێگەچارەو لابردنی ئەم کۆسپەیان نییە، ئەوان ئەوی تر وەکو مۆدێلێک و یەکێکی تری نەناسراو، پێشنیار دەکەن، مۆدێلێک کە پیاوانەیە و وەکو مۆدێلی بەهێزتر و باشتر، ئەوەی خستۆتە مێشکی هەموانەوە، کە ژنان دەبێت بە پێی ئەو مۆدێلە یەکسانیخوازو دادخوازبن. هەڵەی دیاری تیۆری فرۆید و سیمۆن دیبۆڤوار ئەمەیە کە ((ئیتر)) و ((دیکە)) تەنیا لە رەگەزی پێچەوانە نییە، بەڵکو لە رەگەزەکانی هاوچەشنی ئەم تیۆرییەدا دەتوانرێت کەڵکی هەبێت، لەبەرئەوەی کە هەموو ژنان لە رەهەندە جۆراوجۆرەکاندا لەیەکتری ناچن و کاتێک کە ژن پەیوەندی لەگەڵ رەگەزی بەرامبەرو پەسەندی خۆیدا هەیە، ئەو ژنە بۆ ئەو ((یەکێکی تر))ە، بەڵام ئەم دووانە چەسپانی،

((ئەوی تر)) یان لە جیاوازی رەگەزدا ماناکردووە.

بە دڵنیاییەوە مۆدێلی بیرکردنەوەی هەردووکیان لە گەشە کەوتووە و دەبێتە مۆدێلێکی فەلسەفی باو کە تەنیا خاوەن بایەخی زەینییە، هەڵبەتە بۆ ئەو کەسانەی کە ئەم بابەتە قبوڵ دەکەن و هەرگیز ناتوانن لایەنی بەرچاوی ((عەینی)) و پراکتیکیان هەبێت.

7- ئەنجامگیری:

پیاوان و ژنان لە بنچینەی مرۆڤ بوونیان پێکەوە یەکگرتوو هاوبەشن و فەرق و جیاوازییان تەنیا لە شتێکی لاوەکی و نەگۆڕ، واتە رەگەزییە. وێڕای ئەم بنەمایە پیاو لە سروشتی مرۆڤ بووندا پلەی لەسەرووی ژنەوە نییە. هەر کامڵبونێک کە دەشێ پیاو پێیبگات، ژنیش دەتوانێت پێی بگات. بنەمای بە پراکتیککردنی یەکسانی و ئازادی بۆ مرۆڤەکان و داوای ئەم شتە بۆ هەموو تاکەکان، لە گشت رەهەندەکانی ژیان داواکارییەکی گرنگ نییە، بەڵکو دەبێتە نیشانەیەک لە گەشەی زانستی و مەعنەوی باوەڕداران پێی، بەڵام لەو شوێنەی کە فیمینزمەکان پەیوەست بوون بەشەپۆلە جیاوازەکان و ئایدۆلۆژیا جیاوازەکان و روانینە سیاسی و ئایینی و فەلسەفی و مۆراڵیەکان، چەندین جۆر فیمینزم یان لە جیهان وەدیهێنا، هەرچەندە دروشمی هەموویان یەکسانی، ئازادی و وەک یەکی بووە، بەڵام ماناو سنوری جیاواز لەم چەمکانەیان لە تیۆرییەکانی خۆیاندا دەربڕیوە کە دەتوانرێت لە هەندێ بواردا لە جەمسەرێکەوە بۆ جەمسەرێکی جیاواز لەوە لێکبدرێنەوە.

سیمۆن دیبۆڤوار وەکو کەسێکی دیاری فێمێنیزمی ئێگزیستانسیالیستی (بونگەرایی) دەردەکەوێت. بە پێی ئەم روانینە ئێگزیستانسیالیستیە لە فێمێنیزم، تەنیا دەبێت لە چوارچێوەی هۆشیاری و ئازادی رەهادا

بجوڵێینەوەو بنەمای سکۆلاریز بە تەوەرەی سەرەکی بیرکردنەوەی خۆت دابنێین. لەراستیدا ژینگە مەعنەوی و ئاینیەکان لەم بیرکردنەوەیەدا بوونیان نییە.

کاتێک کە سیمۆن دیبۆڤوار، دەستی بە نوسین کرد لەبارەی مافەکانی ژنانەوە، فێمێنیزم بەو شێوەیەی ئەمڕۆ گەشەی نەکردبوو، سەرەنجام چەندین ساڵی خایاند، کە تیۆری فێمێنیزم (لایەنگری و بەرگری لە مافی ژنان) پەرەپێبدات. سیمۆن بەشێک لە دیارترین ئەو کەسانە بوو کە لەبارەی ژنان و مافەکانیانەوە قسەی کردووەو کتێبی نوسیوە، بەڵام بەگەشەکردنی فێمێنیزم بەتایبەتی لە ساڵانی (80) لە فەرەنسا، نوسینەکانی بە تێڕوانینێکی ئارامتر و زانستیتر خوێندرایەوەو لە بەهای زانستی کەم بووەوە فرۆشی کتێبەکانی کەم بووەوە.

تیۆرەکانی سیمۆن لە هەمان سەرەتادا، کە بە شێوەی کتێب چاپکرا، بە سێگۆشەیەکی سێیانە (هاوبیر، بەرهەڵستکار، بێ لایەن) رووبەروو بووەوە. هەڵبەتە چەندین ساڵی خایاند تا بەشێوەی نوسراو و زانستی بخرێتەڕوو.

گروپی یەکەم (هاوبیرەکان) لە ساڵی 1977 رایانگەیاند کە کتێبی (رەگەزی دووەم)ی سیمۆن دیبۆڤوار، سەرچاوەی سەرەکی و ژێدەری تیۆری ئەوانەو دەشبێتە کتێبی ژێدەری تیۆری بزوتنەوەی ئازادیخوازانەی ژنان.

ژوزا ساوژنۆ هەنگاوی بەرزتر دەنێت و بە نیشاندانی پەیوەندی و رێز بۆ کتێبی ((رەگەزی دووەم))ی سیمۆن دیبۆڤوار، نازناوی باشترین تیۆری فێمێنیزمی هاوچەرخی پێدەدات و جەخت لەلایەنی پیرۆز بوونی دەکاتەوە.

نانسی هۆستون دەڵێت ((بە بڕوای من فێمێنیزمە فەرەنسییەکان لە ساڵی 1970 کیژە پیرۆزەکانی سیمۆن دیبۆڤوارن، فێمێنیزم لە بەرامبەر

هیومانیزمە)) و سەرەنجام دەڵێت: کە ئایدیاکانی سیمۆن دیبۆڤوار کە لە هەر لاپەڕەیەکی کتێبەکەیدا نوسراوە، دەکرێت بەشێکی بابەتەکان و لێکۆڵینەوە رەهەندییەکان و لێکۆڵەرەکانی ئایندەبن، ئەو هەندێ هەلومەرجی بۆ فێمێنیزم رەخساند و توانی ئایدۆلۆژیاکانی سەردەمی خۆی، سەبارەت بە مافی ژنان بگۆڕێت و ، دواتریش لێکۆڵەران بە سازکردنی چەمکی تازەوە کاری خۆیان دەستپێکرد.

گروپی دووەم تیۆرەکانی سیمۆن دیبۆڤوار بە نازانستی پێناس دەکەن، هەرکاتێک بە بڕوای توریول موا، دیبۆڤوار لە چەمکەکانی خۆیدا دابەشکردنی رۆڵەکان پێناسە دەکات و رۆڵی دایک بێ بەها دەکات و تا ئەو شوێنەی دەڕواتە پێش، کە باوەڕیوایە دەبێت ئەم رۆڵە لە ژنان وەربگیرێتەوەو خۆشی وا دەردەخست، هەرگیز نەبووە دایک، لەبەرئەوەی ئەوەی بەکارێکی بێ کەڵک و بێسود دەزانی، کە دەبێتە مایەی وەستانی ژنان.

گروپی سێیەم ئەو کەسانەن، کە بە تێڕوانینێکی کۆنە پەرستانەوە رەخنەی خۆیان سەبارەت بەو ڕادەگەیەنن.

لەوانە ئەندرە میشێل کە لە ساڵی 1979 لە کۆڕی فێمێنیسنەکاندا لە سیمیناری (50) ساڵ دوای مردنی سیمۆندا وتی: ((کتێبی رەگەزی دووەم، کە تیۆرەکانی سیمۆنی تێدا بڵاوکراوەتەوە، بەشێوەیەکی زۆر سەرنجراکێش و ئاشکراو جوانە، هەرچەند بە پێگەیشتنی زانستی خۆی نەگەیشتوە.)) سەرەنجام دەتوانرێت پەی بەم کارە ببرێت، کە لە سەدەی نوێدا تیۆرەکانی سیمۆن، تەنانەت لەگەڵ کەمترین فێمێنیستیشدا ناگونجێت و بەهای ئەو لەرووی لقەکانی فێمێنیزمەوە (رادیکاڵ، پەڕگر تا سۆسیال، لیبراڵ، پۆست مۆدێرن، مارکسیستی) لەناوچووەو بزوتنەوەی ئازادیخوازانەی ژنان لە سەدەی نوێ، ساتی تا لێهاتنی خۆی دەبڕێت.

میشێل هولزف لە رستەیەکی بەناوبانگی خۆیدا دەڵێت: ((من پیاوێکم، لەمە سروشتی تر چیمان دەوێت! لەبەرامبەر ئەم قسەیەدا، لایەنگرانی بزوتنەوەی ئازادی ژنان، کە رۆژێک تیۆرەکانی سیمۆن دیبۆڤوار بە پاشخانی خۆیان دەزانی، بەم دروشمە نوێیە هەڵوێستی تازەی خۆیان رادەگەیەنن: ((من ژنێکم بۆچی ئێوەش نابن؟)) و سەرەنجام فێمێنیستە نوێکان بێباکی خۆیان بەو پیاوانەی کە دەرکیان پێناکەن، بەم رستەیە دەردەبڕن کە ((ژنێک بەبێ پیاو، وەکو ماسییەکی بێ پاسکیلە)) دەبینین کە رستەکەی تری سیمۆن دیبۆڤوار کە ((ئێمە بە ژنی لە دایک نەبووین)) کاڵ دەبێتەوە، لەبەرئەوەی ئەو جۆرە گروپەی ژنان باشتر لە پیاوان بێباک لە ژنان لەقەڵەمدەدرێت.

**سەرچاوە: WWW·Iraniamuk·com**

# سیمۆن دی بوڤوار، فەیلەسوفی ئازادی ژنان

**لە فارسییەوە: سەرهەنگ عەبدولڕەحمان**

سیمۆن دی بوڤوار فەیلەسوف و نوسەری ناوداری فەرەنسی، سەدو شەش ساڵ لەمەوبەر هاتە دنیاوە، ئەم نوسەرە بە گرنگترین ژنی روناکبیری سەدەی بیستەم لە قەڵەمدراوە، چونکە نەک تەنها لە بواری فەلسەفەو ئەدەبدا، بەڵکو لە خەباتی کۆمەڵایەتی ژنانیشدا پێگەیەکی بەرزی هەیە.

لە رۆژگارێکدا کە کۆمەڵگە کۆمەڵێک هێڵ و سنوری دیاریکراوی بۆ ژنان دیاریکردبوو، سیمۆن دی بوڤوار یەکێک بوو لە یەکەمین ئەو ژنانەی کە لە ژیانی خوێندن و چالاکی کۆمەڵایەتیدا، هاوتای پیاوان پێشکەوت، نەک بۆئەوەی کە پێناسەیەکی پیاوانە لەخۆی بگرێ، یاخود کۆت و بەندە کۆمەڵایەتییەکان تێکبشکێنێ، بەڵکو بۆئەوەی پێناسەیەکی سەربەخۆ بداتە بە ژن.

زیاد لە پەنجا ساڵ چالاکی تیۆری و پراکتیکی سیمۆن دی بوڤوار، گۆڕا بۆ هاوکاریکردنی ژنان لە دۆزینەوەی پێناسەیەکی سەربەخۆ لە بەرامبەر دنیای پیاوسالاریدا.

### هوشیاری و سەربەخۆیی

سیمۆن دی بوڤوار لە رۆژی 9 ژەنیوەری 1908 لە خێزانێکی رۆشنبیر، بەڵام زۆر کۆنە پارێز لە پاریس هاتە دنیاوە، هەر لە تەمەنی هەشت ساڵییەوە، هۆگری کتێب و خوێندنەوە بوو، ئەدەب وەکو قەڵغانێک یارمەتیدا، تا لە بەرامبەر فشاری نەریتە زاڵ و باوەکاندا دەوەستێتەوە.

له ساڵی (1925) دەچێتە زانکۆو سەرەتا لە بەشی ماتماتیک، پاشان لە بەشی فەلسەفە دەخوێنێت و بە پلەی نایاب زانکۆی تەواوکردو هەردوای خوێندنی لە زانکۆ، راستەوخۆ بووە مامۆستا، تاوەکو لەڕووی داراییەوە پێویستی بە یارمەتی خێزانەکەی نەبێت، لە بەرهەمەکانی دواتریداو چەندین جار ژنان هاندەدات بۆ گەیشتن بە ئازادی، پێویستە یەکەمجار سەربەخۆیی وەربگرن بەتایبەت لەڕووی ئابورییەوە، تاوەکو لەسەر پێی خۆیان بوەستن.

لە ساڵی (1929) دا لە کۆڕو سیمینارە فەلسەفییەکاندا لەگەڵ ژان پۆل سارتەردا ئاشنایەتی پەیداکردو تا کۆتایی تەمەنی بە یارو یاوەری مایەوە. ئەم دوانە پەیوەندییەکی پتەویان دروستکرد، کە لەسەر بنەمای وەفاو رێزگرتنی بەرامبەرو سەربەخۆیی دامەزرابوو، کە لە دواتریشدا بوونە دوو سیمای کۆمەڵگەی روناکبیری فەرەنسا، لەپاڵ کاری وانەوتنەوەو مامۆستایەتیدا، درێژەیان بە پەروەردەو فەلسەفە دا.

لە ساڵی (1931)دا سارتەر پێشنیاری هاوسەرگیری بۆکرد، بەڵام سیمۆن دی بوڤوار بەم بەڵگەیەی کە هاوسەرگیری «بنەمایەکی بۆرژوازی و دەستوەردانی نەشیاوی دەوڵەتە لە ژیانی تایبەتی هاووڵاتیان» داواکەی رەتکردەوە.

سیمۆن دی بوڤوار لە ساڵانی جەنگی جیهانی دووەمدا، کە فەرەنسا لەلایەن ئەڵمانیاوە داگیرکرا، لە پاریس بوو لە زانکۆی سۆربۆن وانەی دەوتەوە، بەڵام لە ساڵی 1943 دا سەرکێشی ئاشکراو جوامێرانەی ئەو، نازییەکانی والێکرد، کە لە کاری وانەوتنەوە دووریبخەنەوە.

بێبەشبوونی ئەو لە کاری وانەوتنەوە، هاوکات بوو لەگەڵ یەکەمین رۆمانی بەناوی «میوان» و لێبڕاویکرد کە وەکو نوسەرێکی پیشەیی درێژە بە کارو ژیان بدات.

له ساڵی 1945 و ماوەیەک پاش کۆتایی جەنگ رۆمانی «خوێنی ئەوانی تر» بڵاوبوەوە، کە بە بەرهەمێکی سیاسیی ئەژماردەکرێت، پێویستی ئاکاری بەرگریکردن لە بەرامبەر ستەم و دەستدرێژکاری، ناوەڕۆکی سەرەکی رۆمانەکەیە، نیگەرانییەکانی سەردەمانی جەنگ و قەیرانی کۆمەڵایەتی، پەیوەندی ئـازادانـەی تاک لەگەڵ ئایدۆلۆژیاو ململانێ سیاسییەکان لە رۆمانەکەدا رەنگیداوەتەوە، لەسەر بنەمای ئەم رۆمانە (کلود شابرول)ی سینەماکاری فەرەنسی لە ساڵی 1984دا فیلمێکی بەرهەمهێنا، کە جودی فاستەر رۆڵی سەرەکی تێداگێڕا.

سیمۆن دی بوڤوار لە ساڵانی دوای جەنگ لە هاوکارانی بەردەوامی گۆڤاری «لەتان مۆدێرن – سەردەمی نوێ» بوو، گۆڤارێکی گرنگ کە لەلایەن سارتەرەوە دامەزرابوو، جدیترین توێژینەوە فەلسەفی و ئەدەبییەکانی ئەو سەردەمەی بڵاودەکردەوە، زۆربەی وتارە ئەدەبی و پەیامە فەلسەفییەکانی سیمۆن دی بوڤوار، بۆ یەکەمینجار هەر لەم گۆڤارەوە بڵاوکرانەوە.

ئەو کە لەپاڵ فەیلەسوفانی وەک، سارتەرو میرلۆپۆنتی و ئەلبێر کامۆ، لایەنگری رێبازی «ئێگزیستانسیالیزم» بوو، لە چەند وتارێکیشدا بۆچوونی خۆی لەبارەی چەمکەکانی وەکو، هەڵبژاردن، پێویستی و بەڵێنی ئاکاری روونکردەوە.

سیمۆن دی بوڤوار روونیدەکاتەوە، کە مرۆڤ لە هەموو جۆرە رەوش و دۆخێکدا، دەتوانێت ئازادی خۆی مسۆگەر بکات، بەڵام ئەم «هەڵبژاردن»ە بەهایەکی هەیە، کە مرۆڤی هۆشیار و هاوچەرخ، پێویستە ئامادەی پێدانی بێت، خودی ئەو، نمونەی راستەقینەی ئەم روانگەیە بوو، بەردەوام ئازادو سەربەخۆ ژیاو بە بوێری و خۆڕاگری نیشانیدا، کە ئامادەیە بەرپرسیاریەتی هەڵبژاردنەکەی خۆی لە ئەستۆ بگرێت.

### هەموو دەمرن

لە ساڵی 1946دا رۆمانی «هەموو دەمرن» بڵاوبوەوە، کە بەهای ئەدەبی ئەوی هێندەی تر بەرزکردەوە، رۆمانەکە لەسەر زەمینەیەکی مێژوویی مەسەلە گشتییەکانی مرۆڤایەتی دەخاتەڕوو.

لە ساڵی 1947دا بۆ یەکەمینجار چوو بۆ ئەمریکاو پەیوەندی خۆشەویستی لەگەڵ «نیلسۆن ئەلگرین»ی نوسەری ئەمریکایدا دروستکرد، کە ئەم خۆشەویستییە تا چەند ساڵێک بەردەوام بوو.

لە ساڵی 1949دا کتێبی «رەگەزی دووەم» بڵاوبوەوە، سیمۆن دی بوڤوار، کە تا ئەوکاتەی پەیوەندی تایبەتی خۆی بۆ دۆزو مەسەلەکانی دەرنەخستبوو، بە بڵاوبوونەوەی ئەم کتێبە، کە هەراو زەنایەکی گەورەی بەرپاکرد، لەوپەڕی راستەوە بۆ ئەوپەڕی چەپ هێرشیانکردە سەری، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کتێبەکە خوێنەرێکی زۆری هەبوو، چووە ناو کۆمەڵەوەو تا ئەمڕۆ وەکو گرنگترین بەڵگەی فێمێنیستی ماوەتەوە، هەرچەندە نوسەر کەمێک خۆی بەدوور دەگرێ لەم بزوتنەوەیە.

لە ساڵی 1954دا جەنگی جەزائیر بەرپابوو، سیمۆن دی بوڤوار لەپاڵ رۆشنبیرانی چەپی فەرەنسادا لە رەخنەگرە جدییەکانی ئەو شەڕە بوو.

### بڵاوبوونەوەی یاداشتەکان

لە ساڵی 1958دا یەکەمین بەرگ لە یاداشتە چوار بەرگییەکەی بەناونیشانی «یاداشتەکانی کچێکی ئەرکناس» بڵاوکردەوە، سیمۆن دی بوڤوار لە بەرگی یەکەمی یاداشتەکانیدا، باس لە مناڵیەتی ئاسودەو شادمانی خۆی دەکات لە ئامێزی خێوانەکەیدا، کە لە بەرامبەر ئاسودەیی و ئارامیدا مەبەستیەتی ئاکێتی ئازادی بچەسپێنێ.

لە بەرگەکانی دواتری کتێبەکەدا، کە لە ساڵانی دواتر بڵاوبووەوە، سیمۆن دی بوڤوار باس لە گەشەکردنی فکری و پەیمانە کۆمەڵایەتییەکانی خۆی دەکات، هەروەها باس لە پێگەو بەرپرسیارێتی خۆی وەکو نوسەرو پەیوەندی لەگەڵ سارتەر دەکات و لە بەرگی چوارەمیشدا بە ساڵانی پڕ ڕووداوی (1960)ەوە سەرقاڵ دەبێت.

سیمۆن دی بوڤوار لە ساڵی (1960)دا پەیوەست بوو بە شەڕی بەرگریکردن لە جەمیلە بو پاشای ژنە لاوی جەزائیری، کە بەهۆی خەبانکردن لە ریزەکانی بـەرەی ئازادیخوازی جەزائیر لەلایەن سوپای فەرەنساوە دەستگیرکراو ئەشکەنجە درابوو.

لە ساڵی (1963)دا دایکی کۆچی دوایی کرد، سیمۆن کە بینەری رەنج و ئازارەکانی دایکی بوو لە ساڵانی پیری و نەخۆشیدا، لە پرسەکەیداو بە میهرەبانی و هەستیارییەکی لە رادەبەدەرەوە «مەرگی ئارام»ی نوسی.

لە ساڵی (1967)دا کۆمەڵە چیرۆکێکی بڵاوکردەوە، کە ناوەڕۆکەکەی بریتیبوو لە بەسەرهاتی ئەو ژنانەی لەناو کۆمەڵگەی پیاوسالاریدا، بەرگری لە شوناسی خۆیان دەکەن، لە هەمان ساڵدا پەیوەندیکرد بە دادگای نێودەوڵەتی (راسڵ)ەوە بۆ لێپرسینەوە لەتاوانەکانی جەنگی وڵاتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا لە ڤێتنام.

لە ساڵی (1970)دا کتێبی گرنگ و جوانی «پیری - بەساڵاچوون»ی بڵاوکردەوە، کە پێکهاتبوو لە تێڕامانە فەلسەفی و کۆمەڵایەتی و مرۆییەکان لە دواهەمین قۆناغی ژیانی مرۆڤدا.

لە سەرەتاکانی دەیەی (1970)دا سیمۆن دی بوڤوار، کە تا ئەوکاتە پەیوەندی راستەوخۆی بە بزوتنەوەی ئازادی ژنانەوە نەبوو، دەستیکرد بە چالاکی نواندن لە بزوتنەوەی بەرگری لە مافەکانی ژناندا، لە ساڵی 1971دا لەپاڵ هەزاران فەرەنسایدا بەڵگەنامەیەکی واژوکرد کە دژی یاسا کۆنەکانی

کۆمەڵگە وەستانەوە، هەر بە درێژەدانی خەباتی ئەم بزوتنەوەیە بوو کە سەرەنجام لە ساڵی (1974) دا «لەبارچوونی ئاوڵەمە» بە یاسایی کرا.

لە ساڵی (1980)دا سارتەر کۆچی دوایی کرد، ماوەیەکی کەم دوای مردنی سارتەر، دی بوڤوار کتێبی «رێورەسمی ماڵئاوایی» وەکو رێزلێنانێک لە هاوڕێ و خۆشەویستی ژیانی بڵاوکردەوە.

سیمۆن دی بوڤوار لە 1986/4/14 داو لە تەمەنی 78 ساڵیدا لە پاریس کۆچی دوایی کرد و لە گۆڕستانی مون پارناس لە تەنیشت سارتەر بەخاک سپێردرا، لەدوای مردنی کۆمەڵێکی زۆر لە یاداشت و بیرەوەری و نامە عاشقانەکانی بڵاوبوونەوە.

**بەردی بناغەی بزوتنەوەی ئازادی ژنان**

سیمۆن دی بوڤوار چیرۆک و بەسەرهات و رەخنەو وتاری زۆری نوسیوە، بەڵام ئەمڕۆ زیاد لە هەر شتێ، وەکو نوسەری کتێبی «رەگەزی دووەم» بایەخ و ناوبانگی هەیە.

ئەم کتێبەی لەدوای بڵاوبوونەوەی، تا ئەمڕۆش، جێگەی لێدوان و مشت و مڕە، بەڵام هەروەکو بەپێزترین کتێب لە توێژینەوەی پێگەی ژنان و بەرهەمێکی سەرەکی و گرنگ لە لێکۆڵینەوەی فێمێنیستی بایەخی خۆی لەدەستنەدا.

پەیامی سەرەکی کتێبەکە رستەیەکە، کە لەوانەیە بەناوبانگترین دروشمی بزوتنەوەی فێمێنیزمی بێت «مرۆڤ بە ژنی نایەتە دنیاوە، بەڵکو دەبێتە ژن!».

ئەم روانینە رەگی لەپێشینەی فەلسەفی بیروڕاکانی سیمۆن دی بوڤوار و روانگە ئێگزیستانسیالیزمییەکەیدا هەیە، کە باوەڕی بە سروشتێکی دیاریکراو نییە بۆ مـرۆڤ، ژنیش وەکو بوونەوەرێکی مرۆیی، ناتوانێ

سروشتێکی تایبەتی هەبێت، ئە بەگوێرەی بوونی خۆی بە سادەیی خوازیاری کامەرانی و ئازادییە، هەروەها مەیلی هەیە توانا فکری و رۆحییەکانی خۆی شکۆڤە بکات و وەڵامی پێویستییە جەستەیی و دەروونییەکانی خۆی بداتەوە، بەڵام کۆمەڵگە هەموو ئەم توانایانەی لێوەردەگرێتەوەو بوونەوەرێکی پاشکۆ، یان وابەستە دروستدەکات، بۆچی؟

لە خێزاندا باری سەرەکی بەسەر شانی ژنەوەیە، بەڵام پیاو بە سەرۆک و سەرپەرشتیاری خێزان دەناسرێت، کۆمەڵگە وا دەردەخات کە ئەم پێودانگ و بڕیارانە بە قازانجی ژن و گەشەی کۆمەڵگەیە، بەڵام لە راستیدا تەنیا بۆ سەپاندنی کوێخایەتی و سەروەرێتی پیاوانە.

سیمۆن دی بوڤوار بە خوێندنەوەو لێکۆڵینەوەکانی خۆی گەیشتبووە ئەو بڕوایەی کە تەنانەت لە ئەندێشەی فەلسەفیشدا، ژن پێگەی نزم و نەویتری لە پیاوان هەیە، لە پێناسەی بوون، یان خودی مرۆیدا «کە بە هەرحاڵ جێگەی گومانە» هەمیشە بوونی پیاوان مەبەست بووە، تەنانەت لەو جێگایانەی کە باس لە پەیوەندییەکانی ژنیش کراوە، دیسانەوە هەموو شتەکان لە روانگەی پیاوانەوە دەربڕاوە.

سیمۆن دی بوڤوار لـەم خاڵە فەلسەفییەوە، دەچێتە سەر خستنەڕووی ئەو پرسە بونیادیانەی کە باسەخی سیاسی و کۆمەڵایەتیان هەیە: ژن چییە؟ چۆن پیاو گۆڕا بۆ کرۆکی راستەقینەی کلتورو ژنی خستە پەراوێزەوە؟ ژن لەکوێ و چۆن دابەزی بۆ کەسی پلەدوو گۆڕا بۆ «ئەوی تر»؟ سەروەری پیاوان لەکوێ و چۆن بەرجەستەبوو؟ پێکهاتەکانی پیاوسالاری چۆن دەرکەوتن و بۆچی بەم شێوەیە سەخت و پتەون؟ دروستکەرانی ئەم کلتورە کە هەبووە، بۆچی بەم جۆرە دروستیکردووە؟ چۆن دەتوانرێت میکانیزمەکانی ستەم لەسەر ژنان بگۆردرێت؟

بۆ وەڵامدانەوەی هەموو ئەم پرسیارانە، سیمۆن دی بوڤوار

پرۆژەیەکی گەورەی خستەڕوو، کە ئامانجەکانی لێکۆڵینەوەی رەوشی ژنە لە سەرجەم رەهەندە کۆمەڵایەتی و فەرهەنگییەکانیەوە.

ئەو بۆ لێکۆڵینەوە فراوانەکەی خۆی، کنەو پشکنینی هەموو سوچ و قوژبنەکانی فەرهەنگی مرۆڤایەتی دەکات، پاشماوەی مرۆڤ لە لە تەختی مێژووەوە لە روانگەی زانستی مرۆڤایەتییەوە، تا کۆمەڵگەی هاوچەرخ بەدواداچوونی بۆدەکات، لە رەوتی ئەندێشەی مرۆڤایەتیداو لە ئەفسانە کۆنەکانەوە، تا ئەدەبیاتی مۆدێرن، هەمیشە جیهانبینی پیاوسالار زاڵبووە، زۆرینەی رەهای پێودانگە کۆمەڵایەتی و دیاردە کلتورییەکان پشکیان هەیە لە ئاراستەکردنی نایەکسانی ژنان و پیاوان، لە رەوتی مێژوودا ئامادەگی ژن بەشێوەیەکی گشتی لەبەرچاونەگیراوە، پیاوان مێژوویان لە دیدی پیاوان نوسیوەتەوە، لە زۆربەی بەڵگەنامە گرنگەکانی فەرهەنگی، تەنانەت لە نوسینە پێشڕەوەکانی دنیای مۆدێرن، رەگێکی دژایەتیکرن و باوەڕنەبوون بە تواناکانی ژن بوونی هەیە.

لە سانی بەرجەستەبوونی فەرهەنگی مرۆڤایەتی و لەگەڵ گەشەکردنی بوارە کۆەڵایەتییەکانی لەپێشتربوونی پیاوان، پیاو هەڵگرو داهێنەری فەرهەنگەکە بووە «کرۆک»و بابەتی سەرەکی و ژنی گۆڕی بوونەوەرێکی وابەستەو لاوەکی یان «ئەوی تر»

«رەگـەزی دووەم» ئازایانە کەوتە رەخنەگرتن لە پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکان و هیچ پیرۆزییەکی بۆ چەمکەکانی وەکو پەیمانی کوێرانە بۆ ژیانی هاوسەرێتی یان وەفاداری یەک لایەنە بۆ هاوسەر، یاخود فیداکاری لە رێگەی خێزان.

کتێبی «رەگەزی دووەم» یەکسانکردنەوەیەکی رادیکاڵ و سازش نەکردن بوو، لەگەڵ سەرجەم ئەو باوەڕە پێشداوەرییانەی کە بە درێژایی چەندین سەدە ببوونە باو، ئامانجەکەشی ئاراستەکردنی دەسەڵات و

سەروەری پیاوان بووە، هەروەها کتێبەکە ئەفسانەی لەپێشتری پیاوانی بۆ هەمیشە پوچەڵکردەوە.

خەباتی ژنان لەپێناوی یەکسانیدا، لە سەرەتای سەدەی بیستەمەوە دەستیپێکردبوو، بەڵام ئەم بزوتنەوەیە تا بەر لە «رەگـەزی دووەم» لە بنەمایەکی تیۆری بەهێز بێبەشبوو، ئەم کتێبە بەلانی کەمەوە، تا رادەیەکی زۆر ئەم رۆڵەی لە قۆناغێکی گرنگ لە خەباتی ژناندا گێڕا.

سەرجەم پارێزەرانی نەریتەکۆنەکان، هەر لە کەنیسەوە بگرە، تا ناوەندە کۆنەپارێزەکان، بوونە دوژمنی کتێبی «رەگەزی دووەم» و هێرشیانکردە سەر نوسەرەکەی، لە ساڵانی دواتر لەگەڵ گەشەکردنی تیۆری فێمێنیستی، کتێبەکە لەلایەن هەندێ لە وتەبێژانی بزوتنەوەی فێمێنیستیشەوە، بووە جێگەی رەخنە، بەڵام تەنانەت رەخنەگرانیش پەسەندیانکردووە، کە هیچ کتێبێک تا ئەم ئاستە بۆ بزوتنەوەی ژنان گرنگ نەبووە، بەهەمان ئەندازەش ژیانی خودی سیمۆن دی بوڤوار بوو، کە بە وەفاداری بەرامبەر بە فەلسەفەو ئامانجەکانی، هەمیشە بەو جۆرە ژیا، کە خۆی بۆخۆی خواستبوو.

**سەرچاوە:**

**www·Iranianuk·com**

# سیمۆن دیبۆڤوار تێگەیشتن لە رەگەزی دووەم

**لە ئینگلیزییەوە: شاسوار کەمال مەحمود**

سیمۆن دیبۆڤوار (1946–1986) فەیلەسوفی بوونگەرایی فەرەنسی، هاوکاتێ وەک روناکبیرێکی گشتی، چالاکوانێکی سیاسی، تیۆریستێکی فێمێنیستێ و کۆمەڵایەتی ناسراوە. ئەو خۆی وەک فەیلەسوف نەناسیووە، بەڵام کارو هاوبەشە مەزنەکانی لەبواری بوونگەرایی و فێمێنیستی بوونگەراین، ئەو دەکەنە فەیلەسوف و فیمێنیستی دیاری سەدەی بیستەم. نوسینەکانی دیبۆڤوار جۆراوجۆرن: رۆمان ، وتار ، ژیاننامە ، دەربارەی فەلسەفە، سیاسەتێ و کێشە کۆمەڵایەتییەکانن.

**فەلسەفەی فێمێنیستی دیبۆڤوار**

لە کتێبی ( رەگەزی دووەم– The Second Sex)دا، دیبۆڤوار زۆر راشکاوانە دەست بۆ گرفتەکانی ژنان دەباتێ. سەرەتا باس لە چەمکی ئافرەتێ بوون دەکاتێ و دەپرسێتێ ئایا لەراستیدا شتێک بوونی هەیە بەناوی ئافرەتەوە؟ ئەگەر هەشبێتێ، ئایا شتێکی پەسەندە؟ ئایا رۆڵی ئافرەتێ چییە لە جیهاندا و دەبێتێ رۆڵی ئافرەتێ چی بێتێ لە جیهاندا؟

دیبۆڤوار سەرەتا لەو راستییەوە دەستپێدەکاتێ و پێیوایە (مێ) بوون واتای ئافرەتێ بوون ناگەیەنێتێ، هەروەها ئاماژە بەوە دەکاتێ، کە ژنان هەمیشە پێویستیان بەوە هەیە، رەگەزی خۆیان پێناسەبکەن، لەکاتێکدا پیاوان هەرگیز پێویستیان بەوە نەبووە رەگەزی خۆیان بناسێنن. لەم روانگەیەشەوە رەگەزی پیاوان هەمیشە وەک رەگەزی باوی کۆمەڵگە

سەیرکراوە و هاوتا کراوە بەرەگەزی مرۆڤایەتی. بەتێگەیشتنی دیبۆڤوار (نێر)بوون لە روانگەی کۆمەڵگەوە گرفت نییە، بەڵام (مێ) بوون بارێکی تایبەتە. بۆ سەلماندنی ئەم تێگەیشتنەش، ئاماژە بە بۆچوونەکانی (ئەرستۆ، سانت تۆماس) دەکات، کە ئافرەت وەک ( بوونێکی ناتەواو، یاخود مرۆڤێکی ناتەواو) وێنادەکەن.

لەم روانگەیەوە دیبۆڤوار دەگاتە ئەو دەرئەنجامەی کە، چەمکی (ئافرەت بوون) چەمکێکە لە گۆشەنیگای دنیایەکی نێرسالارییەوە پێناسەی بۆ کراوە، بەو شێوەیەی کە پیاوی حەزی پێیەتی و ئارەزوویدەکات، بۆیە دیبۆڤوار پێیوایە، کە چەمکی ئافرەت بوون نابێت پێچەوانەی پیاو بوون بگەیەنێت ، چونکە ئافرەتیش وەک پیاو بوونێکی تەواو و سەربەخۆیە.

مرۆڤایەتی ئاشنایە بە پۆلێنکردنی شتەکان بە پێوەری دوالیزمی وەک:رەســەن و بیانی ، بـاوەڕدار و بێباوەڕ ، چینی باڵا و چینی خوارەوە، بەڵام دیبۆڤوار لەگەڵ ئەم پۆلێنکردنەدا نییە و پێیوایە شتێکی دروست نییە، ئەم دوالیزمیە بۆ پۆلێنکردنی نێوان رەگەزەکان ( نێرو مێ) بەکاربهێنرێت.

سەبارەت بە هۆکاری باڵادەستبوونی نێرسالاریش لە کۆمەڵگەکانی مرۆڤایەتیدا، دیبۆڤوار رەتیدەکاتەوە کە ژمـارەی پیاوان، یاخود سروشتی ئافرەت، هۆکاربن بۆ ئەم باڵادەستییە. دیبۆڤوار ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، بەگەڕاندنەوەیەک بۆ مێژوو ئەو راستیەمان بۆ دەردەکەوێت، کە هەمیشە ژمـارەی ژنان لە پیاوان زیاتر بووە. سەبارەت بەوەی کە سروشتی ئافرەت هۆکارێک بێت بۆ باڵادەستی پیاوان ، دیبۆڤوار پێیوایە سروشتی شتەکان شتێک نین، کە نەتوانرێت گۆڕانکاریان بەسەردا نەیەت، بۆیە ئەم هۆکارەش دوورە لە راستییەوە.

بە تێگەیشتنی بۆڤوار باڵادەستی پیاوان و ژێردەستی ژنان، دەگەڕێتەوە بۆ خودی ژنان خۆیان. ئەو پێیوایە ژنان وەک هێزێکی کۆی یەکگرتوو هەوڵنادەن تا ناسنامەیەکی تایبەت بۆ خۆیان دروستبکەن. بۆڤوار رایدەگەیەنێت تائێستا بزووتنەوەیەکی راستەقینەی یەکسانیخوازی ژنان بوونی نەبووە لەبەر نەبوونی ئەو یەکێتییەی نێوان ژنان خۆیان.

سەبارەت بەو بۆچوونەش، کە پێیوایە ئافرەتان بەشێکی دانەبڕاون لە پیاوان و ناتوانن بەبێ پیاوان بژین، ئەو دەڵێت راستە ژنان پێویستیان بە پیاوان هەیە ، بەڵام لە هەمانکاتدا پیاوانیش پێویستیان بە ژنان هەیە بۆ دابینکردنی پێداویستیەکانیان، بە تایبەتی تێرکردنی غەریزەی سێکسی.

لە کۆتاییدا بۆڤوار دەڵێت» پیاوان لەوەدا سەرکەوتوو بوون، کە لە رێگەی دابینکردنی پێداویستیە فسیۆلۆژییەکانەوە، توانیویانە ئافرەتان کۆنترۆڵبکەن و رۆڵی پاسیڤیان پێ ببەخشن». بۆ رزگاربوون لەو بارودۆخەش ئەو پێیوایە (ئافرەتان لە رێگەی هێزی جەستەیی و دەرونی و ئابورییەوە، ناتوانن بگەنە ئازادی راستەقینە، بەڵکو لە رێگەی هێزی یەکگرتوی خۆیانەوە بۆ تێکشکاندنی ئەو دنیایەی پیاوان بۆی دروستکردوون).

چەمکی جەستە و ئافرەت بوون

لەهەمان کتێبدا ( رەگەزی دووەم–The Second Sex) دیبۆڤوار سکێچێکی روونمان دەربارەی تێگەیشتنی ئافرەت بۆ جەستەی خۆی و بۆ کاری ئۆرگانەکانی جەستەی پیشاندەدات، هەروەها باس لە کاریگەرییەکانی کۆمەڵگە دەکات بۆ دروست بوونی ئەو تێگەیشتنە.

دیبۆڤوار پێیوایە هیچ کەسێک لە دایک نابێت وەک ئەوەی کە هەیە، بەڵکو بوونمان دەرئەنجامی کۆمەڵێک هەڵبژاردەیە، کە لە ژیانماندا

دەیگرینەبەر. کاتێک لەو سەرچاوانەی خۆمان، یاخود ئەو سەرچاوانەی کۆمەڵگە بۆی فەراهەمکردووین، خۆمان بنیاتدەنێین، ئەوا تەنها بەهاکان دروستناکەین، بەڵکو لەو رێگەیەوە خۆشمان دروستدەکەین. بوونمان دەرئەنجامی هەڵبژاردنەکانمانە.

سەبارەت بە جەستەی ئافرەت، دیبۆڤوار لەڕێگای کۆمەڵێک حاڵەتەوە، دەگاتە ئەو دەرئەنجامەی کە ئافرەت لە رێگەی جەستەی خۆیەوە، دەتوانێت تێڕوانینی پۆزەتیڤ، یاخود نێگەتیڤی دەربارەی بوونی خۆی هەبێت. ئافرەت دەتوانێت جەستەی خۆی بەکاربهێنێت بەشێوەیەک کە وەک بوونێکی ئازاد مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت ، یاخود بەشێوەیەک، کە بچەوسێنرێتەوە. دیبۆڤوار پێیوایە هیچ گرفتێک دەربارەی جەستەی ئافرەت بوونی نییە، ئەوەی هەیە، پەیوەندی بە تێگەیشتنی ئافرەت خۆیەوە هەیە.ئایا ئافرەت خۆی وەک بابەتێکی ئازاد دەبینێت، یاخود وەک شتێکی بینراوی کۆمەڵگە.

بە تێگەیشتنی دیبۆڤوار - کە بیرۆکەکەی لە سارتەرەوە وەرگرتووە- ئافرەت بوون شتێکە لە روانگەی پیاوانەوە. چەمکی ئافرەت بوون چەمکێکی نێرانەیە، چونکە هەمیشە نێر سەیر کەر بووە و ئافرەتیش سەیرکراو، کەواتە مانای ئافرەت بوون مانایەکە لەلایەن پیاوانەوە داڕێژراوە، هەروەها سکپڕبوون و ئۆرگانەکانی دیکەی ئافرەت شتێک نین مایەی شەرم و نەنگی بن بۆ ئافرەت، ئەگەر کۆمەڵگە کۆمەڵگەیەکی تەندروست و کراوە بێت.

بۆ سەلماندنی بۆچوونەکانیشی، دیبۆڤوار ئاماژە بە قۆناغی منداڵی کچان و کوڕان دەکات، کە هەردوو رەگەز هەمان حەز و ئارەزوویان هەیە و جیاوازی نێوانیشیان شتێکی زۆر سادەیە. ئەو دەپرسێت بۆچی دواتر ئەم جیاوازییە گەورەتر دەبێت و گرنگی زیاتر پەیدا دەکات؟ ئەو

دەپرسێت ئەو شتانە چین کەوا لەکەسێک دەکەن ببێت بە ئافرەت؟

دیبۆڤوار لەسەر ئەم ئارگومێنتە بەردەوام دەبێت و ئاماژە بەوە دەکات، کاتێک جەستەی کوڕان و کچان گەشەدەکات، کۆمەڵگە دوو تێڕوانینی جیاوازی هەیە. سەبارەت بە جەستەی کوڕان وەک پرۆسەیەکی ئاسایی مامەڵەی لەگەڵدا دەکات، بەڵام سەبارەت بەجەستەی کچان، زۆر بە وریاییەوە مامەڵە لەگەڵدا دەکات.

پیاوان چاو لە جەستەی مێ دەبڕن ، وەک بوونێکی سێکس بەخش سەیریدەکەن، دایک بەردەوام کچەکەی دەربارەی جەستەی ئاگادار دەکاتەوە، کوڕانیش کۆمێنتی سێکسی دەربارەی جەستەی کچان دەدەن...هتد... هەموو ئەمانە وادەکەن، ئافرەت رقی لەجەستەی خۆی بێت و حەزبکات بوونی نادیار بێت.

بۆ چارەسەرکردنی ئەم بارودۆخە دەروونییەش، دیبۆڤوار ژنان هۆشیاردەکاتەوە، دەربارەی جەستەی خۆیان، کە بەهیچ شێوەیەک هەست بەشەرم نەکەن، بەڵکو بە پێچەوانەوە هەست بە فەخر و سەرفرازی بکەن ، چونکە ئەو کۆت و بەندانەی رووبەڕووی دەبنەوە، دروستکراوی کۆمەڵگەیە وسروشت لێیان بەرپرس نییە. بەڵگەش بۆ ئەو تێگەیشتنە ئەوەیە: ئایا کاتێک ئافرەتان بەتەنها لەشوێنێک دوور لە پیاوان پیاسەدەکەن و بەناو سروشتدا گەشت دەکەن، هەمان هەستیان هەیە؟ لەبەرئەمە پێویستە لەسەر ئافرەتان بەشێوەیەکی ئەرێنی لەجەستەی خۆیان بڕوانن.

هاوکات داواش لە کۆمەڵگە دەکات، بواری زیاتر بدات بە نەوەکانی بۆئەوەی ئازادی ئافرەت زیاتر گەشە بکات و بەشێوەیەکی تەندروستیش پەروەردەی سێکسی نەوەکانی (نێر و مێ) بکات، بۆئەوەی هەردوولا بەشێوەیەکی سەرنجڕاکێش لەیەکدی بڕوانن، نەبەشێوەیەکی

خۆپەرستانە.

**دیبۆڤوار وەک مرۆڤ**

سیمۆن دیبۆڤوار لەخانەوادەیەکی دەوڵەمەندی کاسۆلیک لەدایک بووە. لە قۆناغی منداڵییەوە تا تەمەنی 14 ساڵی، منداڵێکی دیندار بووە و حەزی کردووە ببێت بە راهیبە، بەڵام لەتەمەنی 14 ساڵیدا گرفتی باوەڕی بۆ دروستدەبێت و تا دەمرێت وەک کەسێکی بێ باوەڕ دەمێنێتەوە. لەرووی رۆشنبیریشەوە باوکی کاریگەری گەورەی لەسەری هەبووە.

پاش بەدەستهێنانی بڕوانامەکانی بەکالۆری و دبلۆم، لە زانکۆی سۆربۆن فەلسەفە دەخوێنێت. دوای ئەوە بەشداری تاقیکردنەوەی (agrégation)دەکات. ئەو تاقیکردنەوەیە بەیەکێک لە تاقیکردنەوە ئاست بەرزەکان دادەنرێت. هەر لەوکاتەشدا سارتەر دەناسێت و هەردووکیان بەسەرکەوتوویی لەو تاقیکردنەوەیە دەردەچن. سارتەر یەکەم دەبێت و دیبۆڤواریش دووەم. لەو کاتەدا دیبۆڤوار لاوترین کەس دەبێت، کە ئەو بڕوانامەیە بەدەست بهێنێت.

هەرچەندە سارتەر داوای لێدەکات شووی پێ بکات، بەڵام دیبۆڤوار ئەم داوایە رەتدەکاتە و لەبری ئەوە، پەیوەندییەکی هەمیشەیی لە دەرەوەی سنووری ژن و مێردایەتی لەگەڵدا گرێدەدات. دیبۆڤوار قەناعەتی بەشوکردن نەبوو، بۆیە خۆی نەخستە ناو ئەو گرێبەستەوە. دیبۆڤوار منداڵی نەبوو ، هەروەها هیچ ئیلتیزامێکی ژن مێردایەتی نەبوو، ئەمەش کاتێکی باشی بۆ گەڕاندبۆوە بۆ نوسین و بەدەستهێنانی پلەی ئەکادیمی و بەشداریکردن لەچالاکییە سیاسیەکان و گەشتکردن بۆ وڵاتان.

ساڵی 1931 دەبێتە مامۆستای دواناوەنـدی. لەماوەی کاری مامۆستایەتیدا، دیبۆڤوار پەیوەندی سێکسی لەگەڵ ژمارەیەک لە خوێندکارە کچەکانی خۆیدا دروستدەکات. هەر لەسەر ئەو کارەشی لە ساڵی 1943 دا لەکاری مامۆستایی دوور دەخرێتەوە، بەڵام ئەو لە نووسینی کارە فەلسەفی و بوونگەرابییەکانی بەردەوام دەبێت.

ساڵی 1944 یەکەم وتاری فەلسەفی خۆی بەناوی (Pyrrhus et Cinéas) بڵاودەکاتەوە. لەکۆتاییەکانی جەنگی جیهانی دووەمدا لەگەڵ سارتەر و هەندێک لە هاوڕێکانیدا بڵاوکراوەیکی سیاسی بەناوی (Les Temps Modernes) بڵاودەکەنەوە، تامردنیشی دیبۆڤوار لەو بڵاوکراوەیە کاردەکات.

ساڵی 1949 کتێبی The Second Sex بڵاودەکاتەوە.ساڵی 1954 کتێبی The Mandarins بڵاو دەکاتەوە، کە بەهۆی ئەو کتێبەوە، دەبێتە خاوەنی بەرزترین خەڵاتی ئەدەبی فەرەنسی : Prix Goncourt. دوای ئەوەش لەبڵاوکردنەوەی رۆژژمێری گەشت و سەفەرەکانی بەردەوام دەبێت.

لەساڵی 1970دا بەشداری لە بزوتنەوەی ئازادی ژناندا دەکات. ساڵی 1980 کۆمەڵێک کورتە چیرۆک بەناوی When Things of the Spirit Come First بڵاودەکاتەوە.ساڵی 1981 وتارێک دەربارەی ساڵەکانی کۆتایی ژیانی سارتەر بڵاودەکاتەوە. دوای مردنی سارتەر، دیبۆڤوار ئەو نامانەی کەسارتەر بۆی ناردبوو، بە دەستکاریکردنەوە بڵاودەکاتەوە، ئەویش لەبەرئەوەی نەبنە هۆی ئازاردنی ئەو کەسانەی تا ئەو کاتە لە ژیاندا مابوون.

ساڵی 1986 کۆچی دوایی دەکات و لەدوای خۆی ئەونامانەی بۆ سارتەر و کەسانی دی ناردبوو، بەبێ دەستکاریکردن بڵاودەکرێنەوە.

* خوێندکاری ماستەر

**سەرچاوەکان:**


1· WIKIPEDIA، THE FREE ENCYCLOPEDIA·

2· HTTP://VOICES·YAHOO·COM/THE-FEMINIST-PHILOSOPHY-SIMONE-DE-BEAUVOIR-4990508·HTML-

3· HTTP://WWW·PHILOSOPHYNOW·ORG/ISSUES/69/BECOMING_A_WOMAN_SIMONE_DE_BEAUVOIR_ON_FEMALE_EMBODIMENT·

# پەیوەندی نێوان سیمۆن دیبۆڤوار و سارتەر

**ئامادەکردنی : سەلاح سەعید ئەمین**

ئەو پەیوەندییە حیرەتئامێزەی لەهاوینی 1929دا لەنێوان ژان پۆڵ سارتەر و سیمۆن دیبۆڤواردا هاتە ئاراوە ،ئەو گەشتانەی پێکەوە بۆ باخچەی لۆگسۆمبۆرگ لەپاریس دەیانکرد، ئامادەییەکی فراوانی لەنێو قوتابیە درەوشاوەکانی فەلسەفەدا هەبوو لە ئیکۆڵ نۆرماڵ.ئەمە بابەتی کتێبەکەی کارول سیمۆر -جۆنز-ە.

سارتەر سێ ساڵ لەسیمۆن گەورتر بوو، ناوبانگێکی خراپی بۆ دروستکردبوو،نوسین و بۆچونەکانی بەوەناسرابوون کەلەهەڵهێنجانی فەلسەفەیەکی نامۆوە سەرچاوەدەگرن، کەلەسەرگەردون وەستاون، وەک چۆن لەئاهەنگەکانی قوتابیاندا بەهەڵسوکەوتە ناسروشتییەکانی ناسرابوو، لەسەرلەبەیانی رۆژێکدا دیبۆڤوار خۆی لەباخچەی لۆکسۆمبۆرگدا بینیەوە،کەوتە داوی خۆشەویستی سارتەرەوە، کەوتە ژێر کاریگەری سیحرەکانیەوە،سارتەر ساحیرێکی لێزان ولێهاتوو هاوکات ناقۆڵا بەشێوەیەکی جادویانە بوو.

سـارتـەر گـوێـی بـۆ بۆچونەکانی هـامـول»جـودە» پشت سنورەکانی حیرەت، یان مەعریفە گرت، پاشان سێ کاتژمێری بەڕێکرد لەشەقارشەقارکردنی فەلسەفەکەی بۆ پارچە پارچەی بچوک.

دوای چەند مانگێک، سارتەر دەستپێشخەرییەکی کرد بۆ دیبۆڤوار، دیبۆڤوار هاوسەرگیری بە»دامەزراوەیەکی بۆرجوازی ریسوا»وەسفکرد، و ئیدی سیمۆن هارمۆنییەکی رۆمانسی خستەروو: «کەئەوان گرێبەستێک بۆ ماوەی دوو ساڵ دەبەستن کە شیاوی بەتازە کردنەوەیە، سەبارەت پەیوەندی نێوانیان، دەستی بەسەر سارتەدا هێناو هەستیکرد بۆنی سارتەر تێکەڵەیەکە لەتوتن و موعجەنات و رایموسی «.

ئابەوجۆرە یەکێک لەپەیوەندییە پڕ حیرەتەکانی مێژووی ئەدەب دەستپێیکرد، ئەو نامانەی سارتەر بۆ خۆشەویستی نوسیونی، گوزارشتن

لەفەلسەفەیەکی ئەکادیمی سەرسوڕ ئامێز، گوزارشتن لەخۆشەویستی و ڕۆمانسیەت و خەیاڵی زانستی.

ئێمە دوو هوشاری تواوەین لەیەک جەستەدا، لەنێوان ئاسمان و زەویدا شەپۆل دەدات، دوو جەستەی ئالی بچوکین سەبارەت بەنیگەرانییەکانی بۆڤوار،ئەوان جەستەیان لێکجیابوو.

هەردوو کیان بەجیاو لەدوو شوێنی جیاوازدا بۆ ئەرکی وانە وتنەوە دامەزران، پاشان سارتەر بانگهێشتی سەربازی زۆرەملێ کراو نۆ مانگی وەک زیندانی جەنگ لەزیندان بەسەربرد،لەم ماوەیەدا پەیوەندیەکانی نیوانیان باش نەبوو، دیدو تێروانینی هەریەکێکیان دەربارەی هاوسەرگیری و پەیوەندییەکانیان تەواو لەیەک جیاواز بوو، لەگەڵ ئەوەشدا پەیوەندییەکانیان نزیکی نیو سەدە درێژەی کێشاو لەو ماوە زۆرەدا هەریەکەیان پارێزگاری لەو پەیمانەکرد کەبەیەکتریان دابوو، بەوەی هەریەکێکیان ئەویتریان ئاگادار بکات لەهەمو ئەوەی ڕوودەدات و بەسەریدا دێت.

لەکاتی سەرەمەرگیدا،دیبۆڤوار وتی:»مەرگی سارتەر لەیەکی دابڕین،هەرگیز مەرگی من نامانکاتەوە بەیەک،پێکەوە گونجانی ئەو ماوە دوورودرێژەمان پێکەوە بەسە».

سارتەر و دیبۆڤوار دوو کەرەسەی قورسن بۆ کەسێک بیەوێت ژیانیان بنوسێتەوە،ئەوەی ژیانیان بنوسێتەوە ،ئەوەی بیەوێت و هەوڵبدا بەتەواوی لەعەقڵیەتی هەریەکێکیان تێبگات، هەست بەقورسی کارەکەی دەکات،وەک یەکێک لەقوتابییەکانی سارتەری لێدێت لەقوتابخانەی «ئەلیسیە»،یەک لەقوتابییەکان دەڕوانە پۆلەوەو بەلاقرتیکردنێکەوە بەدەوروبەری قوتابییەکاندا دەڕوانێت و دوای بێدەنگییەک کە 45 چرکە دەخایەنێت هاواردەکات: « هەموو ئەم دەموچاوانە روناکییان تێدانییە».

سەرباری ئەم قورسییە، بەڵام سیمۆر-جۆنز -ی نوسەر ژیاننامەیەکی باشی بۆ هەردووکیان نوسیوە ،جگەلەوەی لەسەرو وردەکارییە تایبەتەکانی ژیانیان وەستاوە، هاوکات لەبارەی رۆمان ،شانۆ، وتار،یادەوەری و کەمپینە سیاسییەکانیانەوە دواوە، کەوایانکرد ئەم دوو بەناوبانگە ببنە ڤۆڵتێرو ڤیگنۆر هۆگۆی سەدەی بیستەم.

ئەوشتەی کەزۆر کەس لەسارتەریان چاوەڕێدەکرد سوربوونی سارتەربوو لەسەرتاقیکردنەوەی دەسەڵاتەکەی، لەکاتێکدا هێندەی دۆستەکانی دوژمنیشی هەبوو. فەلسەفەی «وجودی» رەتکردەوە، کەبەم فەلسەفەیە ناو و ناوبانگی پەیداکرد.

بێ ئەوەی لەرووی فکرییەوە هاوبەشیان بن، پلەی دووەمیان بەدەستهێنا، لەرێی دۆزە چەپە سیاسییەکانەوە، وەلێ ناکرێت بەرەهایی هەڵوێستیان بەهەلپەرست دابنرێت ،ئەمان کاتێک نەیاری شەڕی فەرەنسا بون لەگەڵ جەزائیر ،ئەمان کاتێک نەیاربون بەئەشکەنجەدان لەلایەن سوپای فەرەنساوە، خەریکبوو لەسەردەستی تیرۆریستە راستڕەوەکان تیرۆر بکرێن، بۆ ئەمڕۆ سەرجەم هەڵوێستە سیاسیەکانیان بەتەندروست دەرناکەون.

ئـەو فەیلەسوفانەی هـەوڵـدەدەن جیهان بـگـۆڕن، هەندێ هەڵەدەکەن، ئەو نوسەرانەی کەدەیانەوێت دەنگیان ببیسترێت، پێویستە لەسەریان بگەنە رێگەچارەیەکی مام ناوەند لەگەڵ چاودێریدا، ژمارەیەکی کەم لەنوسەران پارێزگاری لەئازادی فکرییان دەکەن ،وەک سارتەر و کامۆ، تەنانەت کاتێک سارتەر لەزیندانیش بوو، وەک زیندانییەکی جەنگ، شانۆیەکی لەبارەی بەرگری فەلەستینەوە لەرۆژگاری داگیرکاری رۆماندا نوسی.

**سەرچاوەکان:**

(1) ئەم بابەتەلە«التایمز»ەوە وەرگیراوەو لەپاشکۆی «المنارات» ی رۆژنامەی «المدی»دا لەژمارە«2416»ی رۆژی 7 ی ئازاری 2012 دا بڵاو بوەتەوە.

(2) سایتی :ویکیپیدیا،الموسوعە الحرە.24-4-2012

# سیمۆن دی بۆڤوار: فەیلەسوفێک لەسەرو ڕەگەزەوە، بوونگەرایەک لەسەرو بوونەوە

نەوزاد جەمال
مامۆستا لەبەشی فەلسەفەی زانکۆی سەلاحەدین

**پێشەکی**

«بوڤوار» ئەگەرچی لەژیانیدا هەرگیز خۆی بەفەیلەسوف دانەناوەو هەندێکیش پێیانوایە، لەبەرئەوەی هاوڕێ و هاوبیری «سارتەر» بووەو زۆربەی کتێبەکانی خوێندوەتەوەو پێیداچۆتەوە، ئەوا لەڕووی فەلسەفییەوە، خۆی هیچی نوێ و گرنگی نەکردووە، تاقسەی لەسەر بکرێ، بەڵام هەندێکی تر بەپێچەوانەوە، دەیانەوێ رۆڵی فەلسەفیی «بوڤوار» بەگەڕانەوە بۆ تێزەکانی لەبەرهەمەکانیدا نیشانبدەن ، و لەرێی خوێندنەوەی تایبەتەوە، مافی تەواوی ئەم بیرمەندە ئافرەتە بدەن، بۆیە لەبواری «فەلسەفەی کۆمەڵایەتی» بەتایبەت لەباس و خواسەکانی «رەوتی فێمێنیزم» دا، هەمیشە هەوڵدراوە بەشداری ئەم بیرمەندە نیشانبدرێ، چونکە «بوڤوار» وەک هەندێ نوسەر بۆی دەچن، لاسایکەرەوەو هەر خەریکی جوینەوەی گوتەکانی سارتەر، هیگڵ و مێرلۆپۆنتی و چەند فەیلەسوفێکی تر نەبووە، بەڵکو خۆشی بەسوود وەرگتن لەفەلسەفەی بوونگەرایی، رێبازی «دیاردەناسی» هۆسرێڵ و زۆرێکی تریش بەشداری خۆی هەبووە لەبواری فەلسەفەی رەوشت و فەلسەفەی کۆمەڵایەتی و سیاسیدا. جگەلەوەی هاوەشێوەی سارتەر هاوڕێی، لەبواری ئەدەبیشدا خەریکی نوسینی شانۆ و چیرۆک بووە.

**کاریگەریی سارتەر**

بوڤوار وەک قوتابیەکی فەلسەفە لەسەردەستی «مێرلۆپۆنتی»و«کڵاود لیڤی شتراوسیش» خوێندویەتی. رەخنەگرانی بوڤوار دەڵێن، رەگ و ڕیشەی فەلسەفەی سارتەر لە هزری بوڤوار دا، بەزەقی رەنگیداوەتەوە، بەتایبەت چەمکی «ئەوی تر» کەدەبێتە ژن و ئەو قسە بەناوبانگەی کەهەیەتی، کە «کەس بەژنی لەدایک نابێ، بەڵکو دەکرێتە ژن»، سەلمێنەری ئەو رایەن. بەڵام وەک نوسەری شارەزا «مارگرێت سیمۆن» دەڵێ، لەدۆزینەوەیە یاداشتەکان، کەلە ساڵی 1927 دا نوسراوە، کاتێ کە بوڤوار«سۆربۆن» قوتابی فەلسەفە بووە لە و دووساڵ پێش ئاشنابونی بە«سارتەر» ئەم گومانە رەخنەگرانە هەڵدەوەشێنێتەوە. لەوێدا بوڤوار ئەوە دوپات دەکاتەوە کە پابەندە بەخوێندنی فەلسەفەوە، بەتایبەت کاتێ قسە لەسەر ململانێ و هاوکێشەی خودو ئەوی تر دەکات. دواجار کەقسە لەسەر تەنگەژەی خۆشەویستی و زاڵبوون دەکات (Margaret A. Simons:2001). سەرەڕای ئەوەش ئەوە دەخاتەڕوو، کە کتێبی «رەگەزی دووەم» لەژێر کاریگەری نوسەرێکی ئەفریکی-ئەمریکی «ریچار رایت» دا، نەک سارتەردا نوسیووە. بەتایبەت ئەو نوسەرە کە باس لە ئەزموونی چەوسانەوە و ژێردەستەیی رەشپێستەکانی ئەمریکا دەکات (Margaret A. Simons:2001).

بۆچوونەکانی لەکتێبی «رەگەزی دووەم» دا

کتێبی رەگەزی دووەم» کە شاکارێکی گرنگی بوڤوارەو وەک لەناونیشانەکەشیدا دیارە، پەیامێکی راستەوخۆیە، کە ئافرەت- ژن وەک رەگەزی دووەم سەیردەکرێ، بۆیە بوڤوار وەک ژنەفەیلەسوفێکی بوونگەرا، هەمیشە لەڕێی ئێزو بۆچوونە فەلسەفییەکانەوە، دەربەستی کێشەو پرسی ژنان دەبێت. هەڵبەت ئەو لەسەر دەمانێکدا کە شەستەکانی «پاریس»ی شاری کلتوری و فەرهەنگی و مەڵبەندی نوێخوازی و ئازادپەروەرییە، ویستی

لە روانگەی «بوونگەراوە» باس لەبوونی کۆمەڵایەتی ژن بکات. ئەو پێیوایە ئەوەی بەسەر ژندا دێت، هەرئەوە نییە کە خۆی قوربانییە، بەڵکو وەک بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتی بوونە لایەکی جەمسەری دیالکتێکی ژن – پیاو. واتە ئەگەرچی بۆتە قوربانی، بەڵام خۆشی بەشێکە لەکێشەکە، چونکە چۆتە ئەو چێوەوە کەبۆی دیاریکراوە.

کتێبی «رەگەزی دووەم» کە بەشاکارێکی بوڤوار دادەنرێ، زۆرینەی بیرو هزرە فەلسەفیەکانی لەوێدا خسنۆتەڕوو، بەڵام تاماوەیەکی زۆر بەهۆی وەرگێڕانە خراپەکەیەوە لەساڵی (1953) وایکرد خوێنەری زمانی ئینگلیزی یان لەزمانەکانی تردا بەسادە وەریبگرن. سەرەڕای «خراپ»ی وەرگێڕانی بۆ سەر ئینگلیزی کەلەلایەن (1884)–H. M. Parshley–1953) لە (Smith College) کەهیچ شارەزایی لەواژە فەلسەفییەکان دانەبوو، کاڵوکرچی لەسەر قوڵایی گریمانەو بۆچوونەکانی بوڤوار کەوت. ئیدی ئەم وەرگێڕانە ناهەقی گەورەی بەتوانای فەلسەفیی بوڤوار کرد، چونکە وەرگێڕەکە لە بواری زیندەوەرزانی دا شارەزای هەبووە، هیچی ئەوتۆی لەفەلسەفە نەزانیوەو سەروپۆتەڵاکی تێکستەکەی وێرانکردووە، بۆیە نەیتوانیوە چەمک و تێزەکانی «بوونگەرایی» و دیاردەناسیی هۆسراڵیەکانی بگوێزێتەوە بۆ خوێنەر.

لەبەرئەوە خوێنەرو رەخنەگرانیش بەهیچ شێویەک تێنەدەگەیشتن بۆ ئەم ژنە لەرووی فەلسەفەییەوە بایەخی هەبێ؟ هەڵبەت تا ساڵی (2010) کە چاپی نوێی وەرگێڕانەکە دەرچوو، جارێکیتریش «بوڤوار»ی هێنایەوە نێو کۆڕی فەلسەفیی و بواری جێندەر و ژنناسی، ئەوجا گرنگی دەرکەوت، کەواتە تێزی سەرەکی بوڤوار ئەوەیە، کە ژن لە کۆمەڵگەی باوکسالاریدا «ئەوی تر»ە، ئەمەش وەک روونکردنەوەی یان بەکارهێنانی تێزی سارتەر سەبارەت بە پەیوەندی نێوکۆیی فینۆمینۆلۆژیانەی ژن – پیاو. هاوکات دینامیکیەتی ئاگایی لە خەبات کۆشش دژ بە ئاگایی تر.

**دیاردەناسی ژن: ژن و ئەوی تری پیاو**

وەک وتمان بوڤوار هەم بە میتۆدی دیاردەناسی-فینۆمینۆلۆژی و هەم بوونگەرایی قسە لە پێگەو چییەتی شوناسی مێینە کردووە. لەبڕگەیەکی کتێبەکەیدا، بوڤوار بۆچوونێکی سەرنجڕاکێش دیاردەناسی هەیە کەدەڵێ: «گریمان ئافرەت ناچالاک و پاسیڤترە لەپیاو، بەڵام جیاوازیەکی گەوەرە هەیە، لەوەدا تۆ بێیت کەسێک پاسیڤ بکەیت و وەک بابەتێکی ناکارا سەیری بکەیت، لەگەڵ ئەوەی کەسێک بۆخۆی پاسیڤە و بابەتێکی ناکارایە ((The Second Sex، book 2، part 4، ch. 3 (1953. ئەمەش هەر لەو باوەڕەوە سەرچاوەی گرتووە، کە لای بوڤوار ژن-ئافرەت شتێک نییە لەگەڵ لەدایکبوونەوە هەبێ، بەڵکو بونەرێک دەکرێ بەئافرەت-ژن ("One is not born but becomes a woman،- (The Second Sex، 267.

لێرەدا ئافرەتبوون، پێدراوێکی ئۆنتۆلۆژی نییە، بەڵکو پرۆسەیەکی کۆمەڵایەتیە، کەواتە دیاردەناسی ژن لای بوڤوار، دەگاتە رەچەڵەکی کێشەکە و بنکۆلی راستییەک دەکات، کە چەوسانەوەو نکوڵی لەئازادی ژن، ناگەڕێتەو بۆ بنەڕەتێک لەپێش بوونی کۆمەڵایەتی، بەڵکو ئەوە «بوونی کومەڵایەتیە» کەبوونی رەسەن-دەشارێتەوە، واتە ئازادی ئافرەت زەوتدەکات، بۆیە پرسی ژن-پیاو یا نێر-مێ، ململانێیەکە لەپێناو ئازادبوون دا، بوونێکی ئازادایە. ئەگەرچی هەرچی چەوسانەوەو زەوتکردنی ئافرەت کە لە نەریت و پرۆسەیەکی کۆمەڵایەتیدا روودەدات، هەمووی فشارو کۆتبەندێکی دەرەکین، بەڵام ناتوانن جێ بەو ئازادییە ئۆنتۆلۆژیەی مرۆڤ لێژکەن کەپێش بوونی کۆمەڵایەتی دەکەوێ.

کەواتە دیالێکتیکی ژن پیاو، پرۆسەیەکی هیگڵیانەیە، کەدەچێتە جێی هاوکێشەی ئاغا کۆیلە. لێرەدا بوڤوار بەدیالێکتیکە کاردەکات وەک چۆن کۆیلە و ئاغامان هەیە، ژنیش بۆخۆی شوێنی کۆیلەیە و بۆتە جەمسەرێکی

تر نایەکسانی پیاو.هەڵبەت ئەمە خاڵێکی زۆر گرنگە، چونکە لەو بۆچوونە باوەو سادەیەی هەندێ لە فێمێنیسنەکان هەیانە تێدەپەڕێ. بەتایبەت ئەوبۆچوونەی کە هەمیشە لەڕۆڵ و لێقەوماویی ئافرەت دا دەخولێنەوەو وانیدەگەن بەوجۆرە رزگاری دەبێت، لەکاتێکدا بەم گوتارە هێندەی تر ئافرەت بەناخی نائومێدی و زەبوونی قوڵکردنی رۆجی کۆیلایەتییدا دەبات.

بواری ئاکار: پرسی خراپە و چارەی نایەکسانی

هەڵبەت مەسەلەی نایەکسانی رەگەزیی» یەکێکە لەهەرە پرسە گرنگەگانی فێمێنیزم، کەلێوەی رەخنە لە هزرو فەلسەفەی پیاوسالاری دەگرێ بەدرێژایی مێژوو. دیارە بوڤوار جاریکی تریش هەر بەپشبەستن بە فەلسەفەی هیگڵ، بەتایبەت دیالێکتیکی ئاغا و کۆیلە چۆن نایەکسانی چارەبکەین. بوڤوار پێیوایە هیگڵ سەرکەوتوە لەچارەسەرکردنی کێشەی نایەکسانی ئەو دوانەدا لەڕێی دادوەرییەوە. مەرجی ئەو پرۆسە دادوەرییەش بریتییە لەدانپێدانانی دوولایەنە، واتە هەردوولا بەیەکسانی دان بەماف و رۆڵی خۆیاندا لەبەرامبەر یەکتری دا بنێن. هاوکات بەپشتبەستن بەتێزی فێنۆمینۆلۆژیانەی هۆسرێڵ، کەچەمکی مەبەستارییە (intentionally) ، قسە لەسەر بوونی ئافرەت بە بەمەست لەبوون گرێبداتەوە.

شایانی باسە «بوڤوار» لە کتێبی « The Ethics of Ambiguity : Bad Faith، The Appeal، The Artist » کەلەسال (1947) دا بڵاوکردۆتەوە، لەوێدا وەک ئیکزیستێنسالیستێ-بوونگەرایەک، کە بەتەنها رێگەیەکی دەزانێ، بۆئەوەی باس لەخراپە بکات لەفەلەسەفەدا، ئەو پێیوایە دەبێ ئێمە لەبواری ئاکاریشدا ئەو راستییە بزانیین، کە ئازادی مافێکی رەوشتی هەموو بونەوەرێکی مرۆڤە، هاوکات مافێکی دەست بۆنەبراویشە، واتە وەک چۆن نابێ ئازادی پێشلبکرێ، ناشکرێ زەوتبکرێ، چونکە ئەگەرچی جیاکارییەک لە نێوان ئازادی لە ناخەوەڕاو لەدەرەوەرا دەکرێ لای بوڤوار، بەڵام تێگەیشتنی

دەربارەی ئاگایی وەک کردەیەکی مەبەستدار لەژیاندا بەندە بەئازادیەوە. بوڤوار پێیوایە کە دەکرێ من نامۆبم لە ئازادی خۆم لەژیانی کۆمەڵایەتیدا، بەڵام هەرگیز لەناخەوەڕا ناکرێ لێمبسێنرێنەوە. مەبەست لەبوونی «من» ئازادییە لەبەرامبەر بوونەکانی تردا کە پیاوە. دیارە لەیەکەم فۆرمی چالاکی ئاگاییی و هۆشمەندیدا، ئازادی خۆی بەرجەستە و بەیاندەکات، بۆئەوەی مانای «بوون» بدۆزێتەوە. لە دووەم فۆرمیشدا وەک ئازادی لەهێنانی ماناکان بۆ نێو جیهان دا کاردەکات.

بۆڤوار چالاکی هۆش و ئاگامەندی مرۆڤ وەک شتێکی ناڕۆشن و ناڕوون دەبینێ و پێیوایە ناڕوونی ئێمە لەو رووەوە لەگەڵ بیرۆکەی «شکست» دایە لەژیان دا، چونکە هەرگیز ئێمە ناتوانیین، لە رێگەی پەرۆشی و سۆزو لە دەربڕینێکی مەبەستداردا، بەمانای تەواوی بوون بگەین. لەبەرئەوەی هەرگیز لەوەدا سەرناکەوین و تاتەواو پەردە لەسەر مانای جیهان هەڵماڵین. هەرگیز ناتوانین حەزی دەربڕینی ماناکانمان سەبارەت بەجیهان تەواو بگەیەنینە ترۆپک و ئەنجامی کۆتایی، بۆیە وێنەی «مرۆڤی ئاکاری»ی، رەوشتیی لای بوڤوار لەلایەنی سۆزەوە دەبزوێنرێ، بەڵام نابێتە مەبەستێکی سەرەکی لەبووندا. ئیدیی جیاوازتر لە حەزی خۆپەرستانە و یاخییانەو شێتانەی ستەمکاری، پەرۆشی و سۆزی رەوشتیی بە بەخشندەیی پێناسەدەکرێ، بەتایبەت بەخشندەیی لە ئاستی دانان بەجیاوازی لە ئەوی تر و بەپێچەوانەوە. هاوکات پاراستنی جیاوازی لەئەوی تر، تا نەهێڵێ ببێتە بابەت و مەبەست بۆ ویست و خواستی کەسێکی تر کە پیاوە. دیارە جۆرێک لەڕەهەندی فەلسەفی رەوشتی «کانت» ی بە بۆچوونەکەی بوڤوارەوە دیارە.

من و ئەوی تر لە فەلسەفەی بوڤوار دا

پەیوەندی و ململانێی نێوان «من» و «دەوروبەر»، بۆخۆی جێگەی بێنەوبەردەیەکی فەلسەفییە. پێگەی بوونی «تاکێتی» ئێمە لەنێو هەلومەرجە

کۆمەڵایەتیەکاندا، ڕەهەندێکی بونگەرایی و فینۆمینۆلۆژی تێدایە. کاتێ «سارتەر» باس لە «خود» و «بابەت» وەک هاوکێشەیەک لەمەڕ باسکردنی «بوون» دەکات، ئاوەهاش باس لە»خود و ئەوی تر» دەکات، کە لە بەرامبەر هاوکێشەیەی سارتەردا کە»بوون»ی بۆ پیاو داناوە و «هیچبوون» یان هیچ (نەبوون) بەرامبەر بە ژن- مێینە داناوە. بەمانایەکی تر ئەوەی کە هەیە پیاوە، نێرە، ژن کە ئەوێکیترە، بوونی سڕاوەتەوە، یان لەسێبەر و هیچ و نەبووندایە. دیارە وەک سۆنیا کروکس (Sonia Kruks) لەوتارێکدا ساڵی 1995 دەڵێ: «چەقی سەرەکی کتێبی (ڕەگەزی دووەم) ئەوەیە، کە هیچ کەسێک بەژنی-ئافرەت لەدایک نابێ، بەڵکو دەبێت بە ئافرەت». دیارە ئەمە گریمانەیەکە دەشێ لێکچوونی لەگەڵ بۆچونەکەی سارتەریشدا هەبێ، کە دەڵێ: « بوون لەپێش جەهەرەوە دێ» ‹existence precede essence››، واتە بوونی مرۆڤ ئەوەیە، کەهەیەو دەبێ، نەک لەسەر بنەمای ئەوەی وەک زەروەرتێکی(سروشتێکی) پێشتر پێدراوە (pre-given necessity) و دیاریدەکرێت.

بێگومان دەشێ لێرەدا بەجۆرێک کاریگەری سارتەر هەبێ (ستانفۆرد ئینسکلۆپیدی 2001). بوڤوار مەبەستی بووە بڵێ، ئەوەی بۆتە جەوهەری ئافرەت، لەراستیدا پێدراوێکی وجودیی نییە، بەڵکو پێدراوێکی کۆمەڵایەتی-سیاسی و کلتورییە، بۆیە رزگارکردنی ئافرەت، واتە سەیرکردنی یان روانین لێی، وەک بوونێکی سەربەخۆ لەخۆیدایە، نەک جەوهەرێکە، چونکە هەمیشە «بوون» پێش جەوهەر دەکەوێ، جەوهەریش داڕشتنەیەکی کلتورییە، کە مێینە تێیدا کراوە بەئافرەت، کەواتە رزگارکردنی ئافرەت، بەرزگارکردنی بیرو هزریدا تێدەپەڕێ، لەگەڵ گۆڕینی بیرکردنەوەی پیاوان جاریکی تر، لەلایەکی دیکەوە «بوڤوار» بەشوێنپێ هەڵگرتنی فەلسەفەی «هیگل» زیاتر لەمەڕ هاوکێشەی من - ئەوی تر ئەدوێ. بۆ ئەم مەبەستە

لەروانگەی وتەیەکی بەناوبانگی «هیگڵ» کە دەڵێ «هەموو ئاگاییەک بەدوای مەرگی ئەوی تر دا دەگەڕێ» (Each conscience seeks the death of the other). لێرەدا ژن کە»ئەوی تر»ی پیاوە، هەمیشە چەوسانەوەو ژێردەستەیی دەگەڕێنەوە بۆئەوەی پیاو «بوون»ی خۆی وەک «خودێک»ی گەردونی و رەسەن داناوە، هاوکات بوونی خۆی لەنەبوونی ئەودا، ئەوی تردا (ژن) هەژمارکردووە. بەمانایەکی دیکە پیاو بەهێزیی لەلاوازی ژن دا بینیوەتەوە، کەواتە ئاگایی ژن دەبێ لێرەدا بەدوای مەرگی خود-پیاودا بگەڕێ تاخۆی ئازاد بکات، وەک چۆن پیاو مەرگی ئافرەت بەتەختبوونی کۆسپەکانی خودی خۆی دەزانێ (لێرەدا وشەی مردن بەمانایەکی میتافۆریانەیە)، بەڵام چۆن مێینە بتوانێ خۆی لەم ژێردەستییە رزگار بکات؟

ئەگەرچی «ئـازادی» رەهەندێکی ئۆنتۆلۆژی و پێشمەرجی بوونی مرۆڤە، بەڵام لەمڕۆوە بوڤوار هەر رەهەندی ئۆنتۆلۆژی ئازادی لەپەیوەندی ژن -پیاو دا باسناکات، بەڵکو رەهەندی سۆزو خۆشەویستی ژن و پیاویش وەک فاکتەر و رۆڵێکی سەرەکی لەچەوسانەوەی ژندا دەبینێ، چونکە سۆزو خۆشەویستی وابەستەیی بەرهەمدەهێنێ. هاوکات بەکارهێنانی توندوتیژی بەرامبەر ئافرەت وادەکات، کە بوڤوار جارێکی تر زەبروزەنگ لەخەباتی رزگاری و ئازادی، بەتایبەت بیری چەپگەرایی سەردەمی خۆیدا بکاتە پرسیارێک: ئاخۆ چەند توندوتیژی رێگەچارەیەکی رەوابێ؟ ئەمەو چەندین پرسیاری تر کە لەڕوانگەی فەلسەفەی بونگەرایی -فینۆمنۆلۆژیەوە لێکیدەداتەوە.

بەبۆچوونی بوڤوار ئـەوی تر وەک ئـازادێ پـارێـزراوە و مافی دەستبۆنەبردنی لەلای هێزی منەوە هەیە. ئیدی من هەرچیەکیش بکەم وەک ئاغا و سەروەرێ، کۆیلەکە بڕەتێنم، یان بڕیاری سێدارەم هەبێ، کەسێکی بکوژ هەڵبواسم، بەڵام سەرەڕای ئەمە، راستیەک هەی نابێ لەبیری بکەم، کە

ناتوانم سنور و حورمەتی «ئەوی تر» پێشێلکەم لەناخەوەڕا، چونکە ئەو وەک کەسێکی ئازاد لەبوون دا ناتوانم دەست بەسەریدا بگرم. ئیدی بەپێی ئەو دابەشکردنە دیکارتیانە، کە بۆ «ناخ» و «دەرەوە»، یان «رۆح» و «جەستە» کراوە، لای بوڤواریش ئەوە دەگەیەنێ، کەهەرگیز «من»ی باڵادەست ناتوانم لەناوجەرگەی دڵی ئازادی «ئەو» بدەم. لێرەوە، بوڤوار گەشەیەک بەچەمکی ئازادی وەک پێدراویکی ترانسندینس (transcendence) باڵابوو دەدات. ئازادی وەک «بزاوت» و جوڵەیەک لەبەرامبەر داهاتویەکی کراوە و چەند ئەگەرێکی ناسنورداردا دەبینێ. ئیدی بۆئەوەی بیسەلیمنێ کەئێمە ناتوانین لەلایەن رەهەندی زەمەنی «ئێستا» هەنووکەوە سنوردار بکرێین و ئاوەهاش ئازادیمان لەناخەوەڕا زەوتبکرێ.

کەواتە ئەوەی پێیدەوترێ«جەوهەر»، چییەتی ئازادی وەک پێدراوێکی باڵا و سەروو، یان بان-سروشتی، دەخاتە ریزی نادڵنیایی و ریسک لەژیان دا. ئافرەت بۆئەوەی ئازاد بێ، دەبێ ئەم لێکدژیەی لەنێوان ئازادی و نادڵنیایی و ریسک دایە لە بیرنەکات. ناکرێ ئێمە بێخەم ئازاد و سەربەخۆبیین، بەڵکو لەئازادی «ترانسدێنس» دا، کە هاوشانە بەنائارامی و بێئۆقرەیی دەرونی و ریسکی ژیان، ئازدای بۆخۆی بارگرانیەکی دەرونییە، بۆیە بوڤوار پێیوایە، کاتێک کە «من» خۆم لە جیهانی بەها و مانایەکدا دەبینمەوە، ئەو بەها و مانایەش لەلایەن کەسانی ترەو بەخشراوە بەجیهان، لەبەرئەوە من ئازادم لەوەی رەتیکەمەوە، یان ئەم بەهایانە بگۆرم، یان پشتگیریان لێبکەم لەجیهاندا، لەکاتێکدا ئەم بەهایانە لەخۆیاندا مانایان نییە.

ئیدی هەر ئیختارێ بکەم و هەرچۆن بێ، ناتوانم پشتگیری و پشتیوانی لێبکەم، بەبێ هاوکاری ئەوانی تر. لێرەوە بەهاکانی منماڵی خۆیان لەم جیهانەدا دەدۆزنەوە، ئەگەر کەسانی تر پێوەی پابەندبن. تەنها ئەگەر من «ئەوانی تر» قایل بکەم، بۆئەوەی بەهاکانی من ببێتە هی

ئەوانیش. دیارە جیاوازی لەنێوان «ئازادی ئینکی» و «ئازادی ئۆنتۆلۆژی» دا هەیە. ئەوەی بوڤوار نیشانی دەداٹ، ناسینی ئازادیی خۆمان کەمەرج و پێویستە، بەڵام هەلومەرجێکی تەواو نییە بۆ کردەوە رەفتاری ئاکاریانەی ئێمە. چونکە هەمیشە ئازادی ئەوی تر مەرجە بۆ ئازادی «من»، لەبەرئەوە دەبێ ئازادی بەشێوەیەکی گونجاو و دروسٹ بۆ هەموو یەکیک بەیەکسانی بەکاربهێنرێ.

## یەکسانی بەمانەوەی جیاوازییەکان

تایبەتمەندییەکی هزری «بوڤوار» لەچاو فێمێنیستەکانی تردا، ئەوەیە ئەو وەک فەیلەسوفێک کە داکۆکی لەمافی یەکسانی ژن و پیاو دەکاٹ، بەهیچ شێوەک لەوبڕوایەوە قسەناکاٹ کە چەمکی یەکسانی هاوواتای «وەک یەکبوون» بێ، واتە ژن وەک پیاوبێ. نەخێر، ئەو باس لەجیاوازیەکان دەکاٹ، بەڵام مافەکان دەبێ یەکسان بن. ئیدی نەک بەو مانایەی ژن وەک پیاوی لێبێ. پێیوایە نایەکسانی، ناعەدالەتی کارێکی ناڕەوشتییە، چونکە جیاوازی رەگەزیی دەکاتە بەهانەیەک بۆ خواردنی مافەکانی ئافرەٹ، بۆیە شاردنەوەی ئەم راستییەو تێنەگەشتن لێی، بەکارێکی نافێنۆمینۆلۆژیانە دەزانێ، واتە لەخۆیدا نەناسینی مەبەسٹ و بوونی ئافرەٹ دەگەیەنی. هاوکاٹ دژ بەو بۆچونەشە کەدەڵێ ژن و پیاو یەکسان نین، لەبەرئەوەی کە ژن بۆخۆی لاوازە، بۆیە دەڵێ بپرسین گریمانەی لاوازیی مێینە لەچیەوەو لەکوێوەو هاتووە؟ ئاخر پێوەرەکانی بەهێزی چین؟ ئایا مەبەسٹ لەبەهێزی هەبوونی ئەوپەڕی هێزی جەستەییە؟ بەڵام کام جەستە، هی مامناوەندییمان مەبەستە تابێتە پێوەرێ؟

کەواتە بیرۆکەی ئەوی تری جیاواز لەپیاو لە«هیگڵ» ەوە بەدەستکارییەوە وەرگرتووە. ئەمەش بۆئەوەی بیسەلمێنێ، کە بوونی پیاو و

ژن، بوونێکی پێش مێژووییە، واتە پەیوەستییەکی بێوێنە لەنێوان خودو ئەوی نر دا هەیە. ئیدی لەبەر پێشبڕکێ و لەو پێناوەدا ژن دەبێ «ئێمە»ی خۆی لەو پێکەوەبوونەدا بدۆزێتەوە، واتە جیاوازە، بەڵام دەبێ خاڵی هاوبەشی لەگەڵ ئەوی نری پیاودا بدۆزێتەوە. پێویستە ژن لەرووی کۆمەڵایەتییەوە دەروەست و بەخەمی جیهانیشەوە بێت، چونکە ئەو لەمانای لە «بوون خستن» باشتر ئێدەگات بەوپێیەی بەسەرخۆییدا هاتووە، هەروەها دەبێ رێگەیان پێبدرێ رێوشوێنی تایبەت بدۆزنەوە کەبتوانن لێوەی دەروستی خۆیان لەژیان دا جێبخەن، بەواتایەکی تر دەبێ ئەفسانەی «ژن بوون» لەکاربخرێ و هەڵوەشێنرێتەوە بۆ دواجار لەهزر و سیستمی بیرکردنەوەی پیاوسالارانەدا. هەتا ئەمەش جێبەجێبکرێ و ژنان رزگاربن، دەبێ بەرژەوەندیە ئابوری و سیاسیەکانیش برژێنە پرۆژە و جۆگەی رزگابوونەوەکەوە. ئەگەرچی بوڤوار پێیوایە ئازادی شتێک نییە دەستکاریی بکرێ و لێبدرێ لەخۆییدا، چونکە هێندە لەناو خۆیدا پارێزراو هەڵگیراوە، بێئەوەی هیچ کەس بتوانێ بیشێوێنێ، بەڵام خۆلادان لەریسکی پەیوەندی سۆزداری ئەگەرێکی کراوەیە، هەمیشە بۆ کۆتوبەندی ژن. هاوکات ئەمە کەبە نیشانەیەکی شکستی رەوشتی دێ لەژیان دا، پارادۆکسێکی رەوشتیشە!

### ژن لەنێوان سۆز-خویشەویستی و چەوسانەوەدا

سەبارەت بەپرسی جێندەر، کارێکی بوڤوار گرنگی دەرچوون بووە لەگوتاری باوی فێمێنیزم بە دانانی رێچکەیەکی گرنگ، کە دواتر پاش خۆی ژنە فەیلەسوفی وەک»جودیث بەتلەر»یش لەسەرهەمان بۆچوون بەردەوام دەبێ. ئەمیش پێیوایە جێندەر-رەگەز پێکهاتەیەکی کۆمەڵایەتییە، نەک بایۆلۆژی، چونکە بەرئەنجامی پرۆسەی بەکۆمەڵایەتی بوونە لەتافی منداڵیدا. تێزی گرنگی بوڤوار لەکتێبی «رەگەزی دووەم» لەوەدایە، کە دەڵی»هیچ

چارەنوسێ، کە لەلایەنی بایۆلۆژی و دەرونی و ئابوری دەستنیشانی یان پێناسەی روخساری مرۆیی مێینە ناکات، بەڵکو ئەوە شارستاینەتە کەمێینە بەرهەمدەهێنێ«. ئیدی تەنها رێگەیەک بۆ دەربازبوون لەو پێناسەی کراوە یان باشتیر بڵێین سەپێنراوە بەسەر ئافرەت دا، بەبێ هاوکاری ئەوی تر نابێ، بۆئەوەی لەدارِشتنی «تاک» یان «خود»ێتی ئافرەتدا بەشدار، تاکو ئافرەتیش ببێتە «ئەوێ»ک.

شایانی باسە «بەتلەر»یش پێیوایە بۆچوونەکەی بوڤوار لێرەدا بوونگەرایانەیە. ئیدی لەروانگەی ئەوەوە «جێندەر» لای بوڤوار بەندە بەبوون –بە، واتە وەرگەڕان بەوەی دەبێ لەکۆمەڵگەدا، نەک بەوەی کە خۆی چییە. هاوکات دەبێتە بابەتی گۆڕان و ئیختیارکردن، چونکە جەندەر پرۆسەیەکی کراوەیە بۆ کارلێک و کردەی کۆمەڵایەتی و ئیختیاری شەخسی تاک. هەر لەم گۆشەنیگاوە، کاتی بوڤوار باس لە بەرپرسیارەتی ئافرەت دەکات، لەپێناو بەرگری لەبەرامبەر حەزی وابەستەبوون لەپەیوەندی خۆشەویستیدا بەپیاوەوەو هەڵبژاردنی «ئازادی» و باڵابوون بەسەر سنوورە فیزیکی و کۆمەڵایەتی و سیاسیەکانی کۆمەڵگەدا. لێرەوە ئەو سیفەتی ئاگایی دەستنیشان دەکات کە لە «سارتەر»ە وە لەکتێبی «بوون و هیچ» دا باسکراوە، ئەویش پرسی ئیختیار و سنوورداری(کاتی) واقیع و جیهان، چونکە دەبێ خۆی بەرپرسیار بێ، کە لەکوێی سیستم و کۆتوبەندە کۆمەڵایەتیەکاندابێ.

نابێ لەبیرمان بچێ، کە بۆ باسکرنی پرۆسەی «وەرگەڕان» یا بوون بە(becoming)، سود لە فەیلەسوفی فەرەنسی «بیرگسۆن» دەبینێ. بەتایبەت لەوەدا کاتێ «بێرگسۆن» لە ئەرگومێنتێکدا دژ بە میکانیزمی دێترمینیزم – سنوداری و حەتمیەت دا، پێیوایە ئیختیاری ئازاد وەک بونێکی رەمەکی وایە لە کەسێتی یەکێکەوە کە بەراستی پرۆسەی بوون بە– بەشێوەکی لێکدانەبڕاو و نەبچڕاو ئەزمون کردبێ. هاوکات لای کەسێک کە یەکێتی لەگەڵ لەنێوان

«بەردەوامی» و «یادەوەری» دا هەبووبێ. لێرەوە ڕەهەندێکی میتافیزکی لە بوچوونەکەی بوڤوار دایـە، بەتایبەت لە چوارچێوەی ئەزمونکردنی «ئیختیار»واتە مافی هەڵبژاردن و «ئازادی» دا کەبەشێوەیەکی بیرگسۆنی کاری لەسەرکردووە، بۆیە ئافرەت تاکێکی ئازاد نییە، بەڵکو ئەندامی چینێکی چەوساوەیە، کەوەک کەسێکی نزم سەیرکراوەو لەلایەن ئاین و زانستەوە ئەوە سەپێنراوە، هەروەها بەهۆی پرۆسەی کۆمەڵایەتی و دەرونیەوە وابەستی پیاو بووە. لێرەوە سنوردار و بێبەش کراوە لە چالاکی سیاسی و ئابوری داو خزێنراوەتە چوارچێوەی یاسا و پەیمانی کۆمەڵایەتی.

**سەرچاوەکان:**

**1· Margaret A· Simons: Is The Second Sex Beauvoir›s Application (use) of Sartrean Existentialism? Southern IllinoisUniversity at Edwardsville**

**2· Stanford encyclopedia: Simone de Beauvoir: First published Tue Aug 17، 2004; substantive revision Mon Aug 16، 2010**

**3· Simone de Beauvoir، at the Philosophy pages، maintained by Garth Kemmerling**

# سیمون دی بوڤوار...
# ئەو ئافرەتەی دەربارەی
# سایکۆلۆژییەتی ئافرەت دەدوێت

عبدالباقی یوسف

لەعەرەبییەوە: هێمن مەحمود حەمە

سیمون دی بوڤوار لەڕێگای هەموو ئەو کارە فیکری و ئەدەبیانەی، کە نوسیویەتی هەوڵی ئەوە دەداتا، سایکۆلۆژییەتی ئافرەتا پیشانی دونیای پیاوان بداتا، لەلایەکی دیکەشەوە ئامادەیی پیاوان لەجیهانی ئافرەتاندا دەخاتە روو، لێرەشەوەیە نوسینەکانی (بوڤوار) بوونەتە جێگای لیکۆڵینەوەو مشتومڕ کە وەهایکردووە ئەم ژنە ئامادەییەکی فیکری و ئەدەبی هەبێتا.

بوڤوار ساڵی 1908 لەپاریس لەخێزانێکی دەوڵەمەند و باوکێکی پارێزەر، کە سامانەکەی لەجەنگی جیهانی دووەمدا دۆڕاندووە لەدایک دەبێتا، دایکی دەیویستا بوڤوارو خوشکەکەی پەروەردەیەکی کاسۆلیکانەی توندبکاتا، بەڵام بوڤوار ئەم پەروەردەیەی رەتکردەوەو لەزانکۆی (ئاکۆن نۆرمان سوپرایەر)ی فەرەنسی درێژەی بەخوێندنەکەی خۆی داو لەساڵانی 1931 تا 1943 لەزانکۆی سۆربۆن بوو بە مامۆستا.

## هاتنە ناو جیهانی ئەدەبەوە

بوڤوار حەزی لەجیهانی ئەدەب و رۆشنبیری و فەلسەفەبوو، زوو زوو سەردانی ئەو شوێنانەی دەکرد، کە ناوداران و کەسایەتییە فیکری و ئەدەبیەکانی تیادا دەبینی، هەر لەو شوێنانەدا هاوڕێی ژیانی و هاوڕێی بیرکردنەوەکانی (ژان پۆل سارتەر)ی ناسی، کە وەک خۆی دەڵێتا» ئەوە گەورەترین رووداوی سەرەکی بووە لەژیانیدا».

لەساڵی 1943 یەکەم رۆمانی خۆی بەناوی (المدعوە) نوسی، ئەمەش

سەرەتایەک بوو بۆ هاتنە ناو جیهانی ئەدەبەوە، بەڵام ناوبانگە راستەقینەکەی ئەو کاتە دەرکەوت، کە بۆچونە بوێرەکانی دەربارەی پەیوەندی نێوان ئافرەتان و پیاوان خستە روو، لەو بۆچونانەش: ئافرەت بە ئافرەتی لەدایک نابێت، بەڵکو دواتر وەهای لێدێت!.

نوسەر بە نوسینی کتێبە بەناوبانگەکەی (رەگەزەکەی دیکە 1949) مشتومڕێکی رۆشنبیری لەناوەندە زانستی و کۆمەڵایەتی و رۆشنبیرییەکانی جیهاندا دروستکرد، لەو بیروبۆچونانەش کە ئەمە نوسەرە دەیانخاتە روو:

هیچ قەدەرێکی بایۆلۆژی، یان دەروونی، یان ئابووریلەکۆمەڵگەدا بڕیار لەسەر شێوازی ئافرەت نادات، بەڵکو ئەوە شارستانییەتە بەگشتی کە ئەو مەخلوقەی لێدروستدەکات، کە پێیدەڵێن ئافرەت.

سیمۆن دەڵێت: «بەهۆی فەسڵی دایکایەتی لەکتێبەکەمدا هێرشی تایبەتیم کرایە سەر، زۆرێک لەپیاوەکان رایانگەیاند من مافی ئەوەم نییە دەربارەی ئافرەت قسە بکەم، چونکە خۆم نەمتوانیوە منداڵم ببێت، سەیرە، ئایا ئەوان منداڵیان بووە؟ ئەوان دژایەتیم دەکەن بەو بیرۆکانەی کە یەکلاییکەرەوەو قەتعی نین، ئایا وەها دەمبینن، کە هەموو بەهاکانی سۆزی دایکایەتی و خۆشەویستیم رەتکردوەتەوە؟ نەخێر، بەڵکو داوام لە ئافرەتان کردووە، کە لەگەڵ ئەو دوو بەهایەدا بەشێوازێکی ئازاد بژین، لە کاتێکدا زۆربەی جار وەک بیانوییەک بەکاریدەهێنن و دەکەونە ژێر رکێفی ئەو دوو چەمکەوە بەرێژەیەک ئەو دوو چەمکە دڵ دەهێنێنە ئێش»

هەروەها دەڵێت: «یەکێکی دیکە لەو هەڵە تێگەیشتنانەی کە لەم کتێبە وەرگیراوە ئەو بڕوایەیە، کە من هەبوونی هەموو جیاوازییەکم لەنێوان پیاوان وئافرەتاندا رەتکردوەتەوە، لەراستیدا من بەپێچەوانەی ئەو بڕوایەوە پیاوان و ئافرەتانم لەیەک جیانەکردوەتەوەو، کتێبێکم نوسیوە کە هەر بەناونیشانەکەی هەردوو رەگەزەکەم لەیەکتر جیاکردوەتەوە، بەڵام ئەوەی

من پێیگەشتوم ئەوەیە، ئەم جیاوازییانە رۆشنبیریین نەوەک سروشتی، من ئەو ئەرکەشم لە ئەستۆ گرتووە، کە چۆنیەتی دروستبونی ئەو جیاوازییانە بگێڕمەوە.

کارەکانی ئەم ژنە نوسەرە بەردەوامی هەبوو، ژیاننامەکەشی بە چوار بەش بڵاوکرایەوە:

(مذكرات فتاه الرصيف 1958)، (عنفوان الشباب 1960)، قوه الاشيا 1963) ، (موت المريح جدا 1966)، ئەم ژیاننامەیە بە مێژووییەکی راستەقینە و جەریئانەی هەموو وردەکارییەکانی ژیانی فیکری فەرەنسا دادەنرێت.

کەسایەتیەکی قورس

بوڤوار هەوڵی ئەوەی داوە، کە ئەوە روونبکاتەوە کە ئافرەت دەتوانێت شانبەشانی پیاو کاری قورس ئەنجامبدات، هەروەها دەتوانێت سەدەیەکی تەواو بەشان هەڵبگرێت، چونکە ئەو نوێنەرایەتی ئەو سەدەیە دەکات، کە تیایدا ژیاوەو تیایدا دەژی.

دەتوانرێت سەدان ئافرەت، بەڵکو هەزاران ئافرەت، لە ئافرەتێکدا کورتبکرێنەوە، چونکە ئافرەت نمونەی عەبقەرییەت و شەفافیەت و هوشیارییەو بەشدارییەکی تەواوەتی دەکات لەچالاکییە کۆمەڵایەتی و فیکری و سیاسییەکاندا.

لەمجۆرەی ئافرەت کە بەدرێژایی سـەردەم و زەمانەکان زۆر بەدەگمەن دەردەکـەوێـت، تەنانەت ئەگەر ئامادەیشی هەبێت، ڕێگای دەرکەوتنی پێنادرێت، هەر بۆیە یان بەپاڵەوانێکی نادیار، یاخود بەپاڵەوانێکی پەراوێزخراو دەمێنێتەوە.

هەر بۆیە بوڤوار داوا دەکات، ئافرەت هەوڵبدات، تاوەکو خۆی لەو پەراوێزخستنە رزگاربکات و ئامادەیی هەبێت.

بۆچونەکانی نوسەر بەرۆشتنە ناو تەمەنەوە زیاتر گەشەیانکرد،

بۆیە زیاتر پەیوەستبوو بەسارتەرو خۆشەویستیەکەیەوە، لەهەمانکاتیشدا پیریەتییەکەی نیگەرانی دەکرد، هەربۆیە ساڵی 1970 کتێبی( ژنە پیرەکە)ی نوسی کە تیایدا دەڵێت:

هەق وایە پیرییەتی نەوەک مردن بەرامبەر بە ژیان بەراوردبکەین ، پیرییەتی کۆپییەکی گاڵتەئامێزی ژیانە، لەکاتێکدا ئەوە مردنە کە ژیان دەکاتە چارەنوس.

لەرۆمانی (المدعوە)دا دەنوسێت:» زەوی بە وەهمە تێکشکاوەکان چێنراوە، ئەو تێکشکانەی ژیانە تایبەتیەکەمی بێزارکردووە ئەم رۆمانەی دروستکردووە».

دەتوانرێت (سیمون دی بوڤوار) بەیەکێک لەوانە دابنرێت، کە رۆڵێکی گرنگی گێڕاوە لەچەسپاندنی چەمکە شارستانییە تازەکان، لەبنیاتنانی کۆمەڵگەی فەرەنسی هاوچەرخدا، هەروەها وەهایکردووە کە ئافرەت زیاتر پایەی کۆمەڵایەتی بەدەستبهێنێت و دان بەتواناکانیدا بنرێت و جیاواز سەیربکرێت.

ئەوەی گومانی تیادانییە ئەوەیە (بوڤوار) بەهۆی نوسینەکانیەوە دەربارەی تایبەتمەندێتی ئافرەت ، بەفەرەنسی و بەهەموو زمانە زیندووەکانی دونیا دەخوێندرێتەوە .

دەربارەی رۆمانی (رۆشنبیران) بوڤوار دەنوسێ: بەپێچەوانەی ئەوانەی بە هەڵە رۆمانی (رۆشنبیران) بەرۆمانی کلیلەکان ناو دەبەن، من رقم لەو رۆمانانەیە وەک کلیلێک وەهابێت، من بانگەشەی ئەوە ناکەم، کە (رۆشنبیر) خاوەن فیکرەیەکی دیاریکراو بێت، چونکە رۆمانی خاوەن فیکرەیەکی دیاریکراو حەقیقەتێکی دیاریکراو دەسەپێنێت، کە هەموو حەقیقەتەکانی دیکە دەسڕێتەوەو بازنەی ناڕازیبون و گومانە تەواونەبووەکان تێکدەشکێنێ.

بەڵام من لێرەدا چەندین جۆرە ژیانی دوای جەنگم خستوەتە روو، بێ ئەوەی پێشنیاری چارەسەر بخەمە روو بۆ ئەو کێشانەی، کە پاڵەوانەکانم نیگەران دەکەن.

لەبارەی رۆمانی (خوێنی ئەوانی دی) بوڤوار دەنوسێت: «بابەتی خوێنی ئەوانی دی وەک باسمکردووە دژییەکیەکی ئەو ژیانەیە، کە لەسایەی ئازادیدا تیادا ژیاوم، ئەوانەی کە نزیکبوون لێمەوە بەشێکی سادە تەماشایانکردووە».

بەڵام مەبەستەکانی من خەڵکی بەچاکی پێیاننەگەشتووە، هەندێک رۆمانەکەیان بە رۆمانی بەرگری تەماشاکردووە، هەندێکی دیکەش وەک رۆمانێکی وجودی، ئەم وشەی دواییان هاوشانی کارەکانی من وسارتەر بەشێوەیەکی ئالی رۆشتووە.

**لەنێوان بوڤوار و سارتەردا**

بوڤوار رۆشتە زانکۆی سۆربۆن و گەنجێکی ناسی، کە تا دواین ساتەکانی ژیانی کاریانکردوو لەیەکتری جیانەبوونەوە.

ئەم تەمەنی بیست ویەکساڵان و گەنجەکەش تەمەنی بیست و چوار ساڵان بوو، هەردووکیان پێکەوە فەلسەفەیان دەخوێندو هەوڵیاندەدا لەماوەیەکی زەمەنی کورتدا، بوارێکی تازە لەبیرکردنەوەدا بدۆزنەوە.

لێرەدا حەزدەکەم ئەوە بڵێم ئەوەی سارتەرو بوڤواری بەیەکەوە کۆدەکردەوە لەفیکر، بەهێزتربوو تا عاتیفە، تەنانەت عاتیفەکەش هەڵقوڵاوی پەیوەندییە فیکرییەکانی نێوانیانە، چونکە بوڤوار تا دواین سنور سەرسامبوو بە فیکری سارتەر، هەر لەسەرەتاشەوە سارتەر توانی کەسایەتی خۆی بەسەر بوڤواردا بسەپێنێت، ئەم نوسەرە ئافرەتە یەکەمین ساتی بینینی سارتەر ئاوا دەگێڕێتەوە: «ئەوە یەکەمین جاربوو چاوم بکەوێت بە مرۆڤێک، کە

لەبەرامبەریدا هەست بە سەرگەردانی بکەم».

لەکاتی جەنگی جیهانی دووەمـدا، پەیوەندییەکی بەهێزی هەبوو بەسارتەرو بزوتنەوەی بەرگرییەوە، بەڵام هەرگیز رێگای نەدا لەبەرامبەر سارتەردا تایبەتمەندێتی و کەسایەتی خۆی لەدەستبداث، سەرەڕای هەموو سەرسامی و پەیوەستبونە فیکری و رۆحییەکانی پێوەی.

بوڤوار خۆی خاوەنی ناوبانگێکی ئەدەبی گەورەبوو ، تەنانەث بەر لە 10 ساڵ پێش ئەوەی سارتەر خەڵاتەکە بباتەوە، ئەم بەهۆی رۆمانی (پیاوانی فیکر) ساڵی 1954 بەرزترین خەڵاتی فەرەنسای وەرگرث، کە ئەویش خەڵاتی (کۆنکۆر)ە.

ساڵی 1958 وەک سەرۆکی رابیتەی فەرەنسی بۆ مافەکانی مرۆڤ هەڵبژێردرا.

بوڤوار دەربارەی پەیوەندی خۆی بە سارتەرەوە دەنوسێث: «لەراستیدا من هێندەی ئەوەی پەیوەستبووم بە سارتەرەوە، هێندەی ئەوەش دووربووم لێیەوە، پەیوەندییەکانی ئێمە جەدەلی بوو، هەندێکجار هەستمدەکرد لەدوورییەکی نامەعقولەوە بووم لێیەوە، هەندێکجاریش وام هەستدەکرد من نیوەکەی دیکە ئەوم، من بە ئەوم دەبەخشی و ئەویش بەمن، بەدڵنیاییەوە من شوێنکەوتوی ئەو نەبووم.

سارتەرش لەلایەن خۆیەوە بە (سیمون دی بوڤوار)ی دەوث ئەو زیرەکی پیاوو هەستیاری ئافرەتی لەخۆیدا کۆکردبویەوە.

بوڤوار تا کۆتایی تەمەنی سارتەر لەگەڵیدا مایەوەو چاودێریکرد، تاوەکو سارتەر لەساڵی 1980دا کۆچی دوایی کرد.

بوڤوار بڕیارییدا لەو باڵەخانەیەدا نیشتەجێببێث کە دەیڕوانی بەسەر ئەو گۆڕستانەی کە سارتەری تیادا نێژرابوو، وەسیەتیشی کردبوو، هەر لەو گۆڕستانەدا بنێژرێث.

وەک چۆن سەرەتای ژیانی لەگەڵ سارتەردا دەستپێکرد، بڕیاریشدا کۆتاییەکەی بە کتێبێک لەسەر سارتەر کۆتایی پێبهێنێت، هەربۆیە کتێبی (ماڵئاوایی سارتەر)ی لەساڵی 1981 دا نوسی، کە چەندین نهێنی لەسەر ژیانی سارتەر تیادابوو، کە پێشتر نەزانراوبوو، وەک خۆی دەڵێ ئەمە دواین دیارییە، کە پێشکەشی پیاوێکی دەکات، هەموو ژیانی لەگەڵیدا بەسەر بردبوو.

بوڤوار دەربارەی کتێبی (ماڵئاوایی سارتەر) دەنوسێت: «ئەو پیاوێکی راستەقینەی وەهابوو، کە دەیزانی چۆن بەدوای حەقیقەتدا بگەڕێت و چۆنیش پێوەی پەیوەستبێت، کاتێک ئەم کتێبەم دەنوسی، دڵنیابووم لەوەی ئەمە باشترین شتێکە پێشکەشی پیاوێکی بکەم، کە تاوەکو ئێستاش زیندووە، ئەو لایەنەی ژیانی سارتەرم ئاشکراکردووە کە خەڵک دەیەوێت ئاگاداری بێت، فەلسەفەی سارتەر گوزارشتێکی ئیمپراتۆرییانە نییە لە بۆچونێک، کە لەویژدانی کەسێکدا ئامادەیی هەبێت، بەڵکو رۆشتنە ناو ناخی خەڵکەوەیە.

لەم کتێبەدا هەوڵمداوە هەندێک لایەنی نەناسراو لەژیانی ئەودا بخەمە روو، بۆئەوەی بلیمەتییەکانی عەقڵی ئەو فەیلەسوفە بە دەربخەم.

هەربەتەنها خوێندنەوەی سارتەر بەس نییە بۆ ئاشنابوون بە سارتەر، بەڵکو دەبێت نوسراوەکانی بوڤواریش بخوێنینەوە، بۆ ئەوەی باشتر لەسارتەر تێبگەین، هەروەک چۆن پێویستمان بە خوێندنەوەی سارتەریشە، بۆ ئەوەی لە بوڤوار تێبگەین، تەنانەت ئەوە شتێکی زۆر قورسە ئەگەر بێتو باس لەیەکێکیان بکەین، بێ ئەوەی باسی ئەوەکەی دیکەیان بکەین، بوڤوار شوێن پەنجەی ژنێکی بەجێهێشت، کە زۆر ژیا و زۆری نوسی و زۆریش جیاوازبوو.

**سەرچاوە:**

عبدالباقی یوسف، سیمون دی بوفوار، الکتابە الژی تحدپث عن سیکولوجیە المراە، تشرین اونلاین

## ڕۆژمێری ڕوداوە گرنگە فەلسەفییەکان

| ساڵ | زانیاری |
|---|---|
| سەدەی شەشەمی پ. ز. | سەرەتای فەلسەفەی ڕۆژئاوا لەگەڵ تالس ملتی. |
| کۆتایی سەدەی شەش پ.ز. | مردنی فیساگۆرس. |
| 399 پ. ز. | سوقرات لە ئاتن (یۆنان) مەحکوم بە مردن دەکرێت. |
| 387 پ. ز. | ئەفلاتوون «ئەکادیمی» یەکەم زانکۆی جیهانی لە ئاتن (یۆنان) دامەزراند. |
| 335 پ. ز. | ئەرستۆ (لوکیون) خوێندنگەی ڕکابەری ئەکادیمی لە ئاتن (یۆنان) دامەزراند. |
| 324 ز | کۆنستانتینی ئیمپراتۆر، پایتەختی ئیمپراتۆریەتی ڕۆمی لە بیزەنت، دەگوازێتەوە. |
| 400 | ئاگوستینی پیرۆز دانپێدانانەکانی دەنوسێتەوە. فەلسەفە کێش دەکرێتە ناو ئیلاهیاتی مەسیحەوە. |
| 410 | تاڵانکردنی ڕۆم بەدەستی (ویزیگوت)ەکان، هەواڵی سەرەتای (سەدەی تاریکی) دەدات. |

| زانیاری | ساڵ |
|---|---|
| داخستنی ئەکادیمیا لە ئاتن (یۆنان) بە فەرمانی ئیمپراتۆر (یوستی نیان) کۆتایی بە بیری یۆنانی دێنێت. | 529 |
| تۆماس ئاکویناس شیکردنەوەکانی ئەرستۆ دەنەخشێنێت. سەردەمی حیکمەتی وانەبێژی. | ناوەندی سەدەی 13 |
| روخانی بیزەنت بەدەستی تورکەکان و کۆتایی ئیمپراتۆریەتی بیزەنت. | 1453 |
| کۆلۆمبۆس دەگاتە ئەمەریکا. ڕێنیسانس لە فلۆرانس و دوبارە روکردنە زانستی یۆنانی. | 1492 |
| کۆپەر نیک (لەبابی گەڕانی تەنە ئاسمانیەکان) بڵاودەکاتەوە و بەبیرکاری دەیسەلمێنێت زەوی بەدەوری خۆردا دەسوڕێتەوە. | 1543 |
| کڵێسا، گالیلو ناچار دەکات تیۆری ناوەند بوونی خۆر ئینکار بکات. | 1633 |
| دیکارت، (رامان)ی بڵاوکردەوە کەسەرەتای فەلسەفەی نوێیە. | 1641 |
| مردنی (سپینوزا) بڵاوبونەوەی (رەوشتەکان) دەرەخسێنێت. | 1677 |
| نیوتن بەبڵاوکردنەوەی (یاساوڕێسا) تێگەیشتنی کێشکردنی خستەڕوو. | 1687 |
| لۆک، (وتاری لەبابی تێگەیشتنی مرۆڤ) بڵاوکردەوە، سەرەتای ئەزمونگەرایی. | 1689 |
| بێرکلی رەگوریشەی زانستی مرۆڤایەتی بڵاودەکاتەوە و چوارچێوەیەکی نوێ بە ئەزمونگەری دەبەخشێت. | 1710 |
| مردنی لایبنز. | 1716 |

| زانیاری | ساڵ |
| --- | --- |
| هیوم (نامەی لە سروشتی مرۆڤایەتی) بڵاودەکاتەوە و ئەزمونگەری تا سنوری لۆژیک بەرەو پێش دەبات. | 1739 |
| کانت، بەخەبەر هاتوو لە خەو بە یارمەتی (هیوم)، (رەخنەی هزری پاک) بڵاودەکاتەوە. سەردەمی فەلسەفەی گەورەی ئەڵمانی دەستپێدەکات. | 1781 |
| هیگڵ (دیاردەناسی Phenomenology هـزری) بەرزترین فەلسەفەی تیۆری ئەڵمانی بڵاوکردەوە. | 1807 |
| شۆپنهاور (جیهانی وەک ئیرادە و وێنا)ی بـڵاوکـردەوە و فەلسەفەی هیندی لە فەلسەفەی تیۆری ئەڵمانی پێشنیار دەکات. | 1818 |
| کاتێک نیتچە رایگەیاندبوو (خوا مردووە) لە (تۆرین) تووشی نەخۆشی دەروونی دەبێت. | 1889 |
| وینگنشتاین (نامەی لۆژیکی ـ فەلسەفی) بڵاودەکاتەوە کە داواکاری وەڵامی کۆتایی بۆ بابەتە فەلسەفیەکانە. | 1921 |
| بازنەی ڤین پۆزەتیڤیزمی رەهـا پێشنیار دەکـات. 1927 هایدگەر (هەستی و کات)ی بڵاوکردەوە کە هەواڵی لاواز بونی فەلسەفەی شیکاری و ئەوروپی دەگەیەنێت. | دەیەی 1920 |
| سارتەر (بون و نەبون «هەستی و نیستی») بڵاودەکاتەوە کە پەرە بە ئەندێشەی هایدگەر دەدات و ئەگزیستانسیالیزم Existentialism بەرێدەخات. | 1943 |
| بڵاوکردنەوەی دوای مردنی (لێکۆڵینەوە فەلسەفیەکان)ی وینگنشتاین. بەرزترین قۆناغی شیکاری زمان. | 1953 |

## له بەرهەمه چاپکراوەکانی دەزگای ئایدیا

| | ناوی بەرهەم | نوسەر | وەرگێڕ | ساڵی چاپ |
|---|---|---|---|---|
| 1 | ئاشنابوون بە ئەفلاتوون | رێباز مستەفا | | 2014 |
| 2 | ئاشنابوون بە سپینۆزا | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 3 | ئاشنابوون بە کیرگە گۆر | شۆرش مستەفا | | 2014 |
| 4 | ئاشنابوون بە شۆپنهاوەر | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 5 | ئاشنابوون بە کارل پۆپەر | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 6 | ئاشنابوون بە ئالان تۆرین | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 7 | ئاشنابوون بە سوقرات | لوقمان رووف | | 2014 |
| 8 | ئاشنابوون بە ئەرستۆ | رێباز مستەفا | | 2014 |
| 9 | ئاشنابوون بە قەشە ئاگۆستین | سەرهەنگ عەبدولرەحمان | | 2014 |
| 10 | ئاشنابوون بە جان جاك رۆسۆ | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 11 | ئاشنابوون بە دیڤد هیوم | مستەفا زاهیدی | | 2014 |
| 12 | ئاشنابوون بە نیچە | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 13 | ئاشنابوون بە فرۆید | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 14 | ئاشنابوون بە جۆن لۆك | عەتا جەمالی | | 2014 |
| 15 | ئاشنابوون بە لینین | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 16 | ئاشنابوون بە ئەریك فرۆم | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 17 | ئاشنابوون بە قوتابخانەی فرانکفۆرت | عوسمان حەمە رەشید | | 2014 |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 18 | ئاشنابوون بە بزوتنەوەی فیمینیزم | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 19 | بلیمەتی و  شێتی | بازگر | | 2014 |
| 20 | ئاشنابوون بە کریشنا مۆرتی | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 21 | ئاشنابوون بە سکیۆلاریزم | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 22 | ئاشنابوون بە سیمۆن دیبۆڤوار | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 23 | ئاشنابوون بە ڤێرجینیا وۆلف | لوقمات رووف | | 2014 |
| 24 | ئاشنابوون بە یۆرگن هابرمانس | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 25 | ئاشنابوون بە درێدا | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 26 | مەکری ئیسلامییەکانی کوردستان | ماجد خەلیل | | 2013 |
| 27 | کتێبی سور | ماو تسی تۆنگ | فازل حسێن مەلا ڕەحیم | 2014 |
| 28 | سەیران بۆ سەرێکانی | ستران عەبدوڵڵا | | 2014 |
| 29 | گەندەڵی | | سابیر عەبدوڵڵا کەریم | 2014 |
| 30 | یوتۆپیا | کۆمەڵێك نوسەر | پێشەوا فەتاح | 2015 |
| 31 | لە قەندیلەوە بۆ کۆبانێ | ئەنوەر حسێن<br>شۆڕش مستەفا | | 2015 |
| 32 | پریسترۆیکای بەهاری عەرەبی | ئەنوەر حسێن<br>(بازگر) | | 2015 |
| 33 | گەشتە بێ ئاکامەکانی سەرکردەیەك | بریتا بولەر | ڕێکەوت ئیسماعیل | 2015 |
| 34 | داعش و داعشناسی | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 35 | گروپی قەیرانی چارەسەری پرۆسەی ئاشتی نێوان تورکیا و پەکەکە | ماجید خەلیل | | 2015 |
| 36 | گۆڕینی رژێم و شۆڕشەکان ئەو روداوانەی سیستمی سەدەیەکیان سڕییەوە | سەجعان میلاد ئەلقزی | سابیر عەبدوڵڵا کەریم | 2015 |
| 37 | ئاشنابوون بە بێرکلی | ئەرسەلان حەسەن | | 2015 |
| 38 | ئاشنابوون بە باشلار | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 39 | ئاشنابوون بە دیکارت | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 40 | ئاشنابوون بە هایدگەر | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 41 | ئاشنابوون بە جیل دۆلۆز 1 | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 42 | ئاشنابوون بە جیل دۆلۆز 2 | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 43 | ئاشنابوون بە هانا ئارێنت | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 44 | ئاشنابوون بە هیگڵ | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 45 | ئاشنابوون بە سارتەر | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 46 | ئاشنابوون بە نیچە | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 47 | ئاشنابوون بە ڤۆڵتێر | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 48 | ئاشنابوون بە سلاڤۆی ژیژەك | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 49 | ئاشنابوون بە مارکس 1 | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 50 | ئاشنابوون بە مارکس 2 | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 51 | ئاشنابوون بە مارکس 3 | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 52 | ئاشنابوون بە مارکس 4 | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 53 | ئاشنابوون بە مارکس 5 | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 54 | ئاشنابوون بە مارکس 6 | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 55 | ئاشنابوون بە مارکس 7 | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 56 | ئاشنابوون بە مارکس 8 | جەلال حەمید | | 2015 |
| 57 | بۆچی مارکس لە سەرحەق بوو؟ | تێری ئیگڵتۆن | پێشڕەو محەمەد | 2015 |
| 58 | خەوتن لەگەڵ شەیتان | رۆبێرت بایەر | ئەرسەلان حەسەن | 2015 |

| | | | |
|---|---|---|---|
| 59 | ئاشنابوون بە فیورباخ | کۆمەڵێك نوسەر | 2015 |
| 60 | ئاشنابوون بە تۆماس مۆر | وریا غەفووری | 2015 |
| 61 | ئاشنابوون بە شۆپنهاوەر | کۆمەڵێك نوسەر | 2015 |
| 62 | ئاشنابوون بە گرامشی 1 | ئەرسەلان حەسەن | 2015 |
| 63 | ئاشنابوون بە گرامشی 2 | ئومێد عوسمان | 2015 |
| 64 | ئاشنابوون بە ئەرستۆ | کۆمەڵێك نوسەر | 2015 |
| 65 | ئاشنابوون بە دیموکراسی | کۆمەڵێك نوسەر | 2015 |
| 66 | ئاشنابوون بە ئەلبێر کامۆ 1 | کۆمەڵێك نوسەر | 2015 |
| 67 | ئاشنابوون بە ئەلبێر کامۆ 2 | کۆمەڵێك نوسەر | 2015 |
| 68 | ئاشنابوون بە ئەلبێر کامۆ 3 | مستەفا زاهیدی | 2015 |
| 69 | ئاشنابوون بە ئەرکون | د.نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد | 2015 |
| 70 | ئاشنابوون بە فۆکۆ | جەبار ئەحمەد | 2015 |
| 71 | ئاشنابوون بە ئەکیونی | ماجید خەلیل | 2015 |
| 72 | ئاشنابوون بە ئەنگڵس | ئارۆ هەورامی | 2015 |
| 73 | ئاشنابوون بە جۆن ستیوارت میل 1 | کۆمەڵێك نوسەر | 2015 |
| 74 | ئاشنابوون بە جۆن ستیوارت میل 2 | کۆمەڵێك نوسەر | 2015 |
| 75 | ئاشنابوون بە جۆن ستیوارت میل 3 | کۆمەڵێك نوسەر | 2015 |
| 76 | ئاشنابوون بە جاك لاکان | کۆمەڵێك نوسەر | 2015 |
| 77 | ئاشنابوون بە لایبنتز | کۆمەڵێك نوسەر | 2015 |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 78 | ئاشنابوون بە میکاڤیلی | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 79 | مارکس کێ بوو؟ | د. عبدلعلی مقبل | مەجید مارابی  جەواد حەیدەری | 2015 |
| 80 | حَركة الحَداثة في الشِعر الكُردي | د. سَرْوَر عَبدُالله | | 2015 |
| 81 | فیتنە | هشام جعیط | سابیر عەبدوڵڵا کەریم | 2015 |